فەرهەنگی

دەنگارە

فەرهەنگێکە تایبەتە بە بنزاری خۆشناوەتی

DENGARE

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

موحەممەد جەمال توتمەیی

چاپی دووەم بەبژارکردن و زیادکردنەوە
2024

فەرهەنگی دەنگارە

بریتیە لەبن زاری خۆشناوەتی

نووسین و ئامادەکردنی

محەمەد جەمال تونمەیی

چاپی دووەم - ٢٠٢٤

زیادەکراو و بژارکراو

فەرهەنگی دەنگارە

بریتیە لەبن زاری خۆشناوەتی

❁ نووسینی| محەمەد جەمال تۆمەیی

❁ پێشەکی| د.ئیدریس عەبدوڵڵا

❁ پێداچوونەوە| شاسوار هەرشەمی

❁ نەخشەسازی ناوەوە| موحەممەد حوسێن خەتی

❁ بەرگ| ئەحمەد عەدنان تۆمەیی

❁ تیراژ| ٥٠٠ دانە

❁ چاپ| دووەم - ٢٠٢٤

❁ قەبارە| ١٤ سم × ٢١ سم

❁ لاپەرە| ٢٠٤

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارە سپاردنی (٣٥٠) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

لەبارەی فەرهەنگ سازیەوە

کاری فەرهەنگ سازی ، یان نووسینەوەی فەرهەنگ ،یەکێکە لەکارە ناوازەکان ، لە مێژەوەیەو بەتایبەت لەم سەدەیەی ڕابردوو، گرنگی زۆری پێ درا ، ئەمەش دیارە لەبەر فراوانبوونی بووارەکانی مەعریفە بوو،کە زانیاریەکان لە ملیۆنەها تێیانپەڕاند و بووارەکانی زانستی پراکتیکی دەوڵەمەندتربوون و چەندین بابەتی دیکەش،کەلەکۆندا وەکوبابەتێکی لاوەکی سەیری دەکرا،لەم سەدەیەی پێشوو،بەهۆی زۆرکورتبوونەوەو کارکردن لەسەری،وەکو زانستێك ناسێنراو بەم هۆیەوە بووارێکی دیکەی فراوانی زانستی بەناوی (زانستە مرۆڤایەتییەکان)سەری هەڵدا،لەم سەین و بەینە فەرهەنگیش ڕۆژ بە ڕۆژ دەبووە باسێکی پێویستتر لە جاران و ئیدی لە گەڵ بوواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زانستە جۆراوجۆرەکانی پزیشکی و دەرمانسازی و کیمیا و ئەلیکترۆن و گەردووتناسی و دەروونناسی و زمان و داب و نەریت و کەلتوری میللەتان و .....هتد فەرهەنگ دانران،ئەو فەرهەنگانەش بوونە بۆگەڕاوە (مەرجەع)ێکی بەسوود بۆخوێنەران و بەباشی لە نێو کتێبخانە گشتی و تایبەتییەکان هەڵگیران و شوێنی تایبەتیان پێ درا.

هەندێ فەرهەنگی گرنگ

کاری فەرهەنگسازی ، کەخۆی کارێکی ناوازەیە ،ئەوەشی ئامادەی دەکات و دەینوسێ ،هەر دەبێ ناوازەو لێهاتوو بێ ،تەنانەت زۆر جاریش لەکاری تاکەکەسی دەردەچێت و دەبێتە کاری لیژنەیەکی پشۆرو گەورە ،چونکە بەکۆبوونەوەی کۆمەڵێك بیرو ئەقڵی دەوڵەمەند، فەرهەنگەکە دەوڵەمەندترو بەپێزتر دەبێت و سودی باشتری دەبێت بۆ خوێنەر ،نمونەی ئەوە لە چوار کاری دیاریکراو کورتدەکەمەوە:

یەکەمیان:(مونجیدی لوغەو ئەعلام)ە، کە لەلایەن دەزگایەکی نێودەوڵەتی گەورەی بەریتانی ئامادەکراوەو ساڵانە شتی نوێی بۆ زیاد دەکرێ و چاپی نوێی دەخرێتە بازارەکان.

دووەمیان:(ئەلمەوسوعە ئەلعەرەبیە ئەلمویەسسەرە) کە بە هەزاران سەرەباسی تیایەو لەلایەن سەدان نوسەرو زانای پسپۆڕی عەرەبیەوە نوسراوە.

سێیەمیان : (مەوسوعەی هەولێر) کە لەو ساڵانە ئامادە کراو بە قەڵەمی دەیان نوسەری کوردستان لە دە بەرگ دا خرایە بەردەستی خوێنەران.

چوارەمیان : (زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد) ،کەلەلایەن دەستەیەکی پسپۆڕی کۆڕی زانیاری کوردەوە لە هەفتاکان ، دەیان زاراوەیان نوسی و لە گۆڤارەکەی کۆڕ بڵاویان کردەوە .

فەرهەنگی دەنگارە

ئەم فەرهەنگە لەلایەن برای بەڕێز (محمد جمال توتمەیی) ئامادە کراوەو ، وەکو لەسەر بەرگی نوسراوە : (بریتییە لەو بن زارانەی کە لە خۆشناوەتی بەکاردێن) ئەوەش لەبەر دوو هۆ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە:

١ـ کۆمەڵێ ناوو ووشەو بن زاری خۆشناوەتی شەرح و ڕاڤە دەکات و بۆ فەرهەنگی گەورەی زمانی نەتەوەیی کوردیان دەپارێزێت، چونکە زمان وەکو دارستان وەهایە ،بەردەوام دارە کۆنەکانی لەناودەچن و لق و پۆپی نوێیان بۆ دروست دەبێت ، ئیدی نەوەی نوێ داروبرەختە کۆنەکانی لەبەر چاو وون دەبێ و ئاگای لێیان نابێ ، کە ڕۆژگارێك ئەوانیش هەبوون ..بەهەمان شێوە نەوەی نوێ ئاگای لەو ووشەو ناوو زاراوانەش نامێنێ ، کە لە ولآتەکەی خۆی و لەشارو ناوچەکەی خۆی ،ڕۆژگارێك زووتر باوك و باپیرانی بەکاریان هێناوەو بیرو ڕۆشنبیری و داب و نەریت و پێویستیەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئەدەبی و بژێوی و کشتوکاڵ و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی خۆیانیان پێ مسۆگەر کردوون.

٢ـ ئەو فەرهەنگە یەکێك نووسیویەتی ، کەلەخۆشناوەتی چاوی هەڵێناوەو بە شیرو دۆی خۆشناوەتی گۆش بووەو لە ژێر سێبەری دار چنارو بەڕوو و توەکانی خۆشناوەتی یاری کردووەو لە بناری شاخەکانی گەورەبووە لەنێو گوندو کێڵگەو سەیرانگاکانی گوێیگرتوەو ئاخاوتووە ..ئەوەش کەواتە نووسەرەکەی ئاگاداری

شتەکانی ئەو ناوچەیەیەو لەڕووی زانیاریەوە زۆری پێیە ،جیاوازە لە کەسێکی دیکەی ناوچەیەکی دیکە ، کەبەزەوق یان لەبەر پێویستی نامەیەکی ئەکادیمی ڕوو لە خۆشناوەتی بکات و بێ زانیاری پێشوەختە لەسەر ناوچەکەو زمان و بیرکردنەوەو ئەدەبیاتیان ، لە سفرەوە دەست پێبکات ئەوەی بەرگوێی کەوت تۆماری بکات و ئەوەشی بۆی دەرنەکەوت فەرامۆشی بکات.

شێوازی نووسەر لەو فەرهەنگەدا

١- لەو فەرهەنگەدانووسەر هاتووە ، بەپێی ئەلف و بای زمانی کوردی وشەکانی دابەش کردووە ،هەرجارەی وشەیەکی هێناوە ، کەلە سنووری ئەو پیتەیە ، کەکاری لەسەر دەکات.

٢- هەرجارەی وشەیەك هاتبێ ، لەدوای وشەکە راڤەو واتای وشەکەو بوواری بەکارهێنانەکەی نووسراوە ، بۆ نموونە :

(ئەپەسمێ) ئەو بن زارەیە ئێستاش زۆر بەکاردێ ،لە زۆربەی گوندەکان ماوە ،مەبەست لەو زاراوەیە ئەوەیە :

کەسێك بە خۆی مەدحی خۆی بکات ، ئەڵێن تەماشای بکە ، لەکۆڕو مەدریسان بە خۆی خۆی ئەپەسمێ،واتا لە کۆڕو مەجلیسان بەخۆی مەدحی خۆی دەکات ، بێ ئەوەی شەرم بکات، خۆی ئەپەسمێ).

ئوز هۆکارانەی ئەو فەرهەنگە بەسوود دەکەن :

١–ئەو فەرهەنگە هەندێ وشەو بن زاری تیایە ، دەشێ بۆ زمانی ستان دەری کوردی سوودی لێوەربگیرێ ،شوێنی وشەیەکی بیانی پێ پڕ بکرێتەوە ،بۆ نموونە :

هەتا ئێستا لەوزەتێن وەکوو ناوی یەك لە نەخۆشیەکانی قوڕگ بەکار دەهێنرێ ،بەلاّم لەم فەرهەنگە بینیم ،ئەوان لە خۆشناوەتی وشەی (ئاوەنێسە) لەجیاتی وشەی (لەوزەتێن) بەکار دێنن ،هەروەکوو نووسراوە :

ئاوەنێسە : وشەیەکی رەسەنی خۆشناوەتیە ،بەواتای لەوزەتێن دێت ،ئەگەر یەکێك لەوزەتێنی بێ ،ئەڵێن ئاوەنێسەی هەستاون .

٢– گوندەکان و گژو گیاو فرمانەکان و کردارەکان و خوو و خدەو بەرهەمە خۆماڵیەکان زۆربەی شتەکانی دیکەی خۆشناوەتی بەخوێنەر دەناسێنێ ،بۆ نموونە :

–ئاژگە :گوندێکە سەربە پیرمامە .

–چەپرەك :یەکێك زۆر بەناو ساڵداچووبێت و کاری پێنەکرێ.

– قەپۆز: ئەو بەرزایی یەی پێشەوەی کورتانی ولاّخ ،پێی دەگوترێ قەپۆز.

–چەنە: دارمانی زەوی .

– کۆراو : کانیە ئاوێك ، ئاوی کەم بێت .

– هوولە : ئەگەر ماڵێك منداڵیان زۆربێ ،پێی دەڵێن هوولە .

*– هەرمان : ئەگەر یەکێك خەوی لێنەکەوێ ،خەوی بزڕێ ، ئەڵێ (ئەمشەو خەوم لێهەرماو خەوم لێنەکەت .

– گۆڕین : واتا کەسێ کە ئامادە نەبێ (غائیب) بێ ،

٣– ئەم کارە کارێکی خۆماڵییە و خزمەت بە کەلتووری نەتەوەیی دەکات ،جیاوازە لەهەر کارێکی دیکە ،کەلەدوورو نزیکەوە پەیوەندی بەبیرو کەلتوورو مێژووی دوورو نزیکی کوردەوە نەبێ.

دوا وشەم

لەکۆتایی دا دەست خۆشی لەبرای ئازیزم کاك محەمەد جەمال توتمەیی دەکەم ،هیوای ئەوەی بۆ دەخوازم ئەو کارەی وەکوو دامەزراوەیەك لێ بکات ، بەردەوام وشەو زاراوەی نوێی بۆ زیاد بکات ،بۆ ئەوەی هەموو چەند ساڵێك کە چاپی دەکاتەوە چاپە نوێیەکە زیاد کراو و دەوڵەمەند تر بێ لەچاپەکەی پێشووی ، چونکە کاری وا گەورە بەتەنیا جارێك کارکردن تەواو نابێ و بێگومان زۆر شتی لەبیر دەکرێت .

د. ئیدریس عەبدوڵلا
مامۆستالەبەشی کوردی
کۆلیژی زمان /زانکۆی صلاح الدین

چەند پەیڤێك

نووسین لەبواری فەرهەنگ نووسین دا ، هەروا كارێكی هێندە ئاسان نیە، بەڵكوو تابڵێی قورسەو دەبێ زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ دا بكەی ، بۆ ئەوەی بەرێكی ئەوەی مەبەستتە بیگەینیە كەناری ئارامی و دڵنیابی ، كە مەبەستەكەت پێكاوە .

لە چاپی یەكەمی ئەم فەرهەنگەدا ، توانیمان دارێك لەسەر بەردێك دا دابنێین ، بەڵام سروشتی فەرهەنگ نووسین وایە ، دەبێ ماوە ،بابەتەكانی بژار بكەی و شەن و بێژی بكەی و وشەو بنزارو دەستەواژەی لەیاد كراو ، سەرلەنوێ بۆی زیاد بكەی .

من لێرەدا زۆر سوپاسی بەرێز (د.ئیدریس عەبدوڵلا)مامۆستای زمانی كوردی لە زانكۆی صلاح الدین بكەم ، زۆر هانی دام كەوا هەوڵ بدەم زیادەكراو و بژار كردنی بۆ بكەم ،وەزۆر لە هاورێیانی تریشم هانیان دام كەوا چاپی دووەمی بۆ بكەمەوە.

هەرگیز یارمەتی دانی برای رەحمەتیم كاك (فەقێ شێخوەسانی) مەحاڵە لەبیر بكەم ،دەم و جەمی نەبوون ، هەرلەناكاو تێلی دەكرد، محەمەد جەمال ،بنووسە، رۆژ نەبوو چەندین لەو بن زارو دەستەواژە كۆنانەم پێنەڵێ، بۆیە تاماوم لەیادم و زەین و هۆشم دەرناچی، هەزار رەحمەت لەگۆرت بێ ، پیاوە خاكی و خەمخۆری گشت بوارەكان ،هەمیشە هانی دەدام و ئەیگوت :هەرگیز سارد نەبیەوە لەنووسین و ساغ كردنەوەی هیچ بابەتێك ، چونكە ئەو دەفەرە بەحوكمی شۆرش

و یاخی بوون ،کەمی لەسەر نووسراوە،لە مێژوو و داب و نەریت و فەرهەنگ و کەلتوور.

دەبی بەخۆمان برینەکانمان سارێژ کەین ،خوری خورێیەک بەدەستی خۆت نەی خورینی ،بەتەمای خەڵکی بی زەحمەتە.کوا کەسانی نامۆ و نەشارەزا لەسنوورو مێژوو و فەرهەنگی خۆشناوەتی بتوانن هەقی خۆ بدەن بەو جۆرە فەرهەنگانە،ئەگەر شارەزایی لەدەستەواژەو بنزارو زاراوەو ووشە کۆنەکانی ئەو دەڤەرە نەبێ.

خەریکە هەندێ لەو بن زارانە ئەگەر نەنووسرێنەوەو کۆنەکرێنەوە بەتێپەڕبوونی کات ،دەپووکێنەوەو بەهۆی زمانی ڕاگەیاندن و ستاندەرد ،ئەو وشە کۆنانە کەمتر بەکار دێن.ئەوەی من زیاترم مەبەست بوو ،ئەو وشەو زاراوانەی کە تایبەت بوون بە جیاکردنەوەی رەگەزی نێرو مێ ،ئەوەی بۆم کرابێ گرنگیم پێداون .

لێرەدا داوا لەو نووسەرانە دەکەم کە گرنگی بە بواری فەرهەنگ دەدەن ،زیاتر ئەکادیمیانەتر ،نرخی خۆیان پێبدەن ،بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو زیاتر شارەزا بن لە فەرهەنگی بن زاری جاران .

خوێنەری خۆشەویست :

لەوانەیە هەست بەوە بکەن کەوا هەندێ ئیدیۆمیش لەو فەرهەنگەدا بەرچاو بکەوی ، بۆیە هەندێ وشە هەن دەبێ وەکوو رستە بنووسرێ ،بۆ یە بۆنی ئیدیۆمی لێدەکرێ ، ناچار بوومە لەپێناو ڕاڤەکردنی رستەکە ،ئیدیۆمەکەشم لێرەدا بەکار هێناوە.

لەدوا وشەم دا :

ئەوەی لەدەستم هاتبێ و بۆم کرابێ نوێ کاریم بۆ کردووە ، بەلاّم هیچ مرۆڤێك بێ کەموو کوڕی نیە ، ئەوەی بێ کەمووکوڕیە تەنها و تەنها خوای تەبارەك و تەعالایە .

جابۆیە داواتان لێدەکەم لە کەموو کوڕیەکانمان ببوورن ، ئەوەی لەدەستم هاتبێ کردوومە ،هەر ئەوەندەشم دەباران دا هەبووە، سلاّو و ڕێز بۆ هەموولایەك .

محەممەد جەمال توتمەیی

سەرەتای ساڵی٢٠٢٤ بالیسان

ئـ

*–ئاخیرو ئۆخر : لەکۆتایی ، وەك ئەڵێن لە ئاخرو ئۆخری مانگیَ سەفەرم کرد.

*– ئاخیر‌شەڕ : پیریَك کە کۆتایی ژیانی پڕ بیَ لە کاری خراپەو بەدکاری و نەگریسی.

*–ئاخیرەت،: ڕۆژی دوایی ، کۆتا ژیان ، وەك ئەڵێن(ئاخیرەتت خێربی).

*– ئاخیرە مین: دواجار،کۆتا شت، دوا مندالَ ، یان دوایەمین کارەسات.

*– ئاخیری : لە کۆتایی دا،دوا جار رازی بوو کە ئەم کارە بکات.

*– ئاخنین: تێپەستنی شت لەناو گونیە، پالَ نانی بەزۆر لەناو گونیەیەك کە جێگای بەزەحمەت ببێتەوە.

*– ئاوس : بەچکەی لە سکدابیَ ،بۆ ئاژەڵی سك پڕ بەکاردیَ .

*– ئاو قات : زۆر بلَیَ ،زیرەك و بلیمەت لە قسەکردن دا، پارێزەر،قسەزان، بەسەلیقە لە قسەکردن دا.

*– ئاوزینگ : دوا هەناسە لە ژیان دا، پێش ئەوەی مرۆڤ بمریَ، دوا هەناسە دەدات .

*– ئاوارێن: وا دەڵێن، وایان وتووە.

*– ئاوارێم : وادەڵێم.

*– ئاهاتم: واهاتم، واله ڕێگام، زۆرم نەماوە بگەمە لات.

*– ئادێم: واهاتم، تۆ برۆ منیش وادێم.

*– ئاچم : وا دەچم، وابەڕێکەوتم.

*–ئاڕۆم: وادەڕۆم،وابەڕێدەکەوم.

*– ئاهەستام: وا جولام و خەریکە هەڵدەستم و دەڕۆم، خەریکە لەخەو هەڵدەستم.

*– ئاماندی بوویمە: زۆر هیلاك و ماندووم،

*– ئانووم: خەوم دێ و دەنووم، یان ئەنووم، دەخەوم .

*–ئارۆیشتم: ئەوا بەڕێکاوەم، وا رۆیشتم.

*– ئا هیلاك بوویمە: زۆر ماندوو و هیلاکم.

*– ئابێتاقەت بوویمە: بێ هێز بوویمەو هێزم دەبەردا نەمایە.

*– ئاشرار بوویمە: لەسەر زەوی کەوتووم لەبەر ماندوێتی، وا راکشاوم بە زەویدا .

*– ئاپسسێم: ئەوەندە ماندووم هێزو تاقەتی رۆیشتنم نیە.

*– ئامرم: وا دەمرم، هێندە ماندووم وا گیانەدەم.

*– ئاشێتەبم: خەریکە عەقڵ لەدەستەدەم.

*– ئا وەچیایە کەوم : لەخەمان وا بەشاخو کێوان دەکەوم.

*– ئاکۆرابم : یەکێك زۆری خەویێ وا ئەڵێ، واکوێرەبم لەخەوان.

*– ئامرم لەبرسان: زۆرم برسیە خەریکە بمرم.

*– ئادرپێم: واشەق ئەبەم، ئەبمە دوو کەرت.

*– ئاوەهەوای هەرەچم:بۆ کەسێك بەکاردێ تەنگاو بێ ، پێی خۆشە زوو بە ئومێد بگات.

*– ئاوەزگەدەم: کەسێك حەزو ئارەزووی لەشتێك بێ ، تاکوو پێی دەگات.

*– ئالەخوامەوێ: لەخوای دەوێ ئەو کارەی بکات.

*– ئا بەرداوێم: یەکێك حەزی لەخواردنێك بێ ، تاکوو ئەیگاتێ، واتا خەریکم منداڵی ناو سکم دادەنێم.

*– ئائیشیەکەم : وا کاردەکەم،لەئیش کردنم .

*– ئالە ئیش کەتیمە : لەکار کەوتووم ، ئیشم پێناکرێ، واتا بەتەمەن دا چووەو کاری پێناکرێ .

*– ئا کف ت و کەوەڕێ بوویمە : ئەوەندە ماندووم هێزم لەبەر بڕاوە.

*– ئا رەزیل بوویمە : لەپەلوپۆ کەوتووم.

*– ئا وەتەرێمێ : وا پێت دەڵێم.

*– ئا پێتەرێم : وا پێت دەڵێم.

*– ئا وەمکۆتیێ : بۆ دواجار پێم گوتی.

*– ئاوی لەدەوی تارە :زۆر نەخۆشە، ئاوی لە دەمدا تاڵە.

*– ئاخوڕی لێ بزر بووە : یەکێك شتێکی زۆر پێویستی ون کردبێ.

*– ئاگای لەحەمەدی بێزەوار نیە : یەکێك ئاگای لە هیچ شتێك نەبێ

*– ئاگری لەزمانیە باری : کەسێك زمانی لەخراپە بگێڕی.

*– ئاگرت وێکەوی : کەسێك لەیەکێك تووڕە دەبێ ئەو نزایەی لێئەکات.

*– ئاگری بن کایێ : کەسێك لەسەرەوە لەگەڵت باش بێ بەلاّم لە ژێرەوە ئاکارو کرداری باش نەبن.

*–ئاوم لەدووە : یەکێك خەریکی باخچە ئاودان بێ ئەڵێ ئاو لەلای منە.

*– ئاوێ هەرەبەستم : کابرایەك لەسەروچاوەی کانی ئاو بەردەداتەوە بۆ داشتنی باخچە.

*–ئاویٚ خۆمۆ : ئاو ئەخۆمەوە.

*– ئاوم بەخۆداکرد : خۆم شووشت، ئاوێکم بەخۆدا کرد.

*– ئاوزا : هاوتەمەن ،لەیەك کاتدا لەدایك بوون .

*– ئابەدەرزیێ واچی : ئەوەندە لاوازو باریکە خەریکە بەکوونی دەرزیەوە ئەچێ.

*– ئادگار: واتا رووخسار، رەنگ و روو.

*– ئادگاری هەند جوانن : واتا روخسارو دیمەنی هێندە جوانن.

*–ئاوایی گرتنەوە: لەکاتی کەلایانەو ماتانێدا بۆ ئەوەی کەلایەکە لەسەر بان نەکەوێتە خوارەوە، یەکێك هەردوو پێیەکانی بەیەك وەدەنان ، کەلایەکە دەکەوتە نێوان پێیەکانی ناکەوتە خوارەوە.

*–ئاوەگرد : چیایەکە کەوتۆتە دۆلی سماقولی.

*–ئاوەگر:بەکەسانی زۆر پیس و پۆخلّ دەگوترێت،سەگ ئاوەگرە، بۆیە ئەوانەی دەست لەپشتی سەگ دەدەن پێیان دەوترێ ئاوەگر.

*– ئاور : گوندێکە سەربە ناحیەی سکتانە.

*–ئاژگە : گوندێکە لە نزیك کۆڕێ سەربە پیرمامە.

*–ئاوەنێسە : وشەیەکی رەسەنی خۆشناوەتیە، بە واتای (لەوزەتێن) دێت، ئەگەر یەکێك لەوزەتێنی بوایە، ئەیان گووت (ئاوەنێسەی هەستاون).

*– ئاواژی : سەراو نخوون.

*– ئاویٚ چاوانم چوو . کەسێك زۆر چاوەڕێی یەکێکی کردبێ .

*– ئارەقیٚ رەش و شینی کردیە : یەکێك زۆر رای کردبیٚ و ئێگجار ماندوو و شەکەت بووبیٚ .

*– ئاڕەش و شین بووە : کەسێك بەربووبێتەوەو زۆر ئازاری دیتبیٚ، پێستی شین هەڵگەڕابیٚ.

*– ئاوبز: برینێك تەڕ بووبیٚ و ستوور بووبیٚ.

*– ئاوەسوو : بەردێك کەئاوی زۆر بەسەردا رۆیشتبیٚ و لووس بووبیٚ.

*–ئاییسان : پیٚ بوونی ئاگر ، بەردەوامی گڕی ئاگر، کاتی کە گڕی ئاگر دیارە،

*–ئاروو: خەیار

*– ئارویٚ : لەهەندێك گوندی سەربەناحیەی بێتواتە بەکار دیٚ، بەواتای خیار.

*– ئارچاغ: سووك و ریسوا، بەد فەساڵ ، دەس بڕ

*– ئاین و ئۆین : فێڵ و تەڵەکەباز.

*–ئارماوان : گوندێکی گەورەی خۆشناوەتیە، سەر بە پیرمامە.

*–ئاری سیرەك : گوندێکی بچووکە، لەدەشتی هەریرە نزیکە لە سیساوە.

*–ئارۆزو برۆز : کێشەیەك زۆر گەورە بووبیٚ و چارەسەر نەکریٚ، تێکەڵ و پێکەڵ.

*– ئازا :جۆری هەرە باش لە گوێز ،بەدەست دەشکێن .

*–ئایش : ناوێکی ژنانەیە، ناوی عائیشە کراوەتە ئایش.

*– ئاشی بەتار: جاران زاوای نوێ سبەینە زوو گەنجانی هاوڕێی بانگیان دەکرد ئەیان گوت(ئاشی بەتارە؟) واتا بەزاوا بووی؟ ئەویش وەڵامی دەدانەوەو ئەی گوت ئاشی بەتارە، ئنجا هاواریان دەکردو ئەیان گوت: باراشان بینن ئاشی بەتارە.

*– ئاو خۆرەوە : کەسێك کە دانیشتووی گوندێکە ، بەڵام نە زەوی هەیەو نە باخچە .

*– ئاوێی لێمەخۆوە : واتا دەستوو بردی لەو ئیشە بکە و لێی پەشیمان مەبەوە .

*–ئاوێر :ئەو وشەیە لەزۆر شوێن بەکاردێ ، بەڵام جیاوازیەك هەیە لەشێوەی دەربڕین، بۆ نموونە لەدەشتی هەولێر ئەڵێن (هاوێر) ، بەڵام لەزۆربەی گوندەکانی خۆشناوەتی ئەڵێن(ئاوێر)، بەواتای لەیەك جیاکردنەوە دێت، بەتایبەتی ئاژەڵدارانی بزن و مەڕو ماڵات، دوای دۆشینی کارو بەرخان بەردەدەنە بزن و مەڕان، دوای تێر خواردنیان ئاوێریان دەکەن ، واتا لەیەکیان جیا ئەکەنەوە.

*–ئاوارێ:کەسێك قسەیەك بکا، پێی ئەڵێن وادەڵێ.

*– ئاشاك : حاشاك، پەرژینێك بی لەرووی حازریان و دانیشتوان.

*– ئاشگێرە ئاو :ئاوێکی زۆر ، ئاوێك کە ئاشی ئاوی پێ بگەڕێ .

*– ئاشتەبا: بەواتای هیچ شتێك، یەکێك زۆر هەژار بێ ، ئەڵێن، ئاشتەبای نیە.

*–ئاغرەب : زۆربەی زۆری.

*– ئاغرەب جار : زۆربەی جاران ، گەلەك جار.

*– ئاگرۆچکە : ئاگرێکی گچکە، منداڵ هەڵی کردبێ.

*– ئاگرۆکە: ئاگرێکی گچکە.

*–ئاگری بن کا: بەوانە دەوترێ کەلە بنەوە زیانت پێبگەیەنن.

*–ئـاگر لێبـارین: بـۆ کەسـێك بـەکاردێ ، کـە زۆر تووڕەبێ.وەکـوو دەڵێن(هەند تووڕەیە ، ئاگری لێباری).

*– ئاقوویـان: دوو گونـدن، ئاقوویـانی سـەرێ و خـوارێ، لـەنزیك شەقلاوەن.

*– ئاویلکە : جۆرێکە لەترێ، رەنگی سپی و روونە. وەکـوو کشـمیش وایە.

*–ئاسنجاو : قاپ و ملاك و تەشتی لە مس دروستکراو.

*– ئامێ: کورت کراوەی ناوی ئامینەیە.

*– ئامۆکە: ئامینەی رەزا شێرین.

*– ئانە : کەمترین بڕی پـارەبوو کـە ئینگلیزەکـان دوای داگیرکردنـی عێراق، ئەیان دایە هیندیەکان.

*–ئارمووش: ئاوریشم، حەریر.

*–ئاراسن: چیایەکی بـەناو بـانگی سـنووری پارێزگـای هـەولێرە، لـە رۆژهـەلاتی مەلـەکان. ناوەگـەی لەتورکیـەوە هـاتووە بـەمانای چیای ناوەڕاست.

*–ئالیك: تێکەڵکردنی کا وجۆ ، دواتی ئەیدەن بە ولآ خو پێـی ئـەڵێن ئالیك.

*–ئـاخوڕ: شـوێنێك لەبـەر دەم ولآخـی بـەرزە دروسـت دەکـەن و ناوەندەکەی قووڵەو کاو جۆی بۆ تێدەکەن.

*– ئاخیر زەمان : کەسێك زۆر بەتەمەن بێ .

*– ئاخیری زەمانی : ڕۆژی دوایی ، کۆتایی جیهان ، ڕۆژی قیاوەتێ .

*–ئـاورینگ: ئـەو وشـەیە ئێسـتاش مـاوەو بەکاردێ،یـەکێك ئـازاری لەناکاوی لەلەشدا پەیدا ببێ،ئەڵێن ئاورینگەکم بەلەشدا هات.

*– ئافات :واتا پەتاو دەردو بەلاّ .

*– ئافراتوون: ئەفلاتوون، زۆر زان.

*– ئاو کووف: کـچ و کوڕێـك شـیاو و لێوەشـاوەبن بـۆ یـەکتر، ئـەڵێم ئاوکوفی یەکن.

*–ئامان : قـاپ و مـلاك و مەنجـەڵ و مـەقری،جاران قـاپ و مـلاك لـە تریان دەکرا، ئەیان گۆت(تریانێ ئامانان).

*–ئاممەتێ: ئافـەرین، دەسـتخۆش، بـۆ دەستخۆشـی کـردن لـەکاری گونجاو.

*–ئاوسەر: هاو تەمەن،.

*– ئاوسەرێ ئێکن: هاوتەمەنن لەگەڵ یەك.

*– ئاوسار: قەڕاستە، ئەو زنجیرەی یان ئەو پـەت و گوریسـەی کەلـە مل و دەمی وڵاخیەکەن، بۆ بەستنەوە.

*–ئاوۆکە: چەلاوی مریش یان گۆشت،یان کەنگر.

*–ئاوێ شەوی: جاران بۆ ئەوەی ئاوی سـارد دەسـت بکـەوێ،ئاویان لەسەر کوندەران، یان پێشـەبان دادەنـا، ئیـدی تـاوەکوو نیـوەڕۆ فێنکایەتی دەما.

*– ئـاو و زرزرە : برینێـك کـە گـەورەبووبێ و پڕبـێ لـە کـێم و هـەوا ،برینێك پیس بووبێ .

*–ئەواهیٚ: بۆ ژنێکی دوور بەکار دێت.

*– ئەوێهیٚ: بۆ پیاوێکی دوور بەکار دێت.

*–ئی نەخۆشم: نەخۆشم ، پیاو وای دەگوت.

*– ئەنەخۆشم: نەخۆشم ، ژن بەکاری دێنا.

*–ئی نەخۆشە: نەخۆشە، بۆ نێر بەکاردیٚ ، بۆ کەسی غائیبیش بەکاردیٚ، یەکێك نەخۆ ش بیٚ و لەویٚ نەبیٚ.

*– ئەنەخۆشە:نەخۆشە ، بۆ میٚ بەکاردیٚ، بۆ ژنێکیش بەکاردیٚ کەلەویٚ نەبیٚ.

*–ئی ماندی؟: بۆ نێر بەکاردیٚ، کەپرسیاری لێبکەی.

*– ئەماندی؟: بۆ میٚ بەکاردیٚ، ئەگەر پرسیاری لێبکەی.

*– ئی کووی؟: واتا چۆنی؟ بۆ نێر.

*– ئیفتیرا : بوختان هەڵبەستن بۆ خەڵك .

*– ئەکووی: چۆنی؟ بۆ میٚ.

*– ئەوە ئی تووە؟: ئەو شتە هی تۆیە؟ کاتیٚ پرسیار لەکەسێك دەکەی کە نێرە.

*– ئەوە ئیٚ تووە؟: ئەو شتە هی تۆیە؟ کاتیٚ پرسیار لە یەکێك دەکەی کە مێیە.

*–ئەوە مێردی تووە؟: کاتیٚ پرسیار لە ژنێك دەکەی، ئەو پیاوە مێردی تۆیە؟ ئەویش ئەڵیٚ:

*– ئەریٚ وەڵلا مێردی منە:

*– ئەوە ژنیٚ تووە؟: کاتیٚ پرسیار لەپیاوێك دەکەی ، ئەوە ژنی تۆیە؟.ئەویش ئەڵیٚ:

*- ئەرێ وەڵلا بەرێ ژنێ منە.

*-ئەوی وەکو: واتا ئەو وتی، بۆ کەسی نێر.

*- ئەوێ وەکو:واتا ئەو وتی، بۆ کەسی مێ.

*-تۆ چەرێی؟: ئەوە چی ئەڵێی؟.

*- ئەویش وەکو:پیاوێك وای وت.

*-ئەوێش وەکو: ژنێك وای گوت.

*- ئی بەراو و رابەرۆکە : پیاوێکی بە راو و تەگبیرو راوێژە .

*- ئەبەراو و رابەرۆکە : ژنێکی مەردانەو بەراوێژەو بەپلانە.

*-ئەشتاق: بەواتای هیچ کامێك، هیچ شتێك،وەکوو ئەڵێن(هەند ئەقیرە ئەشتاقە ئەشیای نیە).

*-ئەددی کوو؟: ئەی چۆن.

*- ئەنگافتی : نیشانەی پێکا ، لێی دا لە نیشانە ،نیشانەی شکاند.

*-ئەنگۆز: گوندێکە لەرۆژهەلاتی ناحیەی بێتواتە.

*-ئەنوزێتۆ: ناڵە ناڵ دەکات، منداڵێك کەنەخۆشە،

*-ئەزورێتۆ: دوای چارەسەری برین، ئازاری هەیە.

*-ئەخێورێتۆ: یەکێك زۆری برسی بێ ئەڵێ (هەند برسیمە دلم ئەخێوۆرێتۆ).

*- ئەستوورك: واتا کولێرە

*- ئەستەندوو : ئەو دارەی کەلەئامووری جووتکردن قایم کراوەو جوتیار لەکاتی جووت کردن دا دەستێ تێدەگرێ.

*-ئەستوورکە بندان: کولێرە بەئاردی پیرخەنی.

*- ئەستووندەکە : ستووندە .

*– ئەلعان: ئێستا.لەوشەی عەرەبی الان هاتووە.

*– ئەلعانێ کۆکە: ئێستاکە.

*–ئەلعانێ کۆکانی: ئێستاکانی.

*–ئەلحەملای: الحمد لله سوپاس بۆ خوا.

*–ئیحتوبـار: متمانـە پیچـکردن،باوەڕپێبوون،کاتێ کـە متمانـەت بەیەکێك بی ئەڵێی(پیاوەکی بە ئیحتوبارە).

*–ئیحتیلام: شەیتانی بوون،لەخەودا کاری سیکسی کردن.

*– ئەی ڕێتێ : پێی دەڵێ ،

*– ئەو سرەی : ئەو نهێنیەی .

*– ئێگدی بناسنۆ : یەکتر بناسنەوە .

*– ئۆین باز : فێڵباز، بەفرت و فێڵ.

*– ئیختیار : بۆ دوو مەبەست بەکاردێ:

١– بەهۆی پیربوون توانو هێزی نەمابێ.

٢– هەژار بێ توانای کڕینی نەبێ.

*–ئێختە: ئەسپی خەسێنراو.

*– جوان ڕۆیشتنی ولاخ ، قۆناغێکی تەمەنی ئەسپە .

*– ئێقە : یەخە ،

*– ئێقەم بەردە : بەرۆکم بەردە ، وازم لێبینە ، .

*– ئیرۆن: زنجیرە چیایەکە کەوتۆتـە نێوان دۆڵـی مەلـەکان و دۆڵـی هەرووتیان.

*– ئیخفال: لەخشتە بردن،فریودان.

*– ئیشکاوەرز: زەوی وشك کێڵان و تۆ کردن.

*– ئیلاقــە: پەیوەنــدی، وەکــوو دەڵــێن(ئیلاقــەم پێدانیــە) واتــا پەیوەندی پێیەوە نیە.

*–ئەشتۆ؟:بەواتای کامە دێت، کامە جۆر؟کامەیان؟.

*– ئەشـتۆڤ: لەهەنـدێ گونـدی ناحیـەی بێتوتـە لـەجیاتی ئەشـتۆ ، ئەشتۆڤ بەکار دێ، هەمان واتا دەبەخشی.

*–ئەشکەفت : ئەشکەوت.

*– ئەپــەسمێ: وشــەیەکی زینــدوەو ئێســتاش بــەکار دێ، بــەواتای کەسێك خۆی مەدح و ستایشـی خـۆی بکـات، ئـەڵێن سـەیری کـە چۆن لەناو مەدریسان خۆی ئەپەسمێ.

*– ئەسپاب: کەلوپەل و ئامرازو شتومەك.

*– ئەستری: جۆرێکە لە درك و چقڵ.

*– ئەستەویر: بزن یان مەڕ، کەساڵێك ئاوس نەبێ.

*– ئەسکو: ملاکی گەورەی لەدار دروستکراو.

*– ئەسپەرە:پارچە دارێکی کون کراوە ، دەخرێتە سـەرووی پێمـەڕە بۆ ئەوەی پێی لەسەر دانێن بۆ زەوی کێڵان.

*– ئەسپێ کوژە: پەنجەی گەورەی دەست.

*– ئەسقێل: بەو کەسانە دەوترێت بە بەژن و بالآیان زۆر بەرزە، پێی ئەڵێن ئەسقێل،

*– ئەسکوورد: مل ، سکورد، گەردەن.

*– ئەشتر: شتل.

*– ئەستێر : حەوزی ئلو.

*– ئەشکێرکە: کولێرە بەئاردە ساوار، شلکێنە،

*– ئەشرەفی: جۆرێکە لەگوڵ.

*– ئەشتاق : واتا هیچ شتێك ،یان هیچ کەسێك ، وەکوو ئەیان گوت : چوومە ماڵیان ئەشتاقیان لەماڵ نەبوون .

*– ئێکاوێ عارەبان: جاران ئەگەر یەکێك سەفەری کردبا، ئەو کەسە خۆشەویست نەبایە لەناو خەڵکدا،دوای رۆیشتنی کەسەکە بۆ سەفەر،پێیان ئەگوت(رەببی دەبەر ئێکاوێ عارەبان کەوی)،مەبەست لە ئێکاوی عارەبان بریتی بوو لە یەکگرتنی هەردوو رووباری دیجلەو فورات و دروست بوونی (شەتول عەرەب) .

*–ئیغدان:پێدەچێت ئەو وشەیە لەتورکیەوە خزابێتە ناو زمانی کوردی،مەبەست لە ئیغدان ، دۆڵابی تایبەت بە قاپ و مەلاك و مەنجەلە،لەجیاتی کەوەنتەری ئێستازاراوەیەکی کۆنەو ئێستا بەکار نایەت.

*–ئەستیو:لەشێوەی بێرۆکەی ئێستایە،لەئاسن دروستکراوە،بۆ دەردانی مشکی و پەنگرو پشکۆیە لەسۆبەی داران و گواستنەوەی پەنگر لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر.

*–ئۆباو:باوك، باب.

*– ئۆدێ: دایکە دایە .

*– ئۆتە: بۆ شتی نزیك بەکاردێ ، ئەوەتە.

*– ئۆت تاهێ: بۆ شتێکی دوور بەکاردێ.

*– ئۆت تێهێ: بەهەمان شێوە بۆ شتی دوور بەکار دێ.

*– ئۆلۆ؟: ئەوە بۆ ؟

*–ئۆمەر:بۆ کەسنێك بەکار دێ، کەوا لەژنیان بترسن.

*– ئۆحە: بۆ دەنگدان و لێخوڕینی مانگا بەکار دێت.

*– ئۆ چەرێی؟: ئەوە چی دەڵێی ؟.

*– ئیخخە: بۆ دەنگدان و لێخوڕینی بزن و مەڕ بوکاردێ.

*– ئیشکە کەرەك : دیوارێك تەنها بە بەرد بنیات نرابێ ، هیچ قوڕو چەمەنتۆی تیادا بەکار نەهێنرابێ .

*– ئەحائـەح: یـان یـەح، باوەڕنـەکردن بەقسـەیەك، وەك بڵێـی لـەو درۆیە.

*– ئەحمەق، نەفام و بێعەقڵ، هەندێ جاریش بۆ هارو هاج.

*– ئەشمەك: بەواتای شتومەك یان کەلوپەل بەکاردێ.

*– ئەستەرك: مۆرکی خۆشناوەتی پێوەدیارە،جاران لـەژوورێك چـوار سـتوندەی بچـوکیان دەچـەقاندو چـەند دارێکیـان لەسـەر قـایم دەکـردن، وەکـوو کـەپرێکی بچـووك وابـوو، هـەمبان و کەلوپـەلی خواردنیان لەسەر دادەنا.

*–ئۆین:بۆ دوو مانان مەبەست بەکار دەهات:

١–یەکێك لەکاتی یاریکردن نۆرەی بێت و ئـەڵێ ئـۆینێ منـە، بـەمانای نۆری منە.

٢– یەکێك زۆر فێڵبازو پڕبێ لە فرت وفێڵ، پێی ئەڵێن ئۆین باز.

*– ئەشتەبا: ئەگەر یەکێك زیانی بەرکەوتبایە، ئەیان گوت ئەشتەبای دەرنەچوو،

*– ئەشتەك: بەواتای شتێك،

*– ئیوهە: ئاوا ، بەم جۆرە،ئەوها.

*–ئۆ وەخۆدارێی؟:یەكێك قسەبكات و لێی تێنەگەی.

*– ئێمـەنی: پـێڵاوی ژنانە،پێدەچـێت لەیەمەنـەوە دروسـت كرابـێ و یەمەنی بێ.

*–ئێكتەن: كەسێك تەنیا بێ، كەسی نەبێ، یەك تەن بێ.

*–ئیخی كە : بێدەنگی كە.یان سەری ببڕە.

*– ئی كووی؟ : چۆنی باشی؟ بۆ نێر

*– ئی باشم ، من باشم ، ی وەڵام بۆ نێر.

*–ئەكووی؟ : چۆنی .باشی ؟ پرسیار بۆ مێ.

*– ئەباشم : وەڵام بۆ مێ.

*– ئی دڕوونم : كەسێك بیەوێ خۆی بشوا، بەقرێژم، بۆ نێر

*– ئەدڕوونم : بەهەمان شێوە بۆ مێ .

*– ئەنازدارە : جوان و رێك و پێكە ، بۆ مێ.

*– ئی بە ویقارە : وات رەنگ و رووی پیاوانەیە. بۆ نێر.

*–ئەرەش و برشە : زۆر رەشە، بۆ مێ.

*– ئەشەپەتۆیە : واتا خاو و خلیچە، بۆ مێ.

*– ئـە فـس خاویلكەیـە : واتـا هـیچ ئیشـی لەبـەر نـاڕوا، زۆر لەسـەر خۆیە،بۆ مێ .

*– ئێكە ریویلانەیە : رەق و لاوازو باریكـە ، وەكـوو رێـوی لاوازە.بـۆ مێ.

*– ئەرەق و تەقە : واتا درێژ و لاوازە.بۆ مێ.

* ئێكی راژیلەیە : كەسێكی لاوازو باریكە، بۆ نێر.

*– ئیّ مارو میّردان نیه : بەو کچانە دەوترێ کەنەشیاون بۆ میّرد کردن، بێعەقڵن ، هی وەی نین بەمێرد بدرێن.

*– ئێکی قوتەکەیە : کەسێکە بالآی کورتە . بۆ نێر.

*– تۆلۆیێ : ئەوە لەبەر هەندێ،

*–تۆخەی لەخۆ نەکەی: خۆشی نەبینی، خۆشی لەخۆنەکەی.

*– ئووهە: ئاوا ، بەم جۆرە.

*– ئەلبیسە: جلوبەرگ.

*–ئیّ دی: ئەوەی تر، ئەوەی دیکە.

*– ئێگدی: یەکتر.

*– ئەمیش: ئەمنیش، منیش.

*– ئەی رێتیّ: پێی دەڵێ.

*– ئەمیشا وارێم : منیش وا دەڵێم.

*– ئەی رێتیّ : پێی دەڵیّ.وای پێدەڵیّ.

*– ئیستەرەم: هەر ئێستا .

ب

*– باز : بەو شوێنە دەوترێ باز کەلای سەرەوەی شاخ بێ ، لای خوارەوەشی بەهەمان شێوە شاخ بێ ،رێگایەکی باریك و سەڵتە زەلام یان گیانداری بۆ بچێ ،یان بۆی نەچێ ، ئەوەندە سەخت بێ ،لە شێوەی پارچە زەویەکی درێژکۆلەدا بێت و مەودایەکی هەبێ ،زۆر جار باز بۆ راگرتنی بزن بەکار دەهێنرێ و شەوانە شوان بزنەکان لەو شوێنە عاسێیەدا جێدەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵەوە ،بێ ئەوەی گورگ بتوانێ زەفەر بە مێگەل ببات .ئەم بازانە زیاتر لە چیا بەرزو سەختەکاندا هەیە.

*– بانگۆرە: ئەسپێ لەماوەی تەمەنیدا بەچەند قۆناغێك تێپەردەبێ،وەکوو قۆناغی سەرەتای دروست بوونی کەبە رشك دەست پێدەکات،دوای قۆناغی رشك و گەورەبوون،ئەم جارە ناوی رشکی لەسەلا لادەکەوێ،خێرا دەبێتە بانگۆرە.دوا قۆناغ ئنجا دەبێتە ئەسپێی تەواو.

*–باغەر: بەواتای باخەڵ دێت،بەرگێکە لەدیوی ژوورەوەی چۆغەرو کورتەك دەدرووێت بۆ پاراستن و هەلگرتنی پارەو پوول.

*– باغەریە گەرمە: واتا باخەڵی پڕ لە پارەیە، کەسێکی خوا پێداوە.

*–بالیسان گوندێکی گەورەو بەناوبانگی خۆشناوەتیی،ساڵی ١٩٩٩ بۆتە ناحیە، سەربە قەزای شەقلاوەیە .

*–بالووکاوە:گوندێکی کۆن و دێرینی دۆڵی بالیسانە، مێژوێکی کۆنی هەیەو سەربەناجیەی بالیسانە.

*–بالووکـە: زیندەوەرێکـە وەکـوو کلـۆ وایـە، ئـەڵێن ئەگـەر ئـەو زینـدەوەرە بەسـەر هـەر شـوێنێکی لەشـی مرۆڤـدا بـڕوا ، ئـەوا بالووکەی لێدێن.

*–باسرمە:گوندێکی خۆشناوانە لەدەشتی هەریر، ئێستا بۆتە ناحیە.

*– باسك: شوێنێکی زۆر بەرز نەبێ هەندێك درێژ ببێتەوە ، کەمێك لە ئاستی زەوی بڵند بێ .

*–باشوورە:گوندێکی خۆشناوانە لە نزیك باسرمە.

*– باوکۆکەی باوی : کاتێك باپیر یان بـاوك ، لەگـەڵ نەوەکـەی یـان کوڕەکەی دەدوێ و دەستی بەسەر سەردا دێنێ و یان لە ئـامێزی دەکات و دەی لاوێنێتەوە .

*– بابۆنی : ئەو منداڵـەی کـە زیـاتر لەگـەڵ باوکیدایـەو زیـاتر بـاوکی خۆش دەوێ.

*–باولـە: لەتەنەکـە دروسـت دەکـرا، بـۆ هـەلگرتنی جلوبـەرگ بـەکار دەهات.

*– بابانی بمارم : با بەفر لەسەر بان فڕێدەم.

*– بابانی بگێڕم : بۆ ئـەوەی دڵۆپـە نـەکات بـا بـە بـاکردان سـەربان بپەستمەوە.

*– باسۆبەکی تێباوێم : پێکردنی سۆبەی داران.

*–بانمار:بەفرماڵ،ئەگـەر بــەفر بەقــەدەر بسـتێك بکـەوی ، ئـەڵێن بانمارەك کەتیە.

*–باو و بژ:تۆزو خۆڵ، یان غازاتی ناو سکی مرۆڤ.

*–بازی: وڵاخی بەرزە کەرەنگیان رەش و سپی بێ، واتا دوو رەنگ بێ.

*–بارزند:پشتە دەست.

*– بارگە : شوێنی تەنگەبەری لەچیا ، ئەو شوێنەی کە بزنە کێوی و ئاژەڵی کێوی پێیدا دەڕوا ،راوچیەکان دەچنە ئەو جێگایە بۆ راوکردنیان .

*–بارنج: بێبەشکردنی باوك لەمیرات بۆ یەکێك لە منداڵەکانی.

*–باسکە دڕی: دڕی جۆرە دڕکێکە،بەهاران کارتەیەك دەردەکات،باسکە دڕی پێدەڵێن، دوای لێکردنەوەی بەرگەکەی تامی مزرو خۆشە.

*–باڕەکە:دوای گەورەبوونی جووجکە،پێش ئەوەی بگاتە قۆناغی هێلکە کردن،واتا تەمەنی گەنجی مریشك.

*–باراش:گەنم کەدەبرێتە ئاش بۆ هاڕین.

*– بادی : جامی ئاو خواردنەوە .

*– بادیلۆکە : جامێکی فافۆنی گچکە .

*–باخۆش:گەورەبوونی منداڵ، بەرزبوونەوەی باڵای منداڵ.

*–بارتەقا:هاوشان،وەکوو دەڵێن (بارتەقای من نابێ) یان بارتەقای ئەو نیم، وەکوو ئەو نیم.

*–بارگەو بنە:ماڵ و حاڵ.

*– بارگەی بووکێ : بریتی بوو لە (جلوبەرگ و پێداویستیەکانی وەکوو لێفەیەك یان دۆشەکێك و بالیفێك .....هتد) لەولا خێکیان

باردەکردو لەدوای بووك رایان دەکێشا،ئەو شتانە بریتی بوون لەکەلوپەلی بووك.

*–بارگە تێکنان: کەلوپەلی گەشت و ماڵ گواستنەوەئامادە کردن.

*–باری نابەم:پێی ناوێرم،ناتوانم هیچ بکەم بەرانبەری.

*– باربوو : هاوکاری کردنی کەسانی لێقەوماو و هەژار ،

*–بارەکەو: جووجکەی کەو، فەرخەکەو.

*–بانگرێز:غلۆر بوونەوە لەشوێنی بەرز.

*–باوەگر:یەکێك دەستی لەسەگ دابێ،

*–بارووتی:هەنـدێ باڵنـدە وەکـوو(کـەو و تفتیلـك و کـۆترە باریکەوکوختی)، ئەگەر دەستت دایـە هێلکـەکانی ، ئـەوا مەحاڵـە بێنەوە سەری جارێکی تر، تووڕە دەبن و مانـەگرن، ئـەو حاڵەتـە بارووتی بوونی پێدەڵێن.

*– باش چاوەش : پلەیەکی سەربازی بوو ، سەردەمی عوسمانیەکان و پاشایەتی .

*–باشووکە:جۆرێکە لەهەڵۆو باز، بەڵام جۆرە هەرە بچووکەکەیان.

*–بارانێ بە قەپووچکە: بارانی بەهێزو دەنك گەورە.

*– بارانی پەرێ : ئـەو بارانەیـە چـەند شـەو و رۆژێـك ببـارێ ، زەوی تەواو تێر ئاو ببێ ، بەنەرمی ببارێ .

*– بارانی بە گەوارە : ئەو بارانەیە کەوا لەهەندێ شوێن باش ببارێ و بەڵام لە شوێنەکانی تردا نەبارێ .

*– بارانی بە ڕێژنە : ڕێژنە باران ، ئەو جۆرە بارانە بە ڕێژنەیە وەکوو ئەڵێن سـوودی زۆر نیـە بـۆ زەوی ، چـونکە بارانەکـە بـەهێزەو ئاوەکە ناچێتە ناو ناخی زەوی ، بەڵکوو بەسەریدا دەڕوا .

*– بای پێش باران : هەندێك جار کە بـارانی بـە گـەوارە دادەبـارێ ، پێشی بـاران ببـارێ، بایـەك هەڵدەکات ، هەنـدێ جـار بـەهێزە ، هەندێ جاریش بایەکی هێواش و لەسەر خۆیـە، ئـەوە بـای پـێش بارانە .

*– بای گاسن فرۆش : ئـەم جـۆرە پەسـند نیـە ، لـەلای سـەفینەوە هەڵـدەکات ، ئـەوەیان بـۆ سـنووری هـەولێرە ،بـە دەگمـەن هەڵدەکات نیشـانەی نەهاتـە ،پێـی دەڵـێن گاسـن فـرۆش ،ئـەڵێن کاتێك ئەو بایە هاتووە ، جوتیار گاسنی فرۆشتووە .

*– بای دار ئاوسێ : ئەو بایە لەسەرەتای بەهار دوو ڕۆژان هەڵدەکات .

*– بای دار پشکێوەی : ساڵانە دوای نەورۆز ، سێ ڕۆژ بایەکی بەهێز هەڵدەکات ، ورشەی دێ ، لـەدوای ئـەم بایـە دارەکـانی نێـو چـیا گەڵا دەردەکەن .

*– باڕەباڕ:دەنگی مەڕو بزن و کارو بەرخان.

*–باڕەبـاڕ : غـەدرو سـتەم کـردن لەیـەکێك بەئاشـکرا ، ئـەڵێن هەربەباڕەباڕ غەدری لێکرد.

*–باحوڕە:بەکەسانی گێژو نەفام وهێرپیش دەوترێت .

*–باو: باوك، باب.

*–باقۆ:هەنجیر پێش ئەوەی پێبگات باقۆی پێەڵێن.

*- بابێر: ئەو شوێنەی با زۆر دەگرێتەوە.

*- بارست: بەرزایی، شوێنێك کەبەرزبێ لەناو باخچەو زەوی .

*-باریەبەی ؟: واتا پێی دەوێری ؟دەتوانی زۆرانبازی لەگەڵ بکەی ؟ بارتەقای دێی ؟.

*- باریەبا ؟: ئەو وڵاخە بار دەکرێ ؟، دەتوانی بار بیا ؟.

*- بالۆت بمینێ : یەکێك هەڕەشە لەیەکێك دەکات و ئەڵێ با بۆت بمینێ.

*- باونجە : جۆرە خشڵێکی کۆن بوو ، وەکوو خەناوکەیەك وابوو ،.

*- باوەت برێمێ : با پێت بڵێم.با ئاگادارت بکەمەوە.

*- باوەش : ئامێز .

*- باقە : لە دەسك گەورەترە و دەبەسترێ ، وەکوو باقەگیا ، باقە گەنم ، باقە پووش .

*- باناندنەوە : بزن یان مەڕ، لەسەر کاریان بەرخا ن راناوەستن ، نایەڵن شیر بخۆن،، یەکی شارەزایان دێنا لە شەودا لە ژوورێکی تاریك دەمی کارەکەیان دەبەست بۆ ئەوەی نەباڕێ ، دواتر ئەوەندەیان بزنەکە دەسوڕاند تاوەکوو گێژ دەبوو، ئنجا هەندێ خوێراوکیان بەسەر کارەکەدا دەکردو دەمیان دەکردەوەو لەپێش بزنیان دادەنا ، بزنیش وای دەزانی تازە زاوەو کارەکەی دەلێستەوە، نەبانیەکەی نەدەما.

*- با کەیفێ توو بی : بە حەزو ئارەزووی تۆ بێ ، تۆ چۆنت پێباشە باوابێ .

*– بای شـەماری : بایـەکی زۆر فێنـك و خۆشـە ، هـەموو بوونـەوەرو گیان لەبەرێك کەیفی بەو بایە دێ و دڵی پێی خۆش دەبێ.

*– بای هوڕە : ئەو بایـە لـەلای خـوارەوەڕا دێ ،هەرچـی بوونـەوەرە رقیان لەو بایەیەو ناخۆشی لەگەڵ دایە ،تەنانـەت پێشـکەو مـێش بەو بایە هار دەبن .

*–بۆڕەبۆڕ: دەنگی چێڵ و مانگاو گۆلك.

*–بەفرێ ستوور: ئەو بەفرە زۆرەی کە کەوتۆتە سەر یەك.

*–بـەفرێ سـۆر: ئـەو بەفرەیەیـە کـەرەنگی سـوورە، لەئـەنجامی خۆڵبارین لەگەل بەفر باریندا.

*–بـەری دان: لەپەڕۆیـەك هەنـدێ نەخشـیان بەدەسـت بـۆ ئەچـنی ،هەندێ بەریشیان بۆ ئەدووری، وردەواڵەیان تێدەکرد بـە دیـوارا هەڵیانە واسی.

*– بەچاو و راوە: خەڵك رێزی لێدەگرن،کاری باشـی لەدەسـت دێـن، خەڵك گوێ رایەڵیەتی.

*– بەندەخانی: خانوێکی دوورو درێژ.

*– بەژەنگێ درانانە ژی : کەسێك کەم خۆر بێ و هیچ نەخوا.

*– بەرو پێش دەرکی لـەکنن : ژنێـك زۆر جـوان بـێ و بـەژن و بـالآی جوان و رێك بێ.

*– بنەتەقەت کەویتێ : بنت بتەقی، بەکەسانی زۆر خۆر دەگوترێ .

*– بن جۆخێن : ژێـرەوەی رەوسـەی گـەنم ، کەتێکـەڵ بـووە لەگـەڵ خاك و خۆڵ.

*– بن پەلك :ئەو پەلکە وردانەی لەلای بنی بڕکە تووتن زوو زەرد دەبن .

*– بسك و شابسکی ئەبریقێنۆ : ئەوەندە بسك و کەزی روونن ئەبریسکێنەوە.

*–بەوان حاران: ئەو ژنانەی کە دوو گیانن، باری تەندروستیان جێگیر نیە.

*– بۆگە: گیاییك زۆر هاتوچۆی بەسەردا کرابێ و ئاژەڵ نەی خوا.

*–بۆرژان: یەکێك خەوی بێت و لەخەوان بەلادا بێ.

*–بەخۆدا میزتن: شەو میز لە ژێر خۆی بکات.

*–بنگە: گرتنی لای بنەوە لە یاریکردن.

*– بن مل : پارچەیەك لبادو پارچەیەك لە بەڕە و پارچە قایشێك ، وەك نیمدەر بەیەکەوە دەدورێ ،لە کاتی جووت کردن دا ، دەیخەنە سەر ملی ولآغ ، بۆ ئەوەی نیرەکە ملی بریندار نەکات .

*–بن بێژینگ : ئەو خۆڵ و وردە بەردو گلێرە و وردە گەنمەیە لەکاتی بێژینگ کردندا ، لەکونی بێژینگەوە دەکەوێتە خوارێ .

*–بناوان: بۆ دوو مەبەست بەکار دێ:

یەکەم:گرتنەوەی ئاو لە رووبار تێکردنی لە جۆگە.

دووەم:سەر پەرشتی ماڵ، بناوانی ماڵ.

*–بیژی مۆتە: زیرەك و بەتوانا.

*–بیژی: فێڵباز.

*– بیژی: کەسێك باوکی دیار نەبێ و کەس نەزانی کوڕی کێیە، بە شێوەی ناشەرعی لەدایك بوویێ.

*- بیژۆك : دانەوێڵەی نەگەییو ،دانەوێڵەی پێنەگەیشتوو.

*-بزووت: جوولاً،یەكێك لە جێگای خۆی هەڵستێ.

*- بزۆت : دارێكی سەر بە ئاگر

*- بزۆت : خواردنێك زۆر ترش كرابێ.

*-بەرچێر: پێشەوەی كراس.بەمانای بەرۆك دێ.

*- بەر كوت :كاتێك جوتیار نان و باراشی نەدەما ، پێش ئەوەی دروێنە دەست پێبكرێ ،هەڵدەستا هەندێك جۆی دەدووریەوە و ئەیكوتا و ئەیكردە باراش ،بەمە دەگوترا بەركوت .

*- بەردابڕین : بەر ئەو بەشە تەبارەیە بوو ،كە سەر پاڵە دایدەبڕی و ماوەیەكی زۆر دروێنەی دەكرد.

*- بەردەشۆر :واتا جیاكردنەوەی بەردی نێو دانەوێڵەیە ،بەردە شۆر تەنها ژنە كابانەكان لێی شارەزا بوون ،وردە بەردو زیخیان لە دانەوێڵە جیا دەكردەوە .

*-بنیا دەم: مرۆڤ، بەشەر.

*- بن پاروو : ئەو قایشەپانەی كەلەدواوەی كورتانەوەیە ، دەكەوێتە بن كلكی وڵاغ .

*-بەو میسالی:بەهەمان شێوە، بەو جۆرەی.

*- بە پیلی وە رامیسی : واتا شان ماچ كردن ،پیل ماچ كردن ، كەسانی گەورەو شێخ و مەلا جاران بەتایبەتی ژن ، پیلیان ماچ دەكردن .

*-بەلەك: بە واتای ماسولكەی ران دێ.

*–بەردە کورە:چۆلەکەیەکە هەمیشە لەسەر تاشەبەردان بەدیار دەکەوێ، هێلانەشی لەقوڕ و بنێشتە تاڵ هەر بە شاخانەوە دروست دەکات.

*–بەرد گەرمووکانێ:جۆرێکە لەیاری مندالأنەی کۆن.

*– بە سەرو بەر : پوخت و خاوێن ،ماڵ جوان و رێك .

*– بەردە سان : بەردێکی تایبەتە بۆ تیژکردنەوەی چەقۆو داس و بیور، بەردێکی رەق و لووسە.

*– بەردە سیلە : ئەو بەردە گەورەو پان رێکەیە ، کەلە سیلەی بناغەی خانوو دادەنرا.

*– بەردی ئەلحەدێ : ئەو تاشەبەردە پانەیە کەلەسەر سەری مردوو دادەنرێ.

*– بەنوونێ : بەنیازی هەندێ، بە مرازێ هەندێ ،بە مەخسەدێ هەندێ ، بەمەبەستی هەندێ ، لۆ هەندێم هینابوو .

*–بەرو بوزگوڕ:شڕو شیتاڵ، کەلوپەلی کۆنەی ماڵ.

*–بەڕۆژە: گوندێکی گچکەیە لە سنووری بێتواتە.

*–بەڕۆژە: لەکەشك گچکەترەو لە دۆ دروست دەکرێ.

*– بەشقێ خوای: بەعەشقی خوای،بەڕاستیتە ؟.

*–بەفرە شینکە: زیپکەیەکە لە دەست و پێ دێت.

*– بەقا : متمانە ، باوەڕ پێ نەبوون ،

*–بەقاسیدی: زۆر تایبەت، بەقاسیدی چوومە دوای.

*–بەکەلی هات: بۆ ترازانی شتێك بەکار دێ.لەیەك ترازان ،

*–بەیت و بالۆرە: زۆر گۆتن و زۆربە دوای شت دا چوون.

*– بەیار : رەزی دێمەکاری تازە چێنراو ، رەزی دێمەکار .

*– بەیار : زەوی نەکێڵراو .

*– بەیار بڕ : ئەو زەویانەی چەند ساڵێك بوو بەیار بوون و دەیکێڵن و دای دەچێنن .

*–بەوەج: بەهێز و بەتوانا لەکارکردن.

*–بەن: بەرزایی ،لەچیاگچکەترە.

*–بەنــەباوی:زنجیرە چــیایەکە لــەنێوان دۆڵــی سمــاقوڵی و دۆڵــی عەلیاوە.

*– بڕوکۆکەك:کەمێك،واتا هێندێکی کەم لە شتێك.

*– بڕووش بەشیر : یەکێك لە خواردنەکانی جاران بوو ، لەجیاتی ئـاو شیری تێدەکرا.

*– بـرنج بەشـیر : خـواردنێکی خۆشـی جـاران بـوو، جاروبـار بـۆ نەخۆشان ئامادە دەکرا .

*– بنارگرتن: گریانی منداڵ، زۆر بگری و ژیر نەبێتەوە.

*– بندان : بەشی هەرە وردی بڕووش ،واتا ئاردە بڕووش ، کە پێیان ئەگوت ئاردە بندان .

*– برك : حەوزی ئاو.

*– بنێسـانەوە: بـەواتای پووکانـەوەو لاواز بـوون دێت،منـداڵ ئەگـەر نەخۆش بێ،نەخۆشیەکەی دیار نەبێ.

*– بنەپیتۆر: بەکەسانی بلیمەت و بەتواناو کارامە دەوترێت.

*–بن بار:ئەو بارەیە کەلە ولاغ دەنرێت،.

*– بێ ئامان : بێ متمانە ، لەسەر هیچ شتێك باز نادا، جێی متمانە کردن نیە ..

*– بێن: واتا پشوو، کەسانی ماندوو ئەڵێن بابێنەکێ بدەینێ، واتا با پشوێك بدەین.

*–بیستان جاڕ: ئەو زاراوەیە بە زەوی بەراو و فراوان دەوترێت.

*–بوار: بەهار.

*–بوهار: بەهار.

*–بوارەکانی: بەو سەرچاوە ئاویانە دەوترێت کەتەنها بەهاران ئاویان تیایەو دواتر زوو وشك دەبن.

*–بوسورمان:موسوڵمان، کاتی خۆی جولەکە کوردەکان بە موسوڵمانانیان دەگوت.

*– بلعات: واتا کەسانی بە فرت و فێڵ،کردەوەی دزێو .

*– بۆیە: ئەو خەتەی جوتیار لێی دەدا ، بۆ چاندنی تووتن و تەماتەو ....هتد.

*–بەنداو : پارچەیەك لە چەند قەتارەو بۆیە پێك دێ.

*– بەنبڕی درانە : بەو کەسانە دەگوترا کەوا توانای کڕینی هیچ چەکێکیان نەبوو ، هیچ جۆرە چەکێکیان لە ماڵ نەبوو ،بۆیە پێیان ئەگوت بەنبڕی درانە و ددانیشی نینە ، واتا فلان کەس چەکی نیە تاکوو بەرگری لەخۆی بکات .

*–بەر بەنداو : خەتی خوارەوەی بەنداو .

*–بۆریشك: سەرەتای سەرخەو شکاندن،کەسێك کەزۆر خەوی بێ،سەرەتای خەو لێکەوتن و ئنجا هەڵسێتەوە،ئەڵێن بۆریشکی

برد،یان به پێچەوانەوە کەسێك کە خەوی لێنەکەوێ ئەڵێ(هەندی نەخۆشم، بۆریشکم نەبردیە)واتا خەوم لێنەکەوتووە.

*–بۆرژان: یەکێك خەوی بێت و بەلادا بێت لەخەوان.

*–بەتێ: ئەو بنزارە تایبەتە بە منداڵان ، هەروەها بۆ کەسانی نەخۆشیش بەکار دێت،دوای چاك بوونەوە،بە واتای داراه دارە دێ،منداڵ کاتێ دەتوانێ بەسەر پێیان بکەوێ، هەڵدەستێ و بەردەبێتەوە.

*–بەرچایی: ئەو خواردنەی بەیانیان دادەنرێ.

*– بەوشە : ئەو ئێسکەی کەوتۆتە ژێر ئەژنۆ.

*– بنەبان : ژووری لای پشتەوەی خانوێکی گەورەی جاران.

*– بنخێوە : داپۆشین ، شتێکی لەسەر دانێ .

*– بینخێوە : داپۆشە ، جلوبەرگی لەبەر بکە با سەرمای نەبێ .

*– بەلادا نێی : بەلایەك دا نەکەوی ،بەرنەبیەوە .

*– بەلەکار:ئەو بزنانەی گوێیان لوولن،پنکی قاوەیی یان تێدایە.

*– بەلەرەش : ئەو بزنانەی گوێیان لوولن و گوێیان رەشن.

*– بەلەپۆش: ئەو بزنانەی گوێیان لوولن،رەنگی گوێیان سپیە.

*– بەزان چوو: ئەو بزن و مەرە ئاوسانەی کەلە چیا لەمێگەل دادەبڕێن و دەزێن.

*– بەحەستەم : بە ئاستەم،زۆر کەم.

*– بەئەمەك : بەوەفا،کاری چاکەو پیاوەتی لە یاد نەچووە، سپڵەو پێنەزان نیە.

*– بەکەیفیَ گونی خۆیە : چۆن حەزی لێبێ وادە کات ، قسەی خەڵك کاریگەری لەسەر نیە .

*– بەرەکە: تریَ کەیەکەم جار دەنك دەنکەی پێدەگات.

*– بەرەکە : ناوی گوندێکی خۆشناوەتیە نزیکە لە شەقلاوە.

*–بە پشی : پیاوێکی لەسەرخۆو ئارام.

*– بەدەمار: ئازاو مێرخاس و بەغیرەت.

*– بە دوو کەتن : رێك کەوتنی کچ و کوڕ ، دوای ئەوەی مسۆگەر دەبوون هەردوولا کە بەخۆشی بۆ یەك نابن ، ناچار شەوێك لە خافڵەتەوە بەیەکەوە بۆ شوێنێك دەڕۆیشتن ،

*– بەدەل خوین : ئەگەر لە نێوان دوو بنەماڵەدا دوژمنایەتی هەبوایە ،کەسێك کوژرابایە ،ماڵی بکوژەکە ژنێکیان دەدایە ماڵی کوژراوەکە ،دەیان گوت :لەبەدەلی خوینی فلانە کەسی ژنیان داونەتیَ .

*– بەڕەشکە : تۆی پیاز، ساڵی یەکەم کە دەچێنریَ.

*– بەڕادان : سپاردنی کارێك بۆ کردن، وەکوو جلوبەرگ، بەتایبەت دوورینی جلوبەرگ .

*– بەرانپیل : ئەو پارچە پەڕۆیەی کە ژن لەسەر جلوبەرگ دەیپۆشیَ، بۆ پیس نەبوونی جلوبەرگی.

*– بەرهاویشتن : لەبەرچوون، بەتایبەتی بۆ ئاژە ڵ بەکاردیَ.

*– بەرو پەرێز :ئەو ژنەی گیشەکەری و گەلاوێژی دانانی زانیبایە ، بە کابانی هەرە باش هەژمار دەکرا.

*– بەرەواژی : بە پێچەوانە، لەبەر کردن و پۆشینی جلوبەرگ بە پێچەوانە.

*– بەربووك : جاران ژنێکی بەتەمەن لەگەڵ بووك دا چەند رۆژێك لەماڵی زاوا دەمایەوە،هاوکاری بووکی دەکرد، بۆ شووشتن و کاری تری تایبەت بە ژنان، دواتر بڕێك پارەیان پێدەدا.

*– بەربەرۆچکە: دانیشتن لە پێش دیوارێك بۆ خۆدانە بەر رۆژ و خۆ گەرم کردنەوە.

*– بەربێرایی : پێش هەیوان.

*– بەرتاو: بەر هەتاو.

*– بەرای لابەلا : کێشەیەکی لەناکاو بێ ئەوەی پەیوەندی بەتۆوە هەبێ.

*– بەردە ستێ : جۆرێکە لەبەرد، بەهۆی ئاسنێك جاران لەو بەردەیان دەخشاندو ئاگریان پێدەکردەوە.

*– بەرە ژێر: نشێو،لای خوارەوە، شوێنی لێژوو بەرەو خوار.

*– بەستر پێرێ: سێ رۆژ بەر لە ئێستا.

*– بەستر پێرار : سێ ساڵ بەر لە ئێستا.

*– بەشکەم : بەڵکوو.

*– بەشکوو: بەڵکوو.

*– بەکرۆکە: دوو زمان،یەکێ بیەوێ دوو کەس لەیەك بکات،

*– بەفر خۆرکە : لە تەزرە بچووك ترە،دوای کەوتنی بەفر دەبارێ،روو دەچێتەناو بەفرو ئەیتاوێنێتەوە.

*– بە خۆژی: کەسێك کارێك بکات و پێویستی بە خەڵك نەبێ.

*– بەکاوەخۆ: بە هێواشی ، لەسەرخۆ.

*– بەتارووکە : بەپەلە ، خێراو زوو،.

*– بەو تەرحەی : بەم جۆرەیە، بەم ڕێگایە.

*– بەهایی هات : وشیار بووەوە ، ئاگادار بووەوە،لەخەو هەستا .

*– بۆن کزوز: بۆن سووتاو.

*– بۆن گنخاو: بۆنی دانەوێڵەی شێدارو رزیو.

*– بۆن خۆشکە : گیایەکی بۆن خۆشی کێویە،رەیحانە کێویلە.

*– بــژوون: بــۆ کەســانێك بــەکاردێ کــە دەیانــەوێ کارێــك بکەن،کارەکەش لەتوانای ئەواندا نەبێ،بەواتای لێت ناوەشێتەوە ئەو کارە بکەی.

*– بڕیاری نیە : واتا ئیش و کاری لەبەر ناڕوا ، کەسێکی ئیش کەر نیە ، بەتایبەتی لە دروێنەدا .

*– بڕیـوون : دابـڕان و وون بـوونی چـەند سـەرە بـزن و مـەڕێك لـە مێگەل.

*– بڕینەوەی بە دامـەن : جـۆرە بڕینەوەیـەکی مـوو و خـوری بـزن و مەڕیوو ،کەلەسەر هەردوو رانی دواوەی هەندێك موو جێدێلن ،بـۆ داپۆشین و پاراستنی گوانی مەڕو بزن .

*– برێشکە : گوڵەبەڕۆژەو دەنکە کودی لەسەر ساج برژاندن.

*–بێشێخ: گەلیەکی گەورەیە لەبەرانبەر بالیسان.

*– بێکێل: گوندێکە سەربەناحیەی بێتواتەیە.

*– بیراز : دوو مانای هەیە :

١–بیراز : لەکاتی قەبر هەڵکەندن دا ،ڕێکخستنی ناوەوەی گۆڕ .

٢- بیراز : کاتێ ساڵی یەکەم رەزێك دادەچێنی ، ساڵی دووەم سەیرەکەی هەندێ لە بنە مێوەکان وشك بوونە ، بۆ جاری دووەم هەڵدەستنەوە بە چاندنەوەی ئەو بنە مێوانەی کە وشك بوونە .

*- بی مزەڕەت : بێ بەلآن، لەکاتی چاك و چۆنی بەکاردێ.

*-بێزەوەر: بێسەرو بەر، پیس و پۆخڵ.

* بێڕەزا : کەسێکی گەورەی بە شان و باڵ .

*- بێ فەیز : سیماو رووی ناشرین و بەد فیساڵ .

*-بێنمەك: سپڵەو بێوەفا، بەدنمەك،پێنەزان.

*- برژانەوە : برین دوای ئەوەی دەرمانی لێدەدرێ،ئازاری زۆرە، برژانەوەی پێدەڵێن.

*- بڕمووت : بڕنووت ،جۆرە تووتنێك بوو ، زۆر ورد دەکراو، لە رێی کونە لووتەوە هەڵدەمژرا ، بۆ ئەوەی بپژمێ .

*- بزوورانەوە: منداڵێك لەگەل چەند منداڵێکی تر یاری ئەکات،ئەڵێن لۆخۆ بزوورایتۆ، واتا مەشغول بووە.

*- بزمك : بۆ ئەوەی کارو بەرخ واز لە شیر خواردن بێنن ، دارێکیان بە بەنێك لەدەمیان دەبەست ، بەمە نەیان دەتوانی گوانی دایکیان بمژن.

*- بێتواتە : مەرکەزی ناحیەی بێتواتەیە،بێتواتە شوێنێکی ئەسەری زۆر گرنگە، کەوتۆتە رۆژ ئاوای رانیە.

*- بێترمە : گەڕەکێکی مەسیحی نشینە لە شەقڵاوە.

*- بێ دوایی و بەرایی : یەکێکە هیچ منداڵی لەدوا بەجێ نەمێنێ.

*– بێراوە: گوندێکی دێرینە لەرۆژهەلاّتی بالیسان، بە دایکی گوندان ناسراوە، چونکە ئەو گوندانەی لێ بوونەتەوە(شێرەی سەرو و خوارو، خۆران، بەشێکی کانی بەرد،گورگان، خۆران، کەندەسۆر، کۆخان).

*–بێ نوێژی: خوێن هەبوونی ژن لەکاتی حەیزدا.

*– بێ ودم: بێ خێرو بێر، یەکێك خێری بەنێوچەوانەوە نەبێ.

*– بێ دارو بار : کەسێك کە زۆر لاوازو باریك و شڕو شەپڕێو بێ .

*–بێڕۆ : گوندێکی دێرینی دۆڵی بالیسانە کەوتۆتە نێوان هەردوو گوندی(خەتێ و توتمە).

*– بیریژیان: گوندێکی خۆشناوەتیە سەر بە پیرمامە.

*– بستۆکە: ئەو ئاسنەی دەخرێتەسەر ئاگردان بۆ ئەوەی مەنجەڵ و تکری قۆریەی لەسەر دابنێن.

*– بیسمیل: شووشتنەوە،پاك کردنەوە، بسم الله کردن لەشووشتنی شتێکی پیس و مردار.

*– بیستەك: ماوەیەکی کەم، (وەرە بیستەکێ دانیشین).

*– بنگ : گوفەك، ئەو زبڵەی فرێدە بەر بنگێ.

*– بن دەرگە : نازناوی ئەو خزمەتکارەبوو لە پشت دەرگەی قەمتەرەو حەوشە دادەنیشت و دەخەوت .

*– بنە تەقە : بە کەسانی زۆر خۆر دەوترێ ،شتێك کە بنی پێوە نەمابێ .

*– بنکڕ : ئەو بەشە شیوەی کەبەبنی مەنجەڵەوە دەنووسێ ، کەلکی خواردنی دەمینێ.

*–بینخێوه : دای پۆشه، شتێکی لەسەر دانێ.

*– بژی : مووی سەرملی ولاّ غ .

*– بێناتان : گوندێکی بچووکه لەسنووری ناحیەی بێتواته ، لەنزیک لووتکەی شیشاره .

*– بۆڕ :چڕو پڕ ، لەکاتی تۆ چاندندا ، ئەبینین دوای شین بوون ، هەندێ شوێن تۆیەکان بەچڕی و پڕی شین بوونه .

*– بۆدان : پێش سوورکردنەوەی کونجی ، پێش ئەوەی بکوترێ . پێش برژاندن .

*– بەرچێر: نێوان زگ و ملی مرۆڤ.

*– بەرپێن : پاشقولێ ،له کاتی شەڕو زۆران بازیدا ، یەکێك پێیەکی لەبەر پێی ئەوی تر دەناو بۆ ئەوەی بەربێتەوەو بیدۆڕێنێ.

*– بەجەڕەو مەنگەنه : کەسانی پڕ له فرت و فێلێ ،یان کەسێك زۆر ورد بێ له دیتنەوەی کەموکوڕی له ئیش و کاری خەڵکدا.

پ

*– پاپوو: کۆتایی پێهات، بۆ منداڵان بەکار دێ.

*– پاش وە مندە: پاش وە ملە غەیبەت کردن.

*– پاسکردن: پاراستن و ئاگا لێبوون، حەڕەسیات لێگرتن.

*– پاتار: ئـاژەڵ و ولسـات، کۆنـە پـەڕۆ، رووتـی بێبـەرگ، کەلوپـەلی تالآن.

*–پاشاپاشایانێ: گەمەیەکی کۆنی منداڵانەبوو.

*– پاش وەملە: باسکردنی کەسێك کەلەوێ نەبێ، غەیبەت.

*– پاشۆل : ئەو پەڕۆیەی کە ژن و پیـاو لەپشـتەخۆیان دەبەسـتن ، بۆ لێکردنەوەی مازی و شتی تر .

*– پاشـویل : هـەمان مانـای هەیـە ،لەگونـدەکانی سـنووری بێتواتـە بەکاری دێنن .

*–پاش وەبـەرە : دوا منـداڵ کـە لەدایکـەبێ، یـان دوابەرهـەمی دارو درەخت.

*–پاش وەبژار: دوایین بژارکردنی شینایی.

*–پاك لەپاك: قەرزدانەوەو قەرز سافکردن، تۆڵەکردنەوە .

*– پایدۆز : زاراوەیەکی تورکیەو کەوتۆتە ناو زمانی کوردی، بەمانای کۆتایی هێنان بەکارێك.

*– پانکردنەوە: خۆبردنە پێش،ماستاو ساردکردنەوە .

*– پانۆك: بەکەسانی ماستاوچی دەگوترێ.

*– پاوان: دابڕینی پارچەیەکی گەورە لەچیاو خۆبەخاوەن زانینی.

*– پاتەسەر : شوێنێکە لەسەر ،لەپشتەوەی سەر.

*–پارەســـوو : دەرکردنـــی یـــەکێك بـــە هێـــزی ملان،هـــەروەك ئەڵێن(بەپارەسوانم وەدەرێ نا).

*– پارسەنگ : کێش ، تەرازوو ، قورسی ،جاران بەشـی هـەرە زۆری تەرازوەکان دەستکرد بوون ،تای تەرازووەکان لایەك لە لایـەکیان قورستر بوون ،جا بۆ ئەوەی هەردوولا قورسایی یەکەیان یەکسان بـێ بـەردێکیان لـەلای سـووکەکە دادەنـا ،بـەو بـەردە دەوتـرا پارسەنگ ، واتا هاوکێش .

*– پارچەرە : منداڵێك کەمێك گەورەبووبێ.

*– پاییزی : جۆرێکە لە هەنجیر ، هەنجیری هەرەباش .

*– پاپۆنی : هەنجیری گەورەو شیرین .

*– پێلەقەورگانـــە : بنزارێکـــی کـــۆنی خۆشناوەتیە،ئێســـتاش بەکاردێ،بەمانای ئەوە دێ ئەگـەر کەسـێك بـە پێلەقـە لـە ورگـی کەسێکی تر بدات، ئەڵێن پێلەقەورگانەی پێکرد.

*– پێ سۆل : پێڵاوێك کە پاشپانی نووشتابنەوە .

*–پێ پەتی : پێ خواس ، بێ پێڵاو .

*– پـــل : بـــەواتای پەنجـــە دێـــت،وەك ئـــەڵێن پلەســـتوور، واتـــا پەنجەگەورە.

*– پسیلە : پاییزان دەرنەکەون ، لە جۆرێك لەگیا بەردەبێتەوە .

*–پێوە بووینە: تووش بووینە.

*–پێیان بە غارێ وەنا: رایان کرد، غاریان دا.

*–پەشتەمار: پەشتەماڵ.

*– پت : پەنجە.

*– پت راست: دەست راست لە نیشانەو ماتانێ.

*–پوول : لەکاتی کەلایانەو ماتانێ ئەگەر کەلا بەر پێی یەکێك بکەوێ، ئەڵێن پوولی دایێ، دەبێ سەرلەنوێ یاریەکە بکرێتەوە.

*–پێککردن: واتا یاریکردن لەگەڵی.هاوڕێیەتی کردنی کەسێك ،کردنی کەسێك بە هاوبەشی کارێك.

*– پێکی مەکەن: دۆستایەتی لەگەڵ مەکەن، یاری لەگەڵ مەکەن.

*–پینگ : برنجی نەکامڵ و پووچەر، برنج هێشتا ماویەتی پێبگات.

*– پێکەتن: ئەوانەی کە شێتن ، لە خۆچوون.

*– پێوە بوونە : تووش بوونە،

*– پێویا : پێویستی پێبوو.

*– پووغە : نابووت ، رووت و رەجار ، لاواز، بێ هێز.

*– پزدان : ئەو شوێنەی کارو بەرخ پارێزراون لەناو سگی دایکیان ، ئاژەڵ دوای زانی پزدانی فڕێ دەدا .

*– پۆڕ : جاران کە سەریان دەتراشی هەندێك پرچیان لەپێشەوەی سەری دەهێشتەوە ،بەوەیان دەووت پۆڕ.

*–پسسانە : تۆقیون ، ترساون.

*– پێمیز: گیسك یان نێری هاوینان کە لە ماڵەوە بەخێو دەکرێ و قەڵەو دەبن، میز بەدەمی خۆیان دا دەکەن،

*–پیرکژین : پژمین.

*– پنجکردن :واتا پینەکردنی هەر شتێك بێ.

*– پێچك : بەمانای پێ دێت ،بەتایبەتی بۆ باڵندەو ئاژەڵ.

*– پەتك : بۆ دوو ماناو مەبەست بەکاردێ:

یەکەمیان: بەپارچە گوریس یان کندرێك دەوترێ.

دووەم: کەسێك کەقسەکانی لەسەر یەك نەبن، ئـەڵێن قسـەی پـەتك پەتك مەکە، قسەی هەلەق و مەلەق.

*- پەلار : ئەو پارچە دارەی کەئەیگرنەمریشك و پەلەوەر.

*- پەلار : تانەو سەرکۆنە،تەعلیق لێدان، پلار.

*- پەلەندەر: پەلامار، هێرش کردن.

*- پەحەانەح:وشەی سەرسوڕمان و باوەڕنەکردن.

*- پەلـەهوور : جۆرێکـە لـە خـواردنی کـوردەواری،ورگی ولاْخـی بەرزە،دوای پاك کردنـەوە،وورد دەکرێت ، یـان بـە گەنمـە کوتـا لێدەنرێ یان هەریەتەنیا لێدەنرێ ، خواردنێکی بەلەزەتە.

*- پەشتەمار : بەواتای خاولی دێت.

*- پەنوور : جۆرە گیایەکە لـە کوێسـتانەکان دەڕوێ، دەدروێتـەوەو بۆ زستان ئاژەڵ حەزی لێیەتی.

*- پیراندن : زگ چوون ،ئیسحال بوونی ئاژەڵ.

*- پیرە قۆتر : بەو بارگیرو ئەسپانە دەوترێ ، کە پیر بوونەو توانای کارکردن و باربردنیان نەماوە.

*- پەمۆ گشتە : گیایەکی بەهاریە، بەرێك دەردەکات ، تابلێی بـەتام لەزەتە،نـەرم نیانـە، دوای ئـەوەی پەلکەکـەی لەسـەر لادەبـەن ،وەکوو پەمۆ سپیەو گشتە.

*- پیرەباو : ئەمەشیان بەهاران شین دەبێ ، بنکەکـەی لـەژێر زەوی هەڵدەکەنن و سپی دەکرێ، شیرین و بەلەزەتە.

*- پۆخ: لەوەرزی بەهاردا، پێش ئەوەی دار گەڵا دەربکات ، سەرەتا
بە پۆخ دەست پێدەکات،واتا سەرەتای دەرکردنی گەڵا.
*- پەسیرانەیی :جۆرێکە لەترێ ، پاییزان خۆش دەبێ.
*-پەپوولە: جگەلە پەپوولەی ئاسایی ، گیایەك بەهاران شین دەبێ
چەند پەلکەیەکە، مرۆڤیش دەیخوا.
*- پەڕین : کاری سێکسی ئاژەڵان.
*- پەڕەشووت : جۆرە چەکێکە ، لەبرنۆ گچکەترە .
*- پەڕاگەندە :ئاوارەیی ، لەیەك دابڕان .
*- پەستن : شتێك کە بە زۆر لە ناو گونیەیەك دا بنێیت .
*- پەلبڕ : پەلە دارێکی کورت و درێژ.
*- پەرچەم : موو ، قژ ، زولف .
*- پەرێز : دوای درووێنەی گەنم ، بەو شوێنە دەڵێن پەرێز .
*- پەرێز پیس : بە کەسانی رابردوو ناپاك دەوترێ ، هەروەها بە
پەرێزی پڕ لە درك و داڵ دەوترێ .
*- پەرێز خاوێن : واتا کاتێك درووێنە دەکرێ گوڵە گەنم ناکەوێ ، بۆ
کەسانی رابردوو پاکیش دەوترێ .
*- پەرچ: پێچدانەوەی ئاسن و بزمار.
*- پەرە : باران بارینێکی گەلەك زۆر ،سێ شەو و رۆژ لەسەر یەك
بارین ،بەمەرجێك زەوی تێر ئاو بووبێ .
*- پەرێ قەبری : بریتیە لە ئاو گەیشتنە ناو قەبر، ئەوەندە بارببێ .

*– پەرەی یەعقووب ئاغایی : بریتیە بەو پەرەیەی کە زەوی کێڵدراو دوای باران ، کە وڵاخ بەناویدا بڕوا یەکسەر جێی سمی پڕ لەئاو بێ .

*–پەلەزێ : بەهاران دەڕوێ، گیایەکە گوڵێکی سێ پەلکە دەردەکات ، گوڵەکە لێدەکرێتەوەو دەیخۆن.

*– پەککوو : وشەی سەیرمان ، وشەی داخ و خەم ، وەکوو(پەککوو لەو پیاوە باشەی مرد).

*– پووچە : جگە لەوەی بەمرۆڤی لاواز دەوترێت،بەهیچ و پووچیش دێ.

*– پووزەکە : یەکێك زۆر لاواز بێ.

*– پشی : بۆ دوو مەبەست بەکاردێ :

یەکەم: بەمانای هەناسە دێت، وەکوو ئەڵێن(پشی تەنگە).

دووەم : بەمانی پشوو دێت، وەکوو ئەڵێن(باپشیەکێ بدەینێ) واتا با پشوێك بدەین.

*– پشپشۆکە : گیایەکە لە کلکی پشیلە دەچێ.

*– پشکە خێر : ئەو گۆشتەی دەکرێتە خێرو بۆ ماڵان دەینێرن .

*– پۆز : جگە لەمانای خۆدەرخستن و دەعیەو تەکەببور،بەواتای کونی کۆمی مرۆڤیش دێ، بەتایبەتی منداڵ بەکاری دێنن بۆ جنێو دان بەیەکتری.

*– پۆخر : پیس و پۆخڵ.

*– پەقۆ : لەهەندێ گوندی خۆشناوەتی بە تێکەڵکردنی ووردکەنان لەگەڵ ماست دێت،بەلام لە هەرتەل بە گەنمە کوتا دەڵێن

پەقۆ،لەهەنـدیّ شـویّن لـەجیاتی ئـەو وشـەیە(نەڕەفیل و نـان بەچینەو تلیت و ماست بەکاردیّنن.

*- پیّ پیّوەنان " واتا راکردن ، غاردان، بەپەلە هەلاّتن.

*- پیّوە درابوو : دەرگاکە داخرابوو.

*- پیتـاك : ئابۆنـە، پـارە کۆکردنـەوە بـۆ حیزب،لەئەنـدام و لایەنگرهەوادارانی.

*-پۆخین : جاران لـە کۆتـایی زسـتان و سـەرەتای بـەهار،پۆخینیان دروستەکرد،پۆخین بریتی بـوو لـە برژاندنی گـەنم و نـۆك ،دوایـی بەدەستاڕ ئەیان هاڕی، ئەو ئاردەی کە دروست دەبـوو ، دەبـووە پۆخین، زۆر خۆش و بەلـەزەت بـوو، کـاتیّ کـەدەخوراو قسـەیان دەکرد،تۆز لەدەمیان دەرەچوو.

*- پیچەك : کەمیّك ،تۆزیّك، هەندیّك.

*- پۆش : بزنی رەش ، گویّ سپی. یان بە پیّچەوانە،بزنی سپی گویّ رەش.

*- پۆشتەو پەرداغ: ریّك و پیّك و پۆشتەو ئامادە.

*- پووش و پەراش : گیای وشکی بابردوو.

*- پووشکار : زەردبوونی گیا لەوەرزی هاوین، پووشپەڕ.

*- پیّچـەك : دوای ئـەوەی بـار لـە ولاّغ دەنـریّ، بـۆ قـایمکردنی بارەکە،پەلەداریّکی گچکە دیّنن، لەو گوریسەی بارەکەی پیّ قەیم کراوە،دارەکە لەو پارچـە گوریسـە دەئـالّیّنن ، ئنجـا دەیسـوڕیّنن ،بۆ ئەوەی بارەکەی پیّ توندو تۆلّ بکریّ.

*– پێخۆر : بەرچایی بەیانیان ،ئەو خواردنەی بەیانیان لەگەڵ نان ئەخورێ.

*– پێتەرازوو: سەبەتەی گچکە.

*– پێ درێژی : پێ لەئەندازەی خۆ دەرچوون،وەکوو چی دی پێدرێژیان نەکەی.

*– پێگرتی : منداڵ کەتازە پێ دەگرێ و خەریکە بەسەر پێ دەکەوێ.

*– پێخوست : شوێن پێ ،شوێن پێی ڕۆیشتوو .

*– پێی هەرناگات : واتا دەستی ناگاتێ .یان باڵای کورتەو نایگاتێ .

*– پێش بار : ئەو وشەیە لە ژیانی کۆچەریدا بەکار دەهات ، کۆچەریەکان لەکاتی گەرمێن و کوێستاندا ،بەکەرووبار ماڵیان دەگواستەوە ،ئنجا پێشەکی هەندێك ماڵ و کەرەستەیان بار دەکرد و دەیان بردە هەواری نوێ . بەو کەرەستەو کەروبارە دەوترا پێشبار .

*– پێش قەرەور : ئەو کەسەی لە پێش لەشکر دەڕوات ،پێشەنگ.

*– پێوێران: دەرەقەت هاتن.بارتەقا هاتن .

*– پێ هەر میزتن : میز بەسەردا کردن.

*– پوونگین : دەو ئاوێك کە پوونگی لێبێ.

*– پوونگین : سەرچاوەیەکی ئاوی گەورەیە لە گوندی توتمە ،ساڵێك ئەگەر ئەو کانیە بژێیتەوە ئەوا تاکوو نزیك سەروچاوە ئاودێری دەکرێ ، لەدۆڵی بالیسان.

*– پوونگینە : گوندێکی خۆشناوەتیە لە دۆڵی هیران.

*– پێچ : بە دوو مانا دێت:

یەکەمیان :بەواتای لۆفە دێ.

دووەمیان : بەواتای ئازار دێت، وەك ئەڵێن زگم پێچانەکات) واتە ئازاری هەیە.

*– پند : ئەسپێی مریشك.

*– پندڕ : لەناوچەی خۆشناوەتی سەرەتای پێگەیشتنی ترێ، کاتێك نیوەی هێشوەکان پێگەیشتبێ و نیوەی تریشی هەر پەسیرەبێ .

*– پندرێچکە : خۆ پێوە هەڵواسین ، واز نەهێنان لە داواکاری .

*– پنج : بنە گیا، رەگ و ریشەی گیا، وەکوو (گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە).

*–پڕکێشی : سوور بوون لەسەر شتێك ، پێداگرتن لەسەر مەبەستێك.

*– پرێسك : بوخچە ، شتی لەناو پەڕۆ پێچراو.

*– پزدان : بێچوەدانی ئاژەڵ، شوێنی بێچوو لەناو زگی بوونەوەر.

*–پنگانەوە : ئاو لەناو جۆگە کاتێك بەهۆی گەڵای وشك و بەردو خۆڵەوە دەگیرێتەوەو پنگ دەخواتەوە.

*– پڕوپۆر : بریتیە لەتەڕکردنی هەندێ ئارد،بۆ ئەو جووجکانەی کەتازە لە هێلکە هاتوونەتە دەرێ.

*–پرتە پرت: زۆر قسەکردنی بێ سوود.

*– پرتە پرت : دوای پێکردنی فانۆس و لامپا، هەڵپەڕینی پلیتەکەی.

*– پشی : پشوودان ،

*- پشی دان : دانیشتن ،پشوودان .

*- پشیَ وی : بەشی ئەو .ئەوەندەی بەرکەوتووە.

*- پشـی سـوار : هەناسـە تـەنگ .لـەکاردا خێـرا .لـەکاتی رووداو و کارەساتدا زوو هەرەس هێنان .

*-پش : بەش ، پشیَ توو ئەوەندەیە، بەشی تۆ ئەوەندەیە.

*- پشـــك : پارچـــە، بەشـــێك ، وەکـــوو (پشـــکە خێـــر، پشـــکە گۆشت.....هتد).

*- پشتی : کەلوپەل لەکۆلَ هەلَدان.

*- پشت کرایە : ولآخێك یان باریەرێك یەکەم جار کە کورتان دەکریَ و باری پێدەگوازنەوە.

*- پشتیە چیلك : کۆلێك لە چیلك.

*- پشتیە دار : کۆلێك دار.

*- پشتی هەیە : بەکەسوکارە،

*- پوشکنینەوە : لێك جیاکردنەوەی خوری ،

ت

*– تـــات : شـــوێنی نوێژکردن.لەتەختەبـــەردی پـــان و بـــەرین ڕێکخراون.یان لە چەمەنتۆ دروستکراوە ،

*– تاتەشۆر : شوێنی شووشتنی مردوو.

*– تاریکەرە: کونە بەفر.

*– تاراو : ئەو کانیانەی کە ئاویان شیاوی خواردنەوە نین و تاڵن.

*– تاتەفەلـــــە : یـــــەکێك ســـــەری زۆر گـــــەورەبێ، پـــێ ی ئەڵێن(سەرتاتەفەلە).

*– تادار :کەسێك تای لێبێ و نەخۆش بێ.

*– تازیلە : بڕووش.

*– تاریشك : گیایەکە شیری تێدایە،ئاژەڵ زۆر حەزی لێیە.

*–تاما لێیە : تام هاتۆتێ ، نەخۆشم ، تاگرتوومی .

*–تایێ گرتیمە : تام گرتووە .نەخۆشم دەردەم گرانە.

*– تامیسکە : زیپکەی سەر لێو.

*– تانج : جۆرە گیایەکە بەهاران شین دەبێ ، بنەکەی دەخورێ.

*– تانۆك : دیواری بە پەرژین و بەقوڕ سواغ دراو.

*– تارك : پیسی قرێژی گەڵای تووتن،

*– تالع : شانس ، بەخت ، نێوچەوان .

*– تارینان : گوندێکی خۆشناوەتیە لە دۆڵی مەلەکان.

*– تارۆك : چەقەلەی تاڵ، باوی تاڵ.

*– تارە گویز : گوێزی تاڵ .

*– تارووکه : زۆر خێراو تەنگاو.

*– تاوی دایێ : هێرشی بۆ کرد، پەلاماری دا.

*– تاودان : خێرا ڕۆیشتنی ئەسپ.

*– تاو لێهاتن : بێ ئۆقرەیی ، یەکێك زۆر خێرابێ لەکاروباردا.

*–تاوك : جۆرە دارێکە، بەرەکەی وەکوو گێوژ وایە.

*– تایێفە : بەرەباب ، بنەماڵە.

*– تایێفی : جۆرێکە لە ترێ ، ترێی دەنك درێژ.

*– تازە وێڕاکا : کاتێ کچ تەمەنی دەبێتە پازدەو شازدە.

*– تووله : گجووله سەگ، سەگی گچکه.

*– تەحەبیوڕ: سەری سوڕما.

*– تەقەت کردن : شارنەوەی شتێك.

*– تەلەسمات : ڕێگا سەختەکان ، بەتاڵکردنەوەی سیحرو جادوو.

*– ترنجۆکه : گیایەکی وەرزیه، ئەخرێتە ناو چێشتی دۆین.

*– تەوالیت : ئەو پرچەی جاران لەپێشەوەی سەر دەیان هێشتەوە .

*– تفنك : کوونە کەپوو، کونە لووت.

*– تەس: کاتێ ئێستر یان کەر پێیان لەسەر گوریس یان هەرشتێك دانایە، کەگوتت تەس یەکسەر پێی لادەبا.

*– تەنیشت : کاتێ ولاّغ باری لەپشتە بۆ ئەوەی خۆی نەکێشێ بەو لاو بەولا، پێی ئەڵێن تەنیشت، یەکسەر خۆی لاتی ئەکات.

*– تۆپین : ئەو گیان لەبەرانەی کە گۆشتیان ناخورێ وەموو(کەرو ئێسترو سەگ و مارو بەران) دەمرن،تۆپین یان پێدەڵێن.

*– تفەنگ چی : دەست ڕاست و نیشانە شکێن، دۆستی تفەنگ.

*– تفتیلك : كۆترە باریكە،لەكۆمەڵەی كۆترە،
*– تەبەقە : نەخۆشیەكی ئاژەڵە.
*– تەبەقە : جاران دوای هەفتەیەك لە ژن گواستنەوە،خەڵكی گوند هەندێ پێداویستی ماڵەوەیان بۆ ماڵی زاوا دەبرد،وەكوو هەفتانەی ئێستا.
*–تەبەقە: بۆ ئەوانەش بەكاردێ، كەلەناو مەدریس ترپان لێبەردەبێ، ئەڵێن تەبەقەی كەتە سەر.
*–تەڕ : ژنی جوان و پێش چاو و قەڵەو.
*– تەپاندن : لێدان لە مندالێ.
*– تەپەنووس : ئەو كەسانەی بەزەویەوە نووساون و هێزی كاركردنیان نیە
*– تەپەنووس : پرچ ئاڵۆزكاو ، قژ ئاڵۆز .
*– تەپڕن : دەنگی لێدان ، دەنگی بەریوونەوە.
*– تەحەئەح : وشەی سەرسوڕمان،
*– تەترەكردن : هەڵتەكاندنی تووتن بۆ پاككردنەوە.لێك جیاكردنەوەی دانەوێڵە.
*– تەڕاو بەڕا : لەیەك هەڵوەشانەوە، لەیەك جودا بوونەوە،بوونە بەردی برابرایێ.
*– ترگەورە : ئەو كەسەی خۆی لا گەورەیەو هیچیش نیە .
*– ترگێسك : زوو مشاوەش بوون ، خۆ راتەگر، زوو تەسلیم بوون .
*– تركەن : جەستەیەكی بێ ناوەڕۆك ، قوون فرە .
*– تەرتەشاخ ،: واتە پارچە شاخێكی گچكە.

*– تەرس : نامووس.

*– تەرس : شوێنی دانیشتن و نووستن .

*– تەرسی خۆی گێرەکرد : ناموسی خۆی برد، حەیای خۆی برد.

*– تەژی : پڕاو پڕ.

*– تەژی : تێرو تەسەل.

*– تەژەندەر : یەکێك باڵای ئێجگار درێژبێ.

*– تیوەڕ : کەلێن ، زیاتر بۆ کەلێنی شاخ بەکار دێ .

*– تەلان : شوێنی سەرەو ژێر .

*– تەژگەبەڕ: پارچە بەڕێکی بچووك.

*– تەڕاش : دار بەڕوو پێش ئەوەی گەورەبێت، چەند بنەدارێك لەتەنیشت یەکن.

*– تەڕکەحۆل : یەکێك باڵای زۆر درێژ بێ و کەم ئاقڵیش بێ.

*– تەڕو ئیشکانێ : جاران بۆ دەست پێکردنی یاریەك یان گرەوێك ، بۆ ئەوەی کێ یەکەم کەس بێ ،بەردێکی پانیان دەهێنا،بەتف لایەکیان تەڕەکردو دەهەوایان هەڵداویشت ، پێش هەڵدانی یەکێك ئەی گۆت تەڕ ، ئەوی دیش ئەی گوت ئیشك، کامەلای کەوتبایە لای سەرەوە ،ئەوا ئەو ئەیبردەوە.

*– تەقەو رەقە : شەڕو هەراو لێکدان،نیشانە شکێن ، دەست راست.

*– تەقەلۆ : سووتانی شوێنێك یان یەکێك بەتەواوەتی ،سووتانی تەواو.

*– تەریس : گونیە، گوش.

*– تەختەبەڕ : بەڕەی گچکە،بەڕە.

*- تەگە : نێری ، سابرێن.

*- تەگەگرتن : ئاوس بوونی بزن لە نێری.

*- تەم تەم : گەڕەکێکە لە شەقلاوە.

*- تەمسەر : سەرەڕۆ، سەرگەرمی کاتی گەنجێتی ، سەریان تەمەو هەست بە هیچ شتێك ناکەن ،گوێ ڕایەڵ نەبوون .

*- تەپی : رووخا ، خانووی فلان کەس تەپی .

*-تەپین : رووخان ، تێکچوون ، وێران بوون .

*- تەپکە : داو ، بۆ راوکردن بەکاردێ .

*- تەپك بوو : رووخا ، وێران بوو ، خاپوور بوو ، بەسەریەکدا کەوت

*- تەرۆك : لایەکی ورگ ،

*- تەژە : ئەو دارە وشکەی کە دەدرێتە بەر مێو ، بۆ ئەوەی نەکەوێتە سەر زەوی .لەهەندێ شوێن پێی دەڵێن (گەرشك).

*- تەرەس : جنێوێك بوو جاران، ئێستا باوی نەماوە.

*- تەریفە : یەکێك ماندووبێ، یان نەخۆش بێ، ئەڵێ تەریفە بووم، واتا هیلاك بووم.

*- تەڕك : داری تەڕ.

*- تەڕك : دوای خەزانی پاییز و گەڵا وەرین، زستانان قەدی دار بەڕوو تەڕکی پێدەڵێن، ئاژەڵ کەبرسی بێ ئەیخوا.

*- تەڕلان : ژنی جوان و پێش چاو.بێوەژنێکی جوان و لەبەر دڵان.

*- تەغار : پێوەری گەنم و جۆ بوو، پێیان دەپێوا ،.

*- تەغارە : یەکێك پیسایی گەورە بکات .

*– تڕاندن : فرت و فێڵ کردن لەکەسێك و لەخشتەبردنی.

*– ترەکین : دێڵەسەگ (دێرەکە) کەبێچووی دەبێ.

*– ترشۆکە : جۆرە گیایەکی بەهاریە، ترش و خۆشە.

*– تروسکایی : ڕووناکیەکی زۆر کەم .

*–تلوور : قوون لەهەواکردن، کاتی پیسایی کردن،.

*– تەسمە یان تاسمە : هەڵخلیسکانی ولاّغ لەسەر بەردو شوێنی لووس و تەڕ.

*–تەوسکە : گوندێکی خۆشناوەتیە لەبناری سەفین، سەیرانگای بەهارانە.

*– تەوسکە : هەنجیری کێوی ، بەرەکەی بچووکە.

*– تۆپراغ : هەر چەندە لەبنەرەتدا وشەیەکی تورکیە ، بەلاّم ماناکەی لەلای ئێمە جیایە ، بەواتای رەگ و ریشە دێت ،وەکوو یەکێك لە یەکێك توورە دەبێت ، پێی دەڵێ :تۆپراغت کۆر بیتەوە.

*– تۆقەسەر : تەپڵی سەر.

*– تۆڕی : سەگی بەرەڵلاّو بێخاوەن، بە مرۆڤی بەرڵلاّش دەوترێ.

*– تورخانەوە : توانەوە، شل بوونەوە ، خاو بوونەوە.

*– توورداس : تەورداس ، ئەو داسەی داری پێدەبڕن.

*– توتمە : گوندێکە لەرۆژئاوای ناحیەی بالیسانە.

*– تووك : دواعای خراپ کردن بۆ کەسێك.

*– توولەرێ: رێگەی باریك و بەرتەسك لەچیا، ئەورێیەی کە ئاژەڵی پێدا ڕۆیشتووە.

*– توولەمار : ماری بچووك و باریك.

*– توولەنەمام : ڕێچکەداری باریك و ڕاست و بەرز.

*– تکدان : بۆ منداڵی عەجوول و ناڕەوەست بەکار دێ، واتا دانیشتنی نیە.

*– تەنگە : پەتێکی پانە ، بۆ قایمکردنی کورتانە لەپشتی وڵاغ.

*– تەڕاتێن :هاتووچۆکردنی بێ سوود ، ناڕەوەست ، بەئارەزووی خۆی دەچێ و دەڕوا .

*– تەڕ پیر : بەو کەسانە وتراوە کە پیربوونە ، بەڵام دڵیان هەر تەڕەو جاحێرە ، هەڵسوکەوتی وەکوو گەنج وایە.

*– ترگارە: گوندێکە لەنزیك شەقڵاوە.

*– ترش : کفتەی ئێستا ، جاران بە کفتەیان دەگوت (ترشێ بە کفتان) .ئیدیۆمێکیش هەبوو ئەی گوت (ترش خوێدانێ بەشەریە).

*– ترقژن : قاقای پێکەنین.

*– تڕ گێسك : بەکەسانێك دەگوترێ کەپشوو تەنگن ، زوو تەنگاو دەبن.

*– تیسکن : واتا کوڵکن ،زۆربە موو.

*– تیسك : دامێن ، خوری مەڕ .

*–تیسمار : پارچەیەکی گچکە لە قوماش، پارچەیەك لەزەوی.

*– تیشەران : بەردەلانی سەخت .

*– تیشەشاخ: شوێنی هەڵدێرو بەرز لەچیا.

*– تیف تیفە : خۆجوان و لووس کردن ،

*- تیخ: واتا چەقۆ.

*- تیخنەزەرد : ئەو منداڵانەی کەلاواز و رەنگ زەردن.

*- تێتەقاندن : هەڵاتنی خێراو بەترسەوە.

*- تێکوەرانێ : زۆران بازی.

*- تێن : گەرمی ،گەرمایی ،گەرمی ئاگر.

*- تێنان : کاری سێکسی .

*- تێبڕین : هەم کاری سێکسی دەگەیەنێ ، هەم کاتێك دارێنك لەناو کونێکدا دەنێی .

*- تێلە کێش : ئەو ژنانەی لەدوای گەنم دروێنەدا ، گەنمەکە کۆدەکەنەوە بۆ سەر یەك .

*- تێمووم : تەیەممووم ، دەست نوێژ هەڵگرتن بە خۆڵی پاك.

*- تێڕاژۆتن : بردنە ناو شتێك.

*- تیر : نۆبەت ، نۆرە، سڕە،

*- تیرەمار : ماری باریك و درێژ.

*- تێرەخۆرە : ئەوەندەی برسی تێردەکات ، ژەمی برسیەك، بەهاران کە گیا سەوز دەبێ، ئەڵێن تێرە خۆرە بووە، واتا ئاژەڵ تێردەخوا.

*- تیواو تیو : تەنیشتاو تەنیشت ، بەلاخواری.

*- تیرێشك : پارچە زەویەکی گچکە،پارچە قوماشێك.

*- تخوون : نێزیك نەبوونەوە لەشوێنێك ، تخوونی ئێرە نەکەویەوە ،

*- تەجار : دەججال ، نوێژنەکەری رۆژو نەگر، بێ دین .

*– تـەمۆخ : شـوێنێك لەچـیا ، بـەردەكانی بوونەتـە زیـخ ، وەكـوو خۆڵیان لێهاتووە.

*– تیسكەتاو : تیشكی رۆژ.

*– تووشەر : تووی رەشی باریك .

*– توو قەسپ : باشترین جۆری توو .

*– تۆقەریێ داریێ : سەرەوەی دار.كامە شوێنی بەرزی دارە ،

*– توورگ: لەكۆمەڵەی رێویە، لە رێوی گەورەترە.

*– توولە : سەگی بچووك .

*– تۆربە : جۆرێك ، توورەكە

چ

*- جارِس : منداڵی عیناد.

*- جاندار : فێڵباز : جامباز : بەفرت و فێڵ،دەلالی ولاغ فرۆشتن .

*- جا چەرێی ؟: ئنجا ئەڵێی چ ؟

*-جا کێوە هەرێم ؟ : ئنجا بۆ کوێ راکەم.

*- جا لۆ وارێی ؟:ئنجا بۆ چی وا ئەڵێی؟

*- جا لۆ چەچی ؟ : ئنجا بۆ چی دەچی؟.

*- جاییَزی بووکی : بریتی بوو لە (گۆرەوی ، ئاوێنەی بچووک، کڵاو، نۆخین.....هتد) دوای هەفتەیەك لە بووك گواستنەوە ، خەڵکی گوند هەریەکەو (قەندە شەکرێك،چەند شیوە ساواریێ، چەند شیوە برنجێك.....) یان بۆ ماڵی بووك دەبرد، ئەوەیان بۆ دانانی بناغەی ماڵی زاوا بوو،ماڵی بووکیش ئەو شتانەی کەباسمان کرد لەجێگای ئەو شتانەی کە هێنابوویان دایان دەنا، وەکوو هەفتانەی ئێستا.

*- جا ئەتوو چی ؟: کاتێك بەرامبەرت بە هیچ نەزانی، جاتۆ چی.

*- جا ئەتوو کیش پێدا : ئنجا تۆ چ پەیوەندیت بەوەوە هەیە.

*- جاتووچی لاقەت پێدا : ئنحا تۆ چ پەیوەندیت بەوە دایە .

*- جاشك : بێچووی کەر بۆ ماوەی شەش مانگ پێی دەڵێن جاشك ،دواتر ئەگەر نێر بێ پێی ئەڵێن جاش نێرەکەر ،ئەگەر ماچەش بێ ئەوا ئەڵێن جاش ماکەر ،دوای ئەوەی دەبێتە ساڵ و نیوێك ئەبێتە (کورەبژ) ،پاشان دەبێتە باربەرو پشت دەکرێ .

*– جانگ : جۆرە قوماشێکی ئەستووری ئاو نەدەر ، درەنگ دەدڕێ، وەکوو مشەمما وایە ، وەکوو قوماشی چادر وایە .

*–جبۆ : کورت کراوەی ناوی جەبارو جوبرائیل.

*– جزوە : دەفری قاوە تیادا لێنان ،قاوە جۆش.

*– جزوبەند : کتێب بەرگ کردن ،بەهۆی سلێرك .

*– جل : لەکاتی سەرمادا پارچەیەك لەبەڕە یان کۆنە مافوورێك ،لەسەر پشتی وڵاخی باربەردا دەدەن .

*–جلفڕ : خواردنێکی کوردەواریە ،پیازیان ورد دەکرد ئنجا لەناوی سماقیان دەکردو دەیان کوڵاند ،دواتر چەند هێلکەیەکیان تێ دەکرد.

*– جلیت : هێرش کردن ، پەلاماردان لەلایەن مار،

*– جل و جۆڕ : کەلوپەلی وڵاخی باربەر.

*– جەفت : کڵاوی بەڕوو،بۆ خۆشکردنی پێستە بەکار دەهات.

*– جەسارەت : واتا توانایی ،غیرەت و ئازایی.

*– جەسوور : بەتوانا، بەغیرەت ،ئازا.

*– جەڕەبابۆ : میزەڵان ، دەبدەبە.

*– جەرگ سووتان : بریتیە لەمردنی منداڵ کە گەورەبێ.

*– جەزرەبە : ئازارو ئەشکەنجە .

*– جەزرەبە : تاقی کردنەوە ، پێشینەی هەیە ، تاڵی و سوێری چەشتووە .

*– جەلی : گوندێکی ناحیەی سکتانە.

*– جەلی زادە : خەڵکی رەسەنی جەلی .

*- جەلۆ : کورتکراوەی جەلال.

*- جەمبوون : کۆبوونەوە، خڕبوونەوە.

*- جەنە : یاخی بوون ،یەکێك پێداگری لە شتێك بکات ، مانگرتن.

*- جوببە : جۆرێکە لە کەوای مەلایان.

*- جۆی وە دیواری هەرەبا: بۆ کەسانی فێڵبازو جادوکەر بەکار دێ ، بەواتای سیحربازیش دێ.

*- جسنات : رەگەز، جسنات حیز، رەگەز حیز.

*- جستان : زستان.

*- جۆبڕە : کاتی بڕینەوەی بزن و مەڕ.

*- جۆڕك : لەقوماش دەیان دووری بۆ تێکردنی کەلوپەل.

*- جۆنی : شوێنی کوتانی دانەوێڵە.

*- جڕپەدڕ: وردکردن ،دڕاندنی قوماش یان کاغەز.

*- جسن : رەسەن.

*- جوانە ماین : بێچووی ماین ،.

*- جینجر : ماری دوو رەنگ .

*- جوانە مەرگ : بەگەنجی مردن ،

*- جوابێز : جیاواز.

*- جینگن : ئەو کەسەی زوو توورە دەبێت ،زوو دەگرێ ، شەڕانی نەگونجاو.

*- جینگز: سەگێك کە زۆر دەوەڕێ.

*- جەور: ئەزیەت و ئازار، ماندووبوون.

*- جەرەب : کۆمەڵێك سەرە بزن و مەڕو مانگا .

*– جەرەب کڕ : ئاژەڵ کڕ .

*– جەوسان : زۆر هاتن و چوون، ڕانەوەستان، زۆر گەڕان.

*– جەوار: گونیەی جاران کەلە مووی بزن دەپەشتراو دواتر لەلایەن کارگەی جۆلایی دەکرایە گونیە.

*– جەوهەردار : خەنجەری هەرەباش، خاڵدار.

*– جەوی : ئەو چەوریەی کە هەندێ داری وەکوو چەقەلەو قەیسی و خۆ خو داری توو ....هتد دەر دەکات.

*– جەوێ : کورتکراوە ناوی جەواهیرە.

*– جگ جگانە : یاریەکی کۆنە.

*– جوو : ئەو کەسەی کە جەرەوی ولاغی بووکی ڕادەکێشا.

*– جوانە ماین : قۆناغەکانی تەمەنی وەکوو جاشك وایە ، واتا جوانە ماین یان ئەسپ ،دواتر ئەبێتە (ڕووتـە) ،پاشـان ئەبێتـە (قووتـە) ،لە کۆتاییدا پشـت دەکـرێ و یـان کورتـان یـان زینـی لـە پشـت دەکرێ .

*–جـــوغز : یاریـــەکی کۆنـــە.تۆپێکیان لـــە پـــەڕۆیان دروســـت دەکرد،دەبوون بە دوو گرووپ ،بەو تۆپە یاریان دەکرد

چ

*- چار : چاڵ، جاران گەنمیان تیادا دەشاردەوە.

*- چارەبەفر : چاڵەبەفر.

*- چارشان : مرۆڤی گەورەو زل.

*- چارپێ : وڵاخی بەرزە ، کەرو ئێسترو ماین.

*- چاری چاریانە : سوار سوارانێ ، رمبازی ، سەرلە دوویەك نان بە ولاّغ.

*- چار مەشقی : دانیشتنی نارێك، پانەوپان.

*- چار یار : چوار جێ نشینەکەی پێغەمبەر(د.) ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی.

*- چاك و پیر : شەخص ،ئەو گۆڕانەی کە خەڵك بۆ مرازو داخوازی دەچنە سەریان .

*- چاو لێربوون: کەسێك زۆر خەوی بێ و چاوی هەڵنەیەم لەخەوان.

*- چاو هەر زڕای : چاوی گەورەو بێ سەرو بەر.

*- چاو بن پیارە . چاو گەورەی هێندەی ژێرپیاڵە.

*- چاو حیز : چاو گێڕ لەناموسی خەڵك.

*- چاو بەلەبۆق : چاو بێسەروبەر.

*- چاو بەرەژێر: کەسێك کارێکی خراپی کردبێ و رووی مەدریسی نەبێ.

*- چاو تەنگ: رەزیل و قرچۆك.

*- چاو پێهەرنەهاتن : شەرم کردن، کەسێك کاری باشی نەکردبێ .

*– چـاو و راو : شـات و شـووت و درۆ هەڵبەسـتە،خۆ هەڵكێشـان، چاوگێڕان.

*– چاو رشتن : كل دەچاو كردن ، خۆ رازاندنەوە.

*– چاو و زار : بەچاوی پیسەوە بوون ،چاوی پیس لێدان .

*– چاوكراوە : دنیا دیتە،تێگەیشتوو ، شارەزا.

*– چاو شۆڕ : منەتبار ، شەرمەزار.

*– چاو لەدوو : بەئاواتی یەكێك كەبەدەستی نەگەیشتووە.

*– چاو لەدەر : كەسێك ژنی هێنابێ یان مێردی كردبێ ، بەڵام هێشتا چاوی تێرنەبووە.

*–چاو كسۆك : ئەوانەی چاویان سوورە.

*– چاو شلوكانە : جۆرە یاریەكی منداڵان بوو ، خۆ شاردنەوە.

*– چاو كوسك كردنەوە : خۆ خاقڵاندن ، هەڵنەستان بۆ كردنی كار.

*–چاوی دایێ : سەیری كرد ، تەماشای كرد .

*– چار پێ : وڵاخ .ئێسترو كەرو بارگیرو ماین و ئەسپ ، باریەر.

*– چارێی ؟: چی دەڵێی؟.

*– چاو پان : كەسێك كەتنێكی كردبێ، لەچاوان رادیارە.

*– چاو جنداوی : چاوی وەكوو شێت وایە.

*– چاوی چووە تۆقێ سەری : زۆر توورەبوو، ئاگری لێباری.

*– چاوی بەرایی نادا : دڵی نایە ، پێی ناخۆشە.

*– چاو مۆن : گەسێك بەتەمابێ كارێكی نەشیاو بكات.

*– چاویەتیژن : واتا چاوی بەهێزن، هەموو شتێكە بینی.

*– چاو قەیم : ئیشی خراپی زۆر كردووە كەچی گوێشی لێنیە.

*- چاوی هەرنایێن ، بۆ ئەو کەسانە بەکاردێ ئەوەندە ئیشی خراپیان کردبێ.

*- چیڕەچیڕ : کەسی نووستوو، دەنگی ددانی بێ لەیەکیان بخشێنێ.

*- چشتاقە ئەشیا: واتا هیچ شتێك، هیچ شتێکم نەما.

*- چکەلە چکەلە : بۆ بانگ کردنی نێری و گیسکە نێر.

*-- چەرتە : بۆ جیاکردنەوەی بزن و کار.

*- چەل : بەو کەسە دەگوترێ کەخۆی بە خەڵك بەخێو دەکات.

*- چەغە : بۆ دەنگ دانی سەگ بەکاردێ ، کاتێ سەگ دەیەوێ پەلاماری یەکێك بدات،بەو وشەیە بێدەنگەبێ.

*- چەغەتوولانە : رەوە سەگێك بەدوای یەك کەوتوون و حەپەحەپ دەکەن.

*-چۆم بر: یەکێك چۆمە سپیندارى هەیە ، فرۆشتوویەتی بە داری گەورەو گچکە.هیچ دارێکی تیادا نەمێنی.

*- چەنەچەن : قسەی بێ مانا کردن .

*- چەپارە م دە : بم پارێزە ، ئاگات لێم بی ، بم شارەوە .

*- چەپاڵەم دە : هەمان مانا دەبەخشێ ، زیاتر لە گوندەکانی سنووری بێتواتە بەکار دێ .

*- چەپەر : دیواری بە شوول و شووی دار دروست کرابێ.

*- چەپەر : پیس و چەپەڵ.

*- چەپەرۆك : شەقازللە ، شەق لێدان .

*- چەپرەك : بەساڵدا چوو، کەسێك پەکی کەوتبێ ئیشی پێنەکرێ.

*– چەپلەر : نەزان، کەم زان ، .

*– چەپان : کەسێك بەدەستی چەپە ئیش بکات و بنووسێ.

*– چۆپان : هەمان مانای هەیە.

*– چەتە: رێگر.

*– چەتەگەری : کۆمەڵێك رێگر، گرووپێکی چەتەیی.

*– چەتیم : کچی بێ دایك و باوك،دواندنی ژن بە سووکایەتی.

*– چەچ: دەست ، بۆ منداڵان بەکاردێ.

*– چەخماخ : ئامرازی ئاگر کردنەوە.

*–چەرچی : فرۆشیاری گەڕاو،دەست فرۆش.

*– چەرخان : سوڕاندنی شتێك بە دیوێکی تر.

*– چەرمسین : سیس بوون ، ژاکان.

*– چشیان نەکو : هیچیشیان نەووت .

*– چەکچەکیلە : شەمشەمە کوێرە.

*– چەکلەر : لەکار کەوتوو ،شتێك کە کۆن بووبێ و کاری پێنەکرێ.

*– چەلاك : گۆپاڵ ،کۆچان.

*–چەرتووك : برنج بە توێکڵەوە، پێش ئەوەی سپی بکرێ.

*– چەرێی ؟: چی ئەڵێی ؟.

*– چەمارۆ : واز نەهێنان لەشتێك ، بەردەوام بوون.هێرشی بەراز.

*– چەهرە : روو ، دەموو چاو، سیما.

*– چورچە : مرۆڤی لەڕو لاواز.

*– چورچ و لۆچ : ژاکان و بەسەر یەك دا هاتنی پێست .

*– چرووش : شوێنی بێ ئاو ، دێمەکار ، تایبەتە بە هەرتەل و دەوروبەری

*– چرووك : گوللەیەك کە نەتەقێ .

*– چرووك : کەسانی نەفەس نزم .

*– چرك : چەوری ،قرێژ ، پیسی.

*– چرگ : ئاژەڵێکی قەلەوە.

*– چڕنووك : نینۆکی تیژی پشیلەو دڕندە .

*– چز : شوێنی پێوەدانی دوو پشك و زەنگەتە، پێوەنووسانی گەرمی سووتێنەر بە پێستەوە، دەنگی داغکردن و قرچاندنەوەی رۆن.

*– چش : هیچ شتێك ،

*– چرپاو : چڵپاو ، قوڕو لیتە.

*– چرپ و لیس : دەنگی ئاو خواردنەوەی سەگ و پشیلە.

*– چلێس : نەوسن ، چاوچنۆك لە خواردن .

*– چنجرۆك : نینۆکی تیژ.

*– چورچەمەن : بەواتای مرۆڤی لەڕو لاواز دێت ،بەتایبەتی بۆ منداڵی لاواز بەکار دێ.

*– چوشتیر : گیسکە مێی دوو ساڵی کەنەزابێ.

*– چۆل پەرست : ئەو کەسانەی حەزیان لە چۆلیە .

*– چویت : باڵندەی دار کونکەر، دار کونێرە.

*– چیرەدرێژ : زۆر بلێ ، زۆر گۆتن .

*– چێشتەنگاو : پێش نیوەڕۆ، خواردنی سەر ئێشی پێش نیوەڕۆ.

*– چێشته نوێژ: نوێژی پێش نیوەڕۆ.

*– چەقەته : پێش ئەوەی گۆشت بکوڵێ ئەڵێن چەقەته بووە.

*– چەنە: دارمانی زەوی.

*– چەنەباز : زۆر بڵێ، یەکێك قسەکانی لەجێی خۆیدا نەبێ.

*– چەنە هەراش : کەسانی زۆر بڵێ و بە کارە کارو هەڵچوو.

*– چەورە : گیایەکی زۆر خۆرایە، بۆ زستان کۆی ئەکەنەوە.

*– چەوەرێ ناکا : واتا هیچ بەجێ ناهێڵێ هەموو شتێك دەخوا ، ئەگەر ئالیك لە پێش ولاخ دا دابنێی ، ئەگەر زۆر برسی نەبێ ، تەنها کایە وردەکە دەخوا ئەوەی تر جێدەهێڵێ ،کایە درشتەکە چەوەری پێدەڵێن .

*– چڕدۆ : ئەو بزن و مانگایانەی بەزەحمەت شیر ئەدەن بەکابان.

*– چڕدۆ : رووزیل و قرچۆك.

*– چیچیلە : نەرمایی بنەگوێ.

*–چنکە بەفر : کەمێك بەفر ، سەرەتای بەفر بارین هەندێ بەفر دەکەوێ

*–چنێران : گوندێکە لەرۆژهەلاتی شەقلاوە.

*– چیوە : دوو گوندن لە دۆڵی بالیسان، چیوەی سەرێ و خوارێ.سەربەناحیەی بێتواتەن.

*– چیت : پشتێن ،لەپشت دەبەسترێ .

ح

*–حاجیله : گوڵێکی سپی ناو زەردە،

*– حاجی حمەد : گوندێکە لەبناری سەری ڕەش.

*–حادز :عادز،تووڕە لەیەکێك.

*– حاستەم : لەسەرخۆ، بەهێمنی ، بە وریایی.

*– حاستەم و دووبەرا : کەمێك ، تۆزێك .

*– حاشا للا: بەهیچ بارێك دانا ، ناهەرگیز ، حاشا لێکردن .

*– حاشتەبا : هیچ شتێك،(حاشتەبای شك نابەم).

*– حاشای لێکرد: دانی پێنەنا بە تاوانەکە، ئینکاری کرد.

*– حان : کات ، ئێستا.

*– جاند : جێگایەکی دیارو پێش چاو.

*– حای :وشەی سەرسوڕمان .

*– حالۆری : مەست بوو ن و هەواو هەوەس ،گەڕان بۆ بەدەست هێنانی ڕەگەزی بەرامبەر بەبێ شەرمی .

*– حاا: وشەی سەرسوڕمان ، چۆن وایە؟ ، بەڕاستیتە؟.

*– حارتی کووە ؟: تەندروستیت چۆنە ، کەیفت باشە ؟.

*– حاسێ : شوێنی سەخت ،شوێنێك ڕێگای دەرچوونی نەبێ.

*–حەی : چۆن وایە؟.

*– حورمە : ژن ، ئافرەت.

*– حیلە حیل : دەنگی ئەسپ و ماین .

*–حەپەحەپ : دەنگی سەگ، ڕەوینی سەگان .

*– حـووج : ناوێکـه لـه ئەفسـانەکانەوه هـاتووه ، حـوجی کـوڕی حەللاق،زەلامی زۆر درێژ.

*– حوڕچ : ژنی پرچ تێکەڵ و پێکەڵ و بێسەروبەر.

*–حوشترالووك : گیایەکی دڕکاویە ، وشتر خۆرە.

*– حۆتیکە : دانیشە ، بۆ دانیشاندنی منداڵ بەکار دێ.

*– حووحانە : یاریەکی کۆنی منداڵانەبوو ، یاریەکە کچانە بوو.

*– حوجران : گوندێکە نزیك لە کۆیێ .

*– حوسە : کورتکراوەی ناوی حوسێنە.

*– حوسکە : بۆ سووککردنی ناوی حوسێنە .

*– حوسێنکە : بۆ سووککردنی ناوی حوسێنە.

*– حوسێنۆکە : حوسێنی لەڕو لاواز.

*–حەسەنکە : سووککردنی ناوی حەسەن .

*– حۆق : هێڵنجدان بۆ ڕشانەوە.

*– حۆقە : کێشێکە ، واتا چوار کیلۆ.

*– حریت و هۆڕ : دەنگی پێکەنین ،پێکەنینێکی بە قاقا و بەرز.

*–حللور بللور : یاریەکی منداڵانەبوو.

*– حەپەت : سووکردنی ناوی حەمەدە ، کەسێك زمانی لاڵ بێ.

*– حەپ و تـەپ : یـەکێك زۆر مانـدوو بـوویێ، شـەو لەمانـدوێتی زوو خەوی لێبکەوێ ، هیلاك،

*– حەپلە حوڕچ : کورتەبالای قەڵەو .

*– حەپلـە گـون : گیلۆکـە ،کـەمێك نـەزان ، تێنەگەیشـتوو ، گـون گەورە.

*– حەپین : ڕەوینی سەگ ،حەپەحەپی سەگ.

*– حەتار : وردە واڵە فرۆشی گەڕۆك.

*– حەتر : عەتر ، گوڵاو.

*– حەح : وشەی سەرسوڕمان .

*– حەچچە : وشەی لیخوڕینی کەر .

*– حەککوو : وشەی سەرسوڕمان .

*– حەستەم : ئاستەم ،کەمێك ، برێك، زۆر نا.

*– حەپەلووش : قووت دانی هەموو خواردن ،بەیەك جار ، بەبێ ئەوەی بیجوێ.

*– حەفت لۆ : جۆرێکە لەنەخۆشی ،کەوان ، قوونێر .

*– حەقەپەرە : هەرەتی پەڵە کەوتن ، ئەو ماوەیەی باران بارینی پاییز دەست پێدەکات و پەڵە دەکەوێ.

*– حەلانە خورما : خورمای لەناو حەسیر پێچراو.

*– حەلووکە : گەراز ،

*– حەلوەلا : پەلەپەل و تەنگاوی ، کەسێك باری تەندروستی و دارایی باش نەبێ.

*– حەل : کورتکراوەی ناوی حەلیمە.

*– حەلێ : کورتکراوەی ناوی حەلیمە.

*– حەلۆکە : منداڵێك ناوی حەلیمە بێ و لەخۆشەویستی وای پێدەڵێن.

*–حەلیمەتە : قورس و گران کردنی ناوی حەلیمە ، بەو ژنە بەساڵاچوانە دەڵێن کەناوی حەلیمەن .

*– حەلیمۆکە : حەلیمە منداڵی ڕەزا شیرین .

*– حەمۆ : کورتکراوەی ناوی حمدامینە

*– حەمیلە : کورتکراوەی ناوی محمد.

*– حەوجە : پێویستی پێبوون ،وەکوو (حەوجە بەتۆ نابم) ،واتا پێویستم بەتۆنابێ.

*– حەوق : گیروگرفتی بێدەرەتانی ،گرفتاری ، یەکێك چوار دەوری گیرو گرفت بێ.

*– حەویان : ئاژەڵ ، گیاندار ،حەیوان .

*– حەواس : تاقەت و هێز،خولقی قسەکردن ، بێ زەوق ، .

*– حەکاك : لێزان ، شارەزا ،ژیر ، زیرەك ،بەتوانا .

*– حەوجۆش : جۆرێك بوو وەکك مەسینە وابوو ،بۆ ئاو تێکردن بەکاریان دێنا.

*– حەتۆتە : جاران چەند بۆ نێکی خۆشیان لەناو چەند پارچە قوماشێك دەدووری ، بەداری لانکیانەوە دەکردو دەهاتە سەر سەری منداڵەکە، هەم بۆنی خۆش بوو، هەمیش یاری لەگەڵ دەکرد.

*– حەت حەتە : بەهەمان مانای حەتۆتە دێت .

*– حەی : وشەی سەر سوڕمان ، چۆن وایە؟، ئەوە بەڕاستیتە؟.

*–حەیام : ماوەیەك، حەیامەکە ئەم دیتی ،ڕۆژگارێکە، سەردەمێك .

*– حەیان : مەعلوم ، زانراو، ئاشکرا ، ڕوون بوون .

*– حەیتە : تەڕی و ناقۆڵا ، پیاوی بەردەستی ئاغا.

*– حەینەن : عەینەن ،هەروەك ، تەواو لەشێوەی ئەو ،

*- حەیش : ناوێکی ژنانەیە ، کورت کراوەی ناوی عائیشەیە.

*- حەیامەکە : ماوەیەکە ،

*- حەپەحـەپ : یـەکێك قسـەی نابـەجێ بکـات ، پێـی دەڵـێن (حەپەحەپێ مەکە) واتا وەکوو سەگ دەنگت نێ.

*- حەقلە بەقۆ : ئەو بنزارە دوو مانا دەبەخشێ .

یەکەمیان : کێشەیەك هەبێ لـەنێوان دوو کـەس ، هەنـدێ کەسـی تریش خۆیان بخزێننـە نـاو کیشـەکە، ئـەڵێن کێشـەکە گـەورەبوو بـووە حەقلەبـەقۆ، بـەمانای ئـەوەی گـەورەبووەو حـەل بـوونی زەحمەتە .

دووەمیان : کارێك یان کێشەیەك کۆتاییەکەی ببێتە گاڵتە ،ئـەڵێن بووە حەقلە بەقۆ.

*-حونەری : کارێك هیچ هونەریەکی تیادا نەبێ.

*- حەزحـەزۆکانێ : دڵـداری کـردن ، حـەز لەیـەك کردنـی کـوڕان و کچان.

*-حەوشەمیز : دروسـتکردنی حەوشێك لەسـەر پارچـە زەویـەك ،بـۆ تێکردنی گاران ، یان مێگەلە بزن و مەڕ ، لەوەرزی پـاییزان دا ،بـۆ ئـەوەی زەویەکـە تـام بگـرێ ، لـەجیاتی بـەکار هێنـانی پـەینی کیمیایی .

*-حەمایل : ئەو کەسانەی کەنەخۆشـی دەروونیـان تـووش دەبـوو ، یـان شـێت دەبـوون ،دەیـان بردنـە لای شـێخێك ، ئـەویش چـەند دوعاو نزایەکی لەپەڕە کاغەزێکی دوورو درێژ بـۆ دەنووسـی ، لـە نووشتە گەورەتربوو.

*– حەمیکە : عافیێتی کە ، بیخۆ،

*– حوشتر : وشتر .

*–حێشتر : وشتر .

*– حێدز : عادز ،تووڕە ، تۆراو .

*– حیساب زان : ئەوانەی شارەزابوون لە کەش و هەوا.

*– حیسان : ئینسان ، مرۆڤ.

*–حەیوانی داکرد: مەڕومالآتی بردە ژوور.

*– حینك : جوێنێکی منداڵآن بوو.لەکاتی سێکس کردن دا کاتێ کە پیاو خۆی پێدا دەکێشێ .

*– حێلەو لەوانە : یاریکردنی منداڵآن ، هاوار هاوارێ منداڵآن ،

*– حینکە شەڵە : بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهات ،کە قاچیان شکابێ ، بەرەو چاك بوونەوە بڕۆن ،دارەدارەبکات .

خ

*- خاپـەرۆك : كۆتـايى هـەر شـتێك ، دواى داوەشـاندنى گـوێزو كۆكردنـەوەيان ، ئـەوەى ون دەبـێ و نادۆزرێنـەوە رۆژى دواتـر خەڵك دەچن دەيان دۆزنەوە، ئەوە خاپەرۆكى پێدەڵێن .

*- خاترو خوتر : كەين و بەين ، لايەنگيرى لەيەك كردن.

*-خاتر: ناوى ژنانە.

*- خاتوون : ناوى ژنانەيە .

*- خاتوون : بۆ ژنى نازدارو رێك و كابان و ماڵ خاوێن بەكاردێ .

*- خانچى : خاوەنى خان ، خان جاران لەشارەكان هـەبوو لـەجياتى ئوتێلى ئێستا ، هەم ولآخيان تيادەكرد، هەميش كاروان چيەكان لێى دەمانەوە.

*- خانيلە :ئەو خانوە گچكانەى كـە منـداڵ بـۆ ياريكردن دروسـتى دەكەن.

*- خانم خەندان : ژنێكى زۆر لە خۆ رازى ،خانمى دەم بلّند .

*- خانـەدان : نـەجيب زادە ،بنچينە ئەسـڵ،ماڵى گـەورەى بـەميوان خاوەن ديوەخان و قۆناغ.

*- خانە خەراب : ماڵ وێران ،بێبەخت و كڵۆڵ.

*- خانە خشتوور : ماڵ وێران ، ماڵ تێكچووى ،.

*-خانێ : بانگكردنى ژن بەرێزەوە ، كورتكراوەى ناوى خانزاد،

*- خاوى :شلى و تەمبەڵى ،كاڵى ،نەگەيشتوو،نەكولاّو.

*- خاوە برژ : گۆشتێك نە زۆر برژابى .

*- خــــارۆزە : جۆرێكـــە لـــە روەك وەك نەخۆشـــی وایـــە بـــۆ كشـتوكاڵ،رەنگی زەرد باریكـەو خـۆی دەئاڵێنێتـە شـینایی و وشكی دەكات.

*- خاراندن : پێستەی ئاژەڵ نەرم دەكرێت و ئامادە دەكرێت .

*- خارا : لێراهات ، راستەڕێ بوو.

*- خـارە رەش : جـۆرە گیایەكـە لـەدەم ئـاوی نزیـك بـەردو شـاخ دەڕوێ، بۆ چارەسەر گورچیلە بەكار دێت .

*- خاو و خلیچ : بۆ كەسانی لەسەر خۆو هێواش لەكاركردن دا بەكار دێت .

*- خانەخۆ : خاوەن ماڵ .

*- خاوە مێ : شیری نیوە كوڵیو.

*- خاسۆر : بەرزاییەكە لەباكووری گوندی خەتێ.

*- خەبەریتی : راستە ، قسەی تۆیە، وایە، تەواوە .

*- خەسـاندن : دەرهێنـان یـان بردنـە پشـتەوەی گـونی ئـاژەڵ، بـۆ ئەوەی واز لەپەڕین بێنێ و قەڵەو بێ بۆ كاركردن.

*- خەساس : ئەو كەسەی كە ئاژەل دەخەسێنێ.

*- خەمیس : كوتانی مێوژ لەگەڵ كاكڵەی گوێز بە ئاون یان جۆنی .

*- خەمەگڕوو : جۆرە گیان لەبەرێكی خشۆكە ،ژیانی لەسـەر بـەردە گەورەكانە،لای كۆمەڵی موسوڵمانان كوشتنی واجبە.

*- خەریەنـدە : بـەو كەسـە دەوتـرێ كەلـەكاتی شـەڕدا ئێسـتر یـان كەری پێیە،بە پشتی ولاغ خواردن و ئاو و هاوكاری بۆ بەرەكانی جەنگ دەگوازێتەوە.

*– خەلۆ : كورتكراوەی ناوی (خالیدو خەلیل)ە.

*– ختتە : بۆ دەركردنی پشیلەیە .

*– ختك : پشیلە .

*– خچ خچ : بۆ بانگ كردنی بزن و گیسك بەكاردیٚ.

*– خدرو لاس : ناوەڕاستی مانگی رەشەمیٚ.

*– خڕ : ئەو كەندەی كە ئاوی تیایەو دەڕژێتە رووبار.

*– خڕكە : بەردی خڕ.

*– خڕیلە : خڕخڕۆك ،جۆرێكە لە گوێز.

*– دەستە بەرد : بەردی پڕ بە دەست.

*– خرار : گونیەو گوشی خۆمالّی ، لەمووی بزن دەپەشترا، دواتر لەكارگەی جۆلاّیی دروست دەكرا.

*–خشتوور : وێران ، كاول .

*– خش خشۆك : شوێنێك سەرەو ژێربیٚ ، بۆ یاریكردن.

**– خەفە : كزكردن ،خامۆشكردن .

*– خەرابوچكۆكە : خراپ ، بەكەلك نەهاتوو.

*– خەفتیانە : خۆ ئامادەكردن بۆ سەفەرێك یان كارێك.

*– خەپشە : هینی ژن ،هەرامەی ژنان .

*– خەتیٚ : گوندێكی خۆشناوەتیە ، سەربە ناحیەی بالیسانە .كەوتۆتە دۆلّی بالیسان.

*– خەجیٚ : بۆ بانگكردنی خەجیجەیە.

*– خەجۆك : خەدیجەی خۆشەویست .

*– خەجیلە : خەدیجەی راژیلەی مالّوێران .

*– خەجیجۆکە : خەدیجەی بەساڵاچوو.

*– خەرا : تێکچوو ، وێرانە.

*– خەزایی : جۆرێکە لە باڵدار ، کلۆ خۆرکە.

*– خەلا : ئاودەستی گشتی ژنان و پیاوان .

*– خسکە : پیازی گچکەو ورد، ساڵی یەکەم بەتۆ دەچێنرێ ، ساڵی دواتر دەچێنرێنەوە و دەبنە پیواز.

*– خشتکردن : بڕینی شتێك بە رێکی .

*–خشین : ڕۆیشتن بە نەرمی .

*– خشتوخار : پاشماوە ، زبڵ و خاشاك.

*– خلیسك : شوێنی لووسی سەر بەفر.

*– خلیسکانێ : یاری و گەمەی سەر بەفر.

*– خم : هەش، بەری گیایەکە بەن و ریسی پێ رەنگ دەکەن.

*– خمخانە : دووکانی رەنگ کردنی بەن و قوماشی سپی ، دوکانی خمکردن.جاران ئیشی جولەکەکان بوو.

*– خمسان : توانەوە ، نەرم بوون .

*– خوارو خێچ :ناڕاست و خوار گرێدار.

*– خۆشاو: شەربەتی مێوژ.

*– خۆران : گوندێکە لە دۆڵی قەڵاسنج.

*–خۆران : گوندێکە لەدۆڵی بالیسان.

*– خۆماریکردن : خۆ ئامادەکردن و نەوی کردن و بۆ شوێنێك چوون .

*– خۆرەبان : گلێرێژکردنی سەربانی خانوو.

*- خۆ رەپێش کردن : خۆ بردنە پێش ،هەوڵ دان بۆ ناو و ناوبانگ و گەورەیی.

*-خۆبەردانەوە : تەمبەڵی کردن بەئانقەست لەکارێك ، خـۆ دزینـەوە لەئیش.

*- خۆ پەسمین : مەتحی خۆ کردن،خۆ بەگەورەزان.

*- خۆ گیرمەکە : دوانەگەوی ، خۆت دوا مەخە .

*- خۆی تێکە : هان دانی سەگ بۆ پەلامار.

*- خوچێ : خوشکم بەزاراوەی ژنان .

*- خوچۆکە : کیژی زۆر وردیلەو بچووك.

*- خورت : بەهێز، بەتوانا.زاڵ.

*- خوشکت دەبەر مری : خوشکت بە قوربان بێ .

*- خورام کۆکـە : منـداڵێکی کـوڕی بچـووك ،کـاتێ بەیـەکێك دەڵێـی خورام کۆکەکی تۆم هەیە .

*- خورامەتی : خزمەتکار.

*- خورامەتییێت کەم : نۆکەرایەتیت بکەم ،نۆکەرتم ، خزمەت کارتم .

*- خـۆ بنخێـوە : خـۆت داپۆشـە ، جلوبـورگی گـەرم بپۆشـە ، بـا سەرمات نەبێ .

*- خۆشبە : زووکە بابڕۆین ،خێراکە.

*- خۆش کردن : کاتێ کەبارانێکی زۆرەبارێ ،دواتر بارانەکە دەبـڕێ ،بەبڕانی باران دەڵێن خۆشی کرد.

*- خۆکـەرکردن : خۆبەنـەزان و نـەفام نیشـان دان ،کێشـە دروسـت کردن بۆ خەڵك.

*– خۆ کەڕکردن : گوێ نەدان بەکەس و خۆ گێل کردن.

*– خۆ تێهەرسوین : خۆلێ نزیك کردنەوەو خۆ لێخشاندن.

*– خۆ گۆڕین : جل و بەرگێکی تر پۆشین.

*– خۆلەگەزدان : راکشان ،پشوودان، خۆ راست راکێشـانی بـێ گـرێ لەسەر جێگا.

*–خۆناسین : بالغ بوون ،دەخۆ گەیشتن ،شەیتانی بوونی کچ.

*– خولاسە: بەکورتی و بە پوختی.

*– خۆرا : کەسی زۆر خۆر ، هەمیشە برسی ، هەرچی بیگـاتی بیخـوا

*– خۆرا . گیایەك کـە ئـاژەڵ زۆری لێ بخـوا .زۆری حـەز لێبـێ و زۆر بخورێ .

*– خوین دیتن : کەوتنە حەیزی ژنان .

*– خۆ گیرکردن : خۆ دوا خستن ، درەنگ بەدەنگەوە چوون .

*–خواس : بێ پێڵاو.

*– خوسان : نەرم بوونەوە.

*– خوترمە : دارێکی گەورە بۆ لێدان ، بەرچیغ.

*– خیت خیتە : هاندانی کەسێك بۆ شەڕو ئاژاوەو فیتنە.

*– خێرو شەڕ : بردنی خواردن کەپرسەیان هەیە،بۆناو ژنان .

*– خنس بەچە : مرۆڤی هیچ و پووچ و بێکەڵك و بێ سوود.

*– خنێ: ژێر چەن، گەردەن .

*– خورین : بەو کەسانە دەگوترێ کە نانی بەیانیان نەخواردووە.

*– خوانچە : سنی .

- خویزی : تف .

*- خویزاو : ئەو خوێنەی کەلە برین دەچۆڕێتەوە.

*- خویَ رز: ئەو بەردە پانانـەی لەتەنیشـن یـەکن ، خـوێی بەسـەردا دەکەن بۆ ئەوەی مەڕو بزن بیخوا.

*- خوێراوك :خویَ لە ئاو کردن و تێکدانی .

*- خویَ واوك : خویَ لەئاودا توانەوە :

*- خوین سار : نابەدڵ ، سارو سڕنا گەرم و گوڕ.

*- خوین : خێن،خوون ، خوێن .

*- خەزێم : پارچەیەکی زێڕیوو ژنان لەلووتیان دەکرد.

*- خشەخش : دەنگی ڕۆیشتنی مار .

*-خوستە : پیَ خوست ،

*- خێشوولە : لەکاتی کەلایانـە ، تێگرتنـی کـەلا بەشـێوەیەکی خـاو هێدی.

*- خەزێنە : دۆزینەوەی زێڕو زیو.

*- خەنیت لەخۆ : دڵخۆشبە.خۆشی بۆ خۆت.

*- خەبەری بۆوە : لەخەو هەستا ، وشیار بووەوە.

*- خورامـان تێوەڕاخـوڕی : پاسـەوانەکان دەنگیـان داو ئاگاداریـان کردەوە .

*- خۆژی : چی بە خۆژیە ، چەند بیَ منەتە ،چەند بیَ ترسە .

*- خۆ هەرمارین : دەست و باسك لێهەڵ ماڵین ، خۆ ئامادەکردن بـۆ کارێك .

د

*– دابەستی : ئەو زاراوەیە بەو گیسك و بەرخانە دەوترێ ، کە هاوینان دەیان بەنەوە ماڵەوەو بەخێو دەکرێن و قەڵەو دەکرێن، تاکوو پاییز، ئنجا سەریان دەبڕن و ئەیکەنە قەرێ.

*– داپیر حولك : پیرەژنی بێزراو و گەورە.

*– داپیرۆچکە : جاڵجاڵۆکە.

*– داتەکاندن : لەسەرەوە بۆ خوارەوە راوەشاندن ، تۆز لێکردنەوە.

*– داچاندن : تۆ بە زەویەوە کردن و چاندن. جۆرێك لە برنج لێنان.

*– داچۆڕان : هاتنە خوارەوەی ئاو لەسەرەوە بۆ خوارەوە، وشك کردنەوە.

*– داخوران :خزینی گڵ و خۆڵ بەهۆی ئاوەوە ، ئەوی بوونی دیوار بەهۆی داخزانەوە.

*– دادۆکە : منداڵێکی کچ بێ و بەپێیان بڕوا.

*– دادیلە : وشەی دواندنی منداڵ.بۆ کچ.

*– دادەی : کوابزانم ؟،کوا پیشانم بدە، بزانم چۆنە ؟.

*– دارك : قەدی تووتن کە گەڵای لێکرابێتەوە.

*– دار کونێرە : باڵندەیەکە پیشەی کونکردنی دارە .گوێزیش کون دەکات .سمۆرە زیاتر سوود لە کونەکەی دەبینێ ، هەرزوو خۆی تیادا حەشار دەدات و فەرخە هەڵدێنێ .

*– دار گاز : ئەو دارەیە یان ئەو پارچە ئاسنەیە کەسەری دوو لکە ، بۆ تێکردنی پووش بەکاردێ بۆناو کورتان .

*- دار جۆخین : ئەو دارەی لە ناوەڕاستی جۆخین دە چەقێنرێ.
*- دارەش : جۆرێکە لە هەڵۆ و باز .
*- دارڕێی : بۆ تەریقکردنەوەی کەسانێك دێ ، کە کاری نابەجێیان کردبێ.
*- داڕنین : لێکردنەوەی گەڵا لەدار.
*- داڕوجان : دەنکێکی رەشە لەناو برنج دا، جۆرێکە لەبژار.
*- داڕوشکان : دارێك زۆر بەری گرتبێ قەدەکانی کەوتبنە سەر زەوی .
*- داڕسان : دوو مانا دەبەخشێ :
یەکەم : بەمانای هێرش بۆکردن دێ .
دووەم : کەلووتی خوێنی لێبێ .
*- دار دۆخین : ئەو دارە تایبەتەی کە کونکراوە بۆ دۆخین .
*- داغکردن : بەئاسنی سوورەوە بوو سووتاندن،چزاندن ، چزاندنەوەی ڕۆن .
*- داسی : جۆرێکە لە درك.
*- داسنی : غەیرەدین ،ئێزیدی .
*- داسنی : بەخەڵکی دهۆك دەوترێت .
*- داسووکە : ئەو داسەی کە گیای پێدەدوورێتەوە.
*- داماراندن : لەسەرەوە بۆ خوارەوە داخزاندن ،شێلان بەدەست ، (هەندەك پشتم لۆ دامارە).
*- دامران : کوژاندنەوەی ئاگر.
*- دامەن : خوارو ، باشوور، داوێن ،(دامەنت نەڕ نەبن).

*– دان : بەخشین ، پێدان ، خواردنی مریشك ، تـۆو ، بەشـێکی رۆژ، (دانی ئێوارێ ، دانی سبەینێ).

*–داندۆك : ساوارو ماست یان ساوارو دۆی تێکەڵ کـراوەو سـاوارەکە دەخوسێننەوە ، دەی شێلن ،ئنجا وەکوو کەشك دەیکەنە سـەرك ،پاشان وشك دەکرێتەوە و دەکرێتە چێشت .

*– دانکە : ئاوڵەی باڵندە ،خرووکەی مریشك ،ئاوڵەی مەڕو بزن کەلـە دەموو چاویان بەدیار دەکەون .

*–دانوماش : یەکێك تازە سـەرو ریشـی سـپی بـووبێ ،گـەنم و مـاش ،لەگەڵ یەك نەگونجان ، (دانوماشم لەگەڵی ناکولی).

*– دانووسینم : خۆم چاودێری دەکەم ،خۆم بێدەنگەکەم و چاوەڕێی دەکەم .

*– داتنۆ : دەهاتنۆ .

*– داگەڕێ : وەرە خوارێ ، دابەزە .

*– دەبەری هەرما : لەخوارەوە سەیری کرد.

*– دەرك گارەدان : دەرگا کلیل دان .

*–داوەراندن : لەسەر دارەوە رژاندنە خوارەوە ، تـوو داوەشـاندن ، پەلك و گەڵا هەڵدانە خوارەوە.

*– داو و دەلینگ : کۆتایی شلوارو دەرپێ .

*– داك : دایك .

*– داکت دەبەر مری : دایکت بە قوربانت بێ.

*– داکت دەبەر گەڕێ : ببم بە قوربانی کوڕی خۆم.

*– داکت دەسەر سوڕێ : دایکت شەونخوونیت بۆ بکات .

*– داك حەیرانت بی : دایکت حەیرانت بێ .

*– داکا من : دایکی من .

*– داکێ من : دایکی من .

*– داکێ وی : دایکی ئەو کوڕە ،کەسێکی نێر.

*– داکێ وێ : دایکی ئەو کچە یان ئەو ژنە.

*– داکاسێ : دانیشە ، دامەزرێ ، راوەستە ، واز بێنە ،

*– داکەمار : لەمار مێلکە گەورەترە ، رەنگی سەوزە ، ئەگەر یەکێك کارو کردەوەی باش نەبوایە پێیان ئەوت :(بلعات داکەمار).

*– داکردن : بردنە ژوورەوەی ئاژەڵ بۆناو تەویلەو هۆڵ.

*– داهێ : ئادەی ، کوا نیشانم دە .

*– دارەباز : دار مەیت ،

*– داری دەرۆزێ : ئەو دارەبوو جاران دەرۆزەکەرەکان لە دەستیان بوو ، بۆ بەرگریکردن لە خۆیان ،ئەگەر ئێکەك منداڵەکانی تەوەزەل و ئیش نەکەربانە ، ئەوا باوك ئەی وت : وەتێبگەم لە ئاخیری داری دەرۆزێم لەدەستیە نێی .

*– دارە رێ : کاتێ کە دار لەسەر دیواری خانووی تازە دروستکراو دادەنێن و قایمیان دەکەن .

*– داکۆنی : ئەو منداڵەی کە زیاتر لەگەڵ دایکی دایەو گەمە تەنها لەگەڵ دایکی ئەکات .

*– دارجۆت : ئەو دارەی کەلە دەستی جوتیار دایە، بۆ لێخوڕینی گاجووتەکان .

*– دار نەقیزە : جۆرێك بوو لەداردەستێك ، سەرێکیان بە چەقۆ تیژ دەکرد، یان بزماریان لێقەیم دەکرد، بۆ لێ خوڕینی گاجووت لەکاتی جووتکردن دا .

*– دار مەعموور : چەند پارچە داریان لەیەك دەدان بۆ سەر پشتی ولاغ ، بەردیان بۆ خانوو پێدەگواستنەوە،

*– دار دەستەك :دوو دار لەدرێژی ستووری وەك یەك، بۆ گواستنەوەی توونن بەکار دەهات ،بەدوو کەسان هەڵیان دەگرت ،دەبوایە زۆر لەسەر خۆ برۆن، بۆ ئەوەی توونتنەکە ورد نەبێ .

*– دارەش : جۆرێکە لەباڵندەو لەکۆمەڵەی بازو هەڵۆیە.

*– داودۆز : کەو چەند جارێك کەوتبێتەناو دا و و دواتر رزگاری بووبێ.

*– دایسێ : واتا ئاگر پێیەو دەسووتێ.

*– داخوە چەرێی ؟: ئاخۆ ئەڵێی چی .بزانم داواکاریت چیە ؟.

*–داسێ بسوو : واتا تیژکردنەوەی داس .

*– داس بڕ : ئەم وشەیە بۆ سەلماندنی زەوی کشتوکاڵی بەکار دەهێنرێ ،بۆ نموونە:ئەگەر جوتیارێك زەوی و مولکی خۆی هەبوایە ،ئەیگوت : زەویەکە داس بڕی خۆمە ، واتا زەویەکە مولکی خۆمە .

*– داسووکێ سوا کەوە : داسووکەی گەنم دروێن بەهەسان و روون تیژ بکەوە .

*– دێرەلەبا : مێیەی سەگ کاتێ بەبا دێ ، واتا حەزی دەچێتە جووت بوون.

*– دەرێی مێـروان رنیـتۆ : واتـا ئەوەنـدە لـەڕو لاوازە،ئـەڵێی مێـروو هەندێکی لەلەشی کردۆتەوە .

*– دەبـەر کـردن : پۆشـینی جـل و بـەرگ ، لـە نێوقـەدەوە هـەر جلوبەرگێك بپۆشی دەبـەرکردنی پێـدەڵێن وەکـوو (کراس،فاتیلـە ،قەمسەلە ،جل و بەرگی تر).

*–دەپێکردن : هەر جل و بەرگێکی وەکوو (دەرپی ، بیجامە ، شۆرت ، شرواڵ ، پـانتۆڵ) وە (گـۆری و پـێڵاو) کەلـە پێیـەوە بپۆشـرێ دەپێکردنی پێدەڵێن .

*– دەمل کردن : وەکوو خاولی ، جەمەدانی،کەلەمل دەکرێن .

*– دەبارانیدا نیە : لە توانایدا نیە ، ئەو کارەی پێناکرێ.

*–دەبیرەخەو : یەکێك خەواڵوەو دەیەوێ بنـوێ ،خـەوی لێبکـەوێ و دواتـر هەڵسـێتەوە ، ئـەڵێ دەبیرەخـەو راچـووم ،واتـا لـەنێوان خەولێکەوتن و خەو لێنەکەوتن .

*– دەبەرمردن : بەقوربان بوون .

*– دەلـو : کەسـانێك کەلـە گـەڵ خۆشەویسـتی خـودا تێکـەڵ دەبـن ،بەری خۆیان دەدەنە چۆلەوانی .

*– دەسەر گەڕان : ئاگالێبوون لەکار ، بەقوربان بوون .

*– دەدەورگەڕان : سوڕانەوە لەدەوری ، بەقوربانی و سەدەقەبوون.

*– دەوکە : منـداڵ زۆر بگری،ناوەنـاوە دوای گریـان هەنسـکی دێ و دەبڕێتەوە.

*– دەور کردنـەوە : لـە کـاتی دانەوێڵـە پێـوان و کـڕین و فرۆشـتندا دەیان گوت (گەنمەکەی دەوربکەنەوە) واتا دووبارە بـی پێونـەوە

، مەلایـەکانیش بـە فـەقێکانیان دەگـوت دەرسـەکانتان دەور کەنەوە ، واتا دووبارە بیخوێننەوە .

*– دەست و پێ سپی : ئـەو کەسـانەی لەئیشـدا کارامـە نـین ، ئـیش نەکەر،تەمبەڵ و تەوەزەل لەکاردا.

*– دەستەوا :بۆ چەند مەبەستێك بەکاردێ:

یەکەمیان : یەکێك کارێك بۆ کەسێکی تر بکات ،بەبێ کرێ ، پێـی ئەڵێ دواتر تۆش لە ئیشێکدا هاوکاریم بکە.

دووەمیان : یەکێك کارامە بێت لەچێشت لێنان ،شیوی زەریـف و خۆش بن ، ئەڵێن دەستەوای خۆشە.

*– دەست بەئاو گەیاندن : چوونە ئاو دەست ، خۆ خاڵی کردن .

*– دەستە خوشك : دۆستایەتی نێوان دوو کچ.

*– دەست هەرینان : وەڵام دانەوەی هەر هێرشێك کە بکرێتە سەری.

*–دەستە برا : دوو برادەری یەکتر.

*– دەست رەنگین : ئەو ژنانەی کابان بوو لە گشت بوارەکان دا .

*– دەست کەلا : ئەو کەلایەی کە کەلایانەی پێدەکەی .

*– دەبانجە : دەمانچە .

*– دەبانجێ چاردە خـۆر : دەمانچـەیەکە چـواردە فیشـەك دەخـوا، مارکەیەکی هەرە باشە .

*–دەبانجێ مانهێر :دەمانچەیەکی لوولە درێژ بوو، فیشەکی جیابوو .

*–دەبانجێ شەش ئاگر : ئەو جۆرە زۆربەی لای پۆلیسان بوو.

*– دەبانجێ لامە : دوو جۆر بوو ، گەورەو بچووك .

*– دەمەقاری : قسەبەیەك ووتن ، جنێو بەیەك دان .

*– دەنگ و دۆر : پڕوپاگەندەکردن لەدوای یەکێك ،.

*– دەو پیس : بۆ ئەو کەسانە بەکار دێ کە هەمیشە کاریان جنێو دان بێ .

*– دەو ئەشکەلك : کەسێك دەمی زۆر گەورەبێ .

*– دەولك : وەکوو زەمبیل وابوو ، لەپێستی ئاژەڵ دروست دەکرا و رەق بوو، بۆ لێکردنەوەی هەنجیر بەکار دەهات.

*– دەر: ئەو رێگا سەخت و هەڵدێرانەن کەلە چیاکانی خۆشناوەتی بوونیان هەیە،وەکوو (دەرەدار، دەرەشیر، دەرەزێوە، دەرەشۆپە، دەرەهەرتەل).

*–دەربەندی گۆمەسپان : گوندێکە لە کۆتایی سنووری خۆشناوەتی لەباشوور.

*– دەربەند : گوندێکە لەنزیك شەقڵاوە .

*– دەراو : جۆرێکە لەگیا ، لەدەو ئاو و مێرگەکاندا هەیە، بەمێزە و کاتی خۆە بۆ پێچانی دەسکە توون و تەماتە بەکاریان دەهێنا .شوێنی ئاو خواردنەوەی ماڵات .

*– دەراش : گوندێکەلەبەرانبەر بالیسان .

*– دەرکێ وەکە : دەرگا بکەرەوە.

*– دەرك شین : بێ بەخت ، بێ شانس ، بێ نێوچەوان .

*– دەزبێن : ئەو بن زارە تایبەتە بە کۆچەرو رەوەندەکان ،لەکاتی کە مێگەل لەشەواندا دەبەنە لەوەڕ، پشتێن یان هەر پەتێك بێ ،سەرێکی لەدەستی خۆی دەئاڵێنێ و سەرەکەی دیکەش لە ملی مەڕێك یان بزنێك توند دەکات،جاری واهەیە شوان هیلاکەو خەوی

لێدەکەوێتەوە ،لەکاتی ڕەوینەوەی مێگەل شوان لەخەو ڕادەبێ ،ئیدی لەخەو هەڵدەستێ، ئەو پەتە پێی دەڵێن دەزیێن .

*– دەزگر : پەڕۆی شتی گەرم پێگرتن .

*– دەخۆ ڕابینی ؟: توانات هەیە؟ دەتوانی ؟

*– دەخوڕی : واتا کەسێك تووڕەیەو هەڕو گیف دەکات .

*– دەهەنـدە: بـەڵێ وایـە ، تـەواوە ،زۆر ڕاسـتە ،گـەواهی دان بـۆ قسەیەك کەڕاست و ڕەوان بێ.

*– دواوە : گوندێکە لە خوارووی بێتواتە.

*– دووکانە : داربەروو و دارمازیە بەتەمەنەکان لەناو قـەدیان پنجێك لەدارێکی تر دەڕوێ ، بەرێکی ووردی نەرمی ڕەنگ زەردی بچووك دەردەکات .

*– دوڕە : بزن یان گیسکی ڕەنگ بۆرەکە .

*– دوازدە عـیلم : ئـەو مەلایـەی کەتـەواوی مادەکـانی مەلایـەتی خوێندووە.

*– دۆرە مەڕ : بێڵ ، خاکەناس .

*– دۆریخ: دەرگـای جـاران لـەدار دروسـت دەکرا ،ئـەو دارەی کەلـە ژوورەوە دەرگاکەی پێدادەخرا و دەچووە ناو کونی دیوار.

*– دۆرێ : گوندێکە لەنزیك هیران ، ئێستا بۆتە گەڕەکێکی هیران .

*– دۆغاو : خواردنێکی کوردەواریـە ،کفتەیـەو بـەلاَم ماسـتی تێکـەڵ دەکەن ،لەگەڵ نێرکە پیاز.

*– دۆینێ بەزرەپوونگێ : بۆ دوو مەبەست بەکار دێ:

یەکەمیان : خواردنێکی کوردەواریە.

دووەمیان : ئەگەر یەکێك کارێك تێك بدا کەئەو کارە بەرژەوەندی گشتی بێ ، ئەڵێن تێکی داو کردیە دۆینێ بەزرە پوونگێ.

*- دۆیها : یان تۆیها ، دەنگدانی سەگ بۆ شەڕ ، تۆیها خۆی تێکە .

*- دژوون : چلکن ،قرێژاوی ، یەکێك ماوەیەك بێ خۆی نەشووشتبێ.

*- دێ : چرۆو گەڵای دار بەڕوو و مازو کەپاییزان دەیبڕن و لەسەر یەکی دادەنێن ، بۆ زستان .

*- دێمکە : لەپێستی بزن دروست دەکرا ، بۆ ئاو تێکردن.

*-دێرە : زاراوە بۆ مێیەتی هەندێ گیان لەبەر ، وەکوو (دێرەکسۆك ، دێرە گورگ، دێرەبەران) .

*- دێرە بەبا :مێیەی جانەوەری بەبا هاتوو، نێر ویست ،حەز بەجووت بوونی گیان لەبەر .

*- دێرەکە : مێیەی سەگ.

*- دێرە وەباهاتی : مێیەی سەگی وەبا هاتوو.

*- دێرە ترەکی : مێیەی سەگ کاتێ بێچوەسەگی بووەو لەشوێنێ لەسەریان کەوتووە.

*- دێزە : ەبۆ ئەو کەسانە بەکار دێ کەساختەچین،

*- دێم دان : بۆ چێشت و چایە بەکاردێ، تام و بەرام .

*- در خێورانەوە : یەکێك گەدەی تێك چووبێ ، قەستی رشانەوەکردن ،هەشیانە لەبرسان دڵیان دەخێورێتەوە.

*- دروینێ بە گاز :چەند سەپانێك رێز دەبن ،بە ئاوازی گۆرانی دروێنە دەکەن و هەنگاو دەهاوێژن ،داس رادەکێشن و تا دەگەنە

سەرو کۆتایی پارچە گەنمەکە پشتیان راست ناکەنەوە ، بەڵکوو تا تەواوەبێ .

*– دڕ درم قونجا : دڵم خەبەری دا ،دڵم پێی وتم .

*– دڕ : ئازا، بەغیرەت ، سەگ کەپەلاماری دوژمنی دەدات ، ئەڵێن سەیەکی دڕە، واتا زۆر ئازایە.

*– دڕی : هەموو جۆرێك لەدڕك ، تووترك.

*– دژ خەو : ئەو منداڵانەی کە خەویان هاتووە ، بەڵام نەیان نواندوون .

*– دڕێژبوون : کەسێك ماندووە و پاڵ دەداتەوە ، راکشان ، حەسانەوەی مرۆڤ دوای ئیش.

*– دڕیشە : وەکوو سووژن وایە،لای کورتان دروەکان هەیە ،بۆ کونکردنی پێستەو شتی رەق بەکاردێ.

*–دڕێشووکە : زمانی مار کەدەری دێنێ.

*– دڕپیسی : دڵ پیسی ، غیرەکردن ، بیری خراپ ، دوو دڵ لەژن .

*– دمك دمکانە : شەڕە قسە ، قسە بەیەك گۆتن .

*– دم رووت : گەنجی موو لێنەهاتوو ،بێسمێڵ.

*– دەلوو : قسە لەروو ، قسەناخۆش، قسە زۆر کردن ، زۆر بڵێ .

*– دوو بەرد : هەردوو بەردی ناو گۆڕ،هەتا لەناو دوو بەردانم نەنێن لەبیرم ناچی.

*– دوو گاسن : زەوی کە دووجار کێڵدرابێ.

*– دۆخۆر : وەرگرتنی مەڕێك یان بزنێك بەئەمانەت ، بەمەبەستی شیر لێخواردن ، دواتر دانەوەی بە خاوەنی .

*– دۆدی و بۆدی : مەکرباز، فێڵ و تەڵەبازی .

*– دۆرە تـیر : دۆڵێکـە لـە نزیـك گونـدی شـێخ مـەموودیان دەسـت پێدەکات تاکو سەر زینەتیر.

*– دۆمبەران : جۆرێکە لەکوارگ، کـارگ، قارچـك،گڵ بڵنـد دەکـات ، زۆر بەلەزەت و زەریفن.

*–دۆرەنگێو : دەهۆڵ لێدەر ،زۆر بڵێ ،نارەسەن و ناپەسەند.

*– دۆرەدرێژ : پەنجەی ناوەڕاستی دەست ، کەسێك بـالآی زۆر درێـژ بێ.

*–دۆم : خۆڕاگر لەسـەر ئیشـێك ،بـەردەوام . وەڕەز نـەبوون لەسـەر کارێك،کابرایەکی بەدۆمە.

*– دۆمێ : دۆستی راستەقینە ،هاورێی بەوەفا.

*– دوڕ : ناوەڕاست ، ناوەند ،گەنمی لەدوڕ گوشی کە .

*– دەوکـە کـردن : منـداڵێك زۆر بگریــێ، دوای گریــان دەنگێکــی لێوەدێ.

*– دەنگارە : ئەو شاخو چیایانەی کەدەنگێك بێ دەنـگ دەدەنـەوە، کەلـەژێر شـاخدا بانگـت کـرد، کـە تفـەنگێك دەتـەقێنرێ، دەنـگ دەداتەوە .

*– دەغـەر : منـداڵ ئەگـەر ورگـی گـەورەبێ ، منـداڵێك کـەتوانای رۆیشتنی نەبێ و نەتوانێ بڕوا.

*–دەبەرییێی دابوو : لەناو بەرکیدا بوو ، لەباخەڵیدابوو.

*– درك : دڵی باڵندە .

*- دەپاریان کرد : جاران ئەگەر ژنێك لەشەوی زاوایەتیدا نەی ویستبا بچێتە سەر جێگای زاوا ، ئەوا خزمە نزیکەکانی زاوا پیلی بووکیانە گرت و بەزۆر ئەیان بردە سەر جێگا و دەپاڵ زاوایان دەکرد.

*- دوو در ئێك بن : واتا ئەگەر کچ و کوڕێك دڵیان لەگەڵ یەك بی، یەکتریان خۆش بوێ .

*- دوورە دەست : شوێنێکی دوور ، شوێنێك کە بە زەحمەت بۆی بچی و بەزەحمەت دەستت پێی بگات.

*- دوو مارە : دووەمین کەس ، کەسی یەکەمی کەلایانە کە بەکەلا دەگرێتە کەلایە دانراوەکان ، مارەی پێدەڵێ، دووەم کەس دوو مارەی پێدەڵێن .

*- دۆڕێ : ئەو کەسەی کە لە یاریدا ئیفلاس دەکات .

*- دەسکەلا : ئەو کەلایەی کەیاری پێدەکرێ.

*- دوعاگۆ : دوعاو نزای ئەو کەسانەی کەلەخوا نزیکن ، ئەوانەی دوعایان قبوڵەبێ.

*- دۆر : دۆڕان ، تەسلیم بوون ، کەسێك کە هیچی نەمابێ ئەڵێن دۆری کرد.

*- دەسکانە : هەڵگرتنەوەی گوڵە گەنم و کردنی بە دەسك ،

*-دەلاقە : لە دیوار دەکرا ، وەکوو پەنجەرە وابوو .

*- دەستی درێژن : بۆ کەسی دەست ڕۆیشتوو بەکاردێ.

*- دەستەندوو : دارێکی هێندەی مەترێکە ،لای بنەوەی کەمێك باریکەو لای سەرەوەی دەسکێکی پێوەیە ، بنەوەی لە ئامور

قایم کراوه ، بۆ ئەوەیە جوتیار لەکاتی جووتکردندا دەستی پێوە بگرێ و کۆنترۆڵی جووتکردن بکات .

*- دەست جەرەو : گوریسێکی درێژە لە دەستەندوو دەبەسترێ ، هەردوو سەرەکەی لە قەڕاستەی ولاغەکان دەبەسترێ ،بۆ پێچکردنەوەو هۆدانەوەی ولاغەکانە ، لەکاتی جووتکردندا ، ئەمە تایبەتە بە جووتکردنی ئێسترو کەر .

*- دوو دەری : دەرگای گەورەی دوو لایەنە، بۆ دەرگای حەوشە بەکار دەهات .

*- دۆران : وەکوو مەشکە وابوو ، دۆیان تێدەکردو لەناو کانی دایان دەنا بۆ ساردبوون .

*- دۆدان : هەمان مانای هەیە.

*- دە هەیترە : یەکێك لەناو مەدریسدا قسەیەك بکات کە بەدڵی ئەهلی دەدریس نەبێ ، ئەڵێن دەهەیترە ، واتا دەترێکت کەندبا باشتر بوو.

*-دەدەخۆ هەردە : کەسێك داواکاریەك لەماڵەوە دەکات ، داواکاریەکەش لەجێی خۆی نەبووە .

*- دەنا کوو وابی : ئەگینا چۆن وادەبێ .

*- دری هیچ نابا : بۆ کەسی نەخۆش بەکار دێ ، هیچ ناخوا.

*- دران : ددان.

*- درانێ پێشەوە : لە ماوەی تەمەنی حەوت ساڵیدا دەکەون و ددانی شیرین ،ددانی دیکەیان لە جێ دێتەوە .

*– درانیٚ کەرپ : ددانی کەڵبە ،دوو ددانە سەر تیژەکەی راست و چەپی پێشەوەن .
*– درانیٚ خرێنیٚ : ددانی خرێنە ،
*– درانیٚ شیری : ددانی شیری ، ئەو ددانانە هەرزوو لەتەمەنی منداڵیدا دەکەون .
*– درانیٚ ئاقری : ددانی ئاقڵی ،لەکاتی کەمێك گەورەبوون و خۆ ناسیندا دەکەون و دێنەوە .
*– دم زەن : زمان درێژ ، زۆر بلیٚ، زمان رانەوەست .
*– دم شڕ : زمان پیس ، جنێو دەر، ئەوەی بێتە سەرزمانی دەیلیٚ .
*– دەردەدار : نەخۆشی درێژ خایەن ، هەمیشە نەخۆش .
*– دەرەشێر : رێیەکی سەخت و هەڵدێرە ، هەردوو دۆڵی بالیسان و دۆڵی مەلەکان بەیەك دەبەستێتەوە .
*– دەرەدار : شۆپە : رێچکە رێیەکی سامناکە لە چیای شۆپە.
*– دەرەدار : رێگایەکی سەختی خراپە کەوتۆتە باکووری گوندی شێخوەسانان ،بۆ دۆڵی مەلەکان .
*– دەرەزێوە : رێگای کەسی سەخت ،باکووری گوندی زێوەی سەربە ناحیەی بێتوانە .
*– دەرەهەرتەل : تەنها مرۆڤ دەتوانیٚ پێیدا سەرکەویٚ بۆ کوێستانەکانی کەپرە .
*– دەڕنەگە : مەڕاق لێدان لە شتێك ،
*– دەلوبست : ئەو ژن و کچانەی جووڵە جووڵیان زۆرە و خۆیان دەڕازێننەوە ، لە خۆ رازی ،زۆرزان ، خۆبەگەورەزان.

ر

*– راکردن : دانانی کەلوپەلی خواردن وەکوو لەتکە تەماتەو لەتکە هەنجیرو کرۆسك ....هتد) لەبەر تیشکی رۆژ بۆ ووشك بوون .

*– راتبە : ئەو برە خواردنەی کە دەدرایە فەقیٚ .

*–راتبیٚ رەحمەتو لیٚبی : فەقیٚیەکان جاران کە داوای خواردنیان لە ماڵە خوا پیٚداو و دەوڵەمەندەکان دەکرد.

*– راتبەدەر : ئەو ماڵانەی کە خواردنیان دەدایە فەقیٚیان .

*– رازیانە : جۆرە گیایەکە بۆ دەرمان بەکار دیٚ.

*– راوەرە : جۆریٚکە لەهەنجیرو هاوینان زوو پیٚدەگات .

*– راژیلە: کەسیٚکی لاوازی لەڕو وشك .

*– راچرەکی : لەناکاو هەڵستا ، راچڵەکین .

*–راچاندن : دوای کردنە داوی خوری ، ئنجا بۆ وشك بوونەوە ، لەدوو داری دەخەن، بۆ وشك بوونەوە .

*– رابردیە : نەخۆشیٚك لەو پەری خراپیدا بیٚ، ئەڵیٚ رابردیە ، لەدەست چووە ، زۆری نەمایە.

*–رادان : بردنە ناوەوەی هینی گیان لەبەر بۆ هینی میٚینە، بە راددەیەکی زۆر ، بردنە ناوەوە ، لەناونان ، بردنە ژوور

*–راداشتن : جاران وەکوو ئیٚستا نەبوو،دایك منداڵی ساوای لەسەر هەردوو پیٚیەکانی دادەناو پیسایی دەکرد.

*– رازووکان : چەند رازیٚکی شاخو چیا ، راز شویٚنیٚك نەوی تر لە شاخو ریٚی پیٚدا بروا.

*– راقـەنان : نیوەڕۆیـان مێگـەل پشـوو دەدەن و تـاوەکوو نیزیکـی ئێوارە ،کەبرسی بـوون ، هەڵدەسـتن و بەڕێدەکـەون بـۆ خـواردن ،ئەمە راقەنانی پێدەڵێن.

*–راقەنان : بەربوونەوە، بەلایەك دا کەوتن ،کەوتنە خوارەوە .

*– راقەنان : یەکێك زۆر خەوی بێ ، ئەڵێن ئەوا رائەقـەنێم ،ئەوەنـدە خەوم دێ.

*– رامار : پەلاماردان ، هێرش بۆ کردن .

*– راپرچکاندن : دەرپەڕین ،هەڵاتن .

*– رانێی : بەرنەبیەوە ، بەلادانێی .

*– راستەرێ بوون : کەوتنە سەر رێگا ، رێگا بڕین ،دۆزینەوەی رێگـا .

*– ربە : کێشـێك بـوو بـۆ دیـاریکردنی گـەنم جـۆ، زیـاتر لـە دەشـتی هەولێر بەکار دەهات .

*– ربێتە : بە مانای کڕینی گەنم بە ربـەی گـەورەو فرۆشـتنەوەی بـە ربەی گچکە وە دێت .

*–رووگـرتن : تێکـەڵکردنی کـا لەگـەڵ گڵـی سـەربان یـان قـەبر ، بـۆ ئەوەی دڵۆپەی نەکات .

*–رەزالەت : ژیانێکی ناخۆش ، یان یەکێك زۆر مەینەتی ببینێ.

*– رێشمە : جەڵەوی ولاغ .

*– رسکان : گەورەبوونی لەرادەە بەدەر ، (هەندی قـەرەوە رسـکایە).

*– رسکا :دوای کولاندنی دۆشاو ، سرکە، مرەببا ، گۆڕانی رەنگ.

*– رەشە شیو : هەر شتێك لە خواردن کەزۆر لێندرابێ، ئەڵێن ئەو رەشە شیوە چیە لێت ناوە ، رێژەیەکی زۆر ، برێکی زۆر

*–رشك : گەرای ئەسپێ، ئەسپێی گچکە .

*–رشکن : رشکاوی ، زۆر رشکی هەبن ، چڵکن ،بەئەسپێ .

*– رك : هەورازی سەخت ،تووڕەیی و رق.

*– رك لێبوونەوە : کەسێکت خۆش نەوێ .

*– رووتەرە : پووتەکە ، بێ گۆشت ، پووچە ، ئاژەڵی تووك وەریو.

*– رۆژە جۆت : بەشی رۆژێك لە کێڵان ، جاران بۆ پێوانی زەوی دایان دەنا .

*– رووسپی : مرۆڤی سەربەرز ،بەئابروو ، ئابڕومەند.

*–رووسپیەتی : ئەو خوێنەی کەلەشەوی زاوایەتی لەبووك دەردەکەوێ، خوێنێکە سەربەرزیە، رووسپیەتیە بۆ کچەکە.

*–رووشکێن : تەریق کردنەوە ، خەجالەتی بردنەوە ، شەرمەزاربوون .

*– رووگرژ : رووتاڵ ،رووترش ،دەمووچاو تێکنراو.

*– روونیشتن : دانیشتن.

*– روونیشە : دانیشە، کەمێك پشوویدە .

*– روونانیشی : دانانیشی ، راناوەستی .

*– رێژنە : بارانی بەهێز .بە لێزمە.

*– رێی کفە : ئەو بن زارە زیاتر لە گوندی هەرتەل بەکار دێ ، واتا گەر کەسێك هات و شەڕی پێ فرۆشتی ،یان ناهەقی بەرانبەر کردی ،یەکسەر بەرانبەری راوەستەوەو شەڕێکی دەستەو یەخەی

لەگەڵ بکەو نەیەڵی یەک قسەش بکات ،واتا بە تووڕەیی راکە بە دوایدا .

*- رینگژن : دەنگی بەریەک کەوتنی قاپ و مەنجەڵ .

*- ریخ: پاشماوەی ئاژەڵ .

*- ریس : خوری و مەرەزو لۆکەی بەتەشی و خەڕەک بادراو.

*- رینگۆر : جلوبورگی دڕاو ،شڕو شیتاڵ، بزگوڕ.

*- رووبارە : گوندێکە لە نزیک مێرگەسەر.

*- رۆین : رۆیشتن .

*- رنۆک : نینۆک ، یەکێك بە نینۆک دەموچاوی یەکێکی تر بریندار بکات ،هەروەها رنۆک بۆ ئاژەڵیش بەکاردێ ،

*- رنی : رەنوو ، هەرەس هێنانی بەفر،رمانی بەفر،کاتێ بەفرێکی زۆر دەکەوێتە سەریەک.

*- رەتاندن : دەرپەڕاندن ،پێ غاردان ،راکردنی خێرا، سەرلەدوونان .

*- رەهێر : رەهێڵ ،بارانی بەخوڕ.

*- رەزگە : گوندێکی خۆشناوەتیە لەنزیك باسرمە .

*- رەوگە : ئەو هەنجیرو ترێیانەی کە زووتر پێدەگەن .

*- رەشەڕاو : راوکردن بەهەموو جۆرێك.

*- رەشەراو : ئەو شوێنەی کەبەفر بەهۆی ئاوەوە تواوەتەوە ، بۆ داتانی داوی راوکردنی پەلەوەر .

*- رەشمیری : جۆرێکی نایاب و دەنك گەورەی ترێی رەشە.

*- رشت : گورجوگۆڵ ، توندوتۆڵ .

*- ڕەش و برش : زۆر ڕەش،

*- ڕەمبڕن : دەنگێکی بەهێزی تەقینەوە ،

*- ڕووی بێرە: واتا هەڵی قۆڕێنە، خواردنی شلەمەنی خواردن

*- ڕوپیە : پارەیەك بوو ئینگلیزەکان تایبەت بۆ ئەو هیندیانەی دانا کەلەکاتی داگیرکاری عیراق هینابوونی ، هەتاکوو ساڵی ١٩٣٦ بەردەوام بوو ،دواتر عیراق پارەی دیناری بلاو کردەوە ،بەجۆرێك ڕوپیە کاریگەری لەسەر پارەی عیراقی هەرمابوو ، تا ئەو دواییانە ٧٥ فلس ئەیکردە یەك ڕوپیە.

ز

*- زان : منداڵ بوون ،لەدایك بوون ،بەتایبەتی بۆ ئاژەڵ بەکاردێ، بۆ بووژانەوەی کانی و سەرچاوەی ئاویش بەکاردێ ، وەکوو ئەڵێن کانی زایتەوە ،وەپاشگری بەمانای ئاگادارە وەکوو (پیاوەکی زۆر زانە ، یاری زانە ،زمان زانە).

*- زانەوێر : بوێرو ئازا.

*- زانەخرۆ : گیان لەبەرێك کەشارەزایی لەماڵەوە هەبێ.

*- زانەوە : کانی و سەرچاوەئاویەکان کە وشك بوونە ، دوای باران دەبووژێنەوە، ژیانەوەی کانی و سەرچاوە.

*- زارك : سەرەتای کونێك ، دەرگا،

*- زاوابەندی : زاوا بچێتەوە سەرماڵی خەزوور.

*- زا : نۆبەت ، نۆرە ، سرە.

*- زایێ منە : نۆبەتی منە ، لەکاتی یاریکردندا بەکار دێ.

*- زار : دەو ،دەم

*- زار خۆش : قسەخۆش ، گفت و لفتی شیرینە .

*- زەندۆر : شوێنی زۆر قووڵ، کونە بەفر.

*- زەین : بیر، تێرامان .

*- زۆڕەزۆڕ: دەنگی زۆڕینی کەر.

*- زڕاسکە : یەکەم قۆناغی منداڵ کەلەدایکەبێ، کەدێتەسەر دنیا ، پێش قۆناغی مەلۆتکە .

*- زیڕیە : منداڵێك کە زۆر بگریێ ، رکە گرتن .

*- زیندی : واتا ئەسپێ،

*– زگی بەپشتیَ وەنووسایتۆ : کەسێك زۆر نەخۆش و لاواز بیَ ، هیچ خواردنی پێنەخوریَ.

*–زنج : کەپر یان کۆلێتی ناو رەز، لەقەدی براوی دار مێولەسەریەکی دادەنێن.

*– زبارە : کاری هەرەوەزی ، ئیشی بەکۆمەلَ.

*– زنـــدەقم چـــوو : زۆر ترســـام ،زراوم چـــوو،یەکێك لـــەناکاوەوە بیترسێنی .

*– زەنگەتە : زەردەواڵە.

*– زەریف : بەتام ، بەلەزەت .

*– زەمانان : جاران ، سەردەمێك .

*– زەفت : داگیرکردن ، دەست بەسەردا گرتن.

*– زەفـت نـابی : راناوەسـتی ، دانانیشـی ، بـۆ منـدالَ و کەسـانی عەجوول بەکاردیَ.

*– زەقنەبووت : ژەهری مار، قوزل قورت ، جۆرێکە لە جنێو.

*– زەقنت بی : خواردنت عافێت نەبی، گۆشـتی پێنـەگری ، خۆشـی لەخواردنەکەی نەبینی .

*– زەرتکان : بەرزایی یەکە لەنزیك کلاَو قاسم .

*– زەرکار : کۆتەشیر ،پێلاَوی لەموو چنراو ،گۆریـەی تـاژێر نـەژنۆ، شیشی دەروێشان .

*– زەوەزە : مندالَ ، کۆرپە .

*– زەعیفە : بەژن دەگوترا .

*- زر : واتا نارەسەن ، یان ئەگەر دارێك زۆر بەرز بێتەوە و هیچ بەرێك نەدات ئەڵێن زڕ بووە .

*- زڕتەزەلام : پیاوی زۆر گەورەو بەقەدو بالا.

*- زڕگویز: گوندێکە لە دۆڵی ئاژگە .

*- زڕەگویز : داری گوێزی کە هیچ بەرێك نەدات.

*- زرمە : دەنگ لێهاتن ، زرمەی لێهینا .

*- زرینگ و هۆڕ : دەنگی خشڵ و زێڕو زیو کاتێ کەژن ئەیپۆشن، لەکاتی رۆیشتن دەنگی لێوەدێ .

*- زگ سووتان : منداڵ لێ مردن .

*- زل : قەدی گیا بە وشکی .

*- زەنگەسۆرە : زەردەواڵەی گەورە،مەیلەو سوورەو گەورەیە.

*- زیارەت : گوندێکە لە نزیك سماقوڵی .

*- زیارەتی مەلازادان : دوا گوندی خۆشناوانە لە دۆڵی ئاژگە .

*- زینە تیر :بەرزایی یەکە لەچیای بەنی هەریر.

*- زێنە : هاوینەواری خەڵکی تووتمەیە، جاران هاوینان کەپرو ساباتیان لێدەکردن، تاکوو پاییز لێی دەمانەوە.

*- زێوە : گوندو هاوینە هەوارێکی بەناوبانگی خۆشناوەتیە، سەربەناحیەی بێتواتەیە .

*- زیخان : گوندێکە لە دۆڵی بالیسان .

*- زیخمار : ئەو شوێنانەی لەبەرزاییەکاندا بەهۆی بوونی زیخ هیچ شتێکی لێ شین نابێ.

*– زیلـك : دوای کوژاندنــەوەی ئــاگر ، هەنــدێ پــەنگری ورد لــەناو مشکیدا جێدەمینێ،بەمە ئەڵێن زیلك .

*– زیندەمار : ئاژەڵ و مەڕو مالاّت .

*– زویـر : ئـەو زاراوەیـە بەتایبـەتی بـۆ ژنـان بـەکاردێ، کـە تـووڕە دەبێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی .

*– زوڕیەت : منداڵی نێرینە لەدوای مردن جێهێشتن .

*– زوڵێ : کورتکراوەی ناوی زولەیخاو زولفا.

*– زوورگ : بەرزایی رووتی بێدارو بار لەدەشتدا .

*– زیوار : پارچەیەك ، بەشێك .

*–زیوێر : پارچە ، پارچەیەك لەقوماش.

*– زویر : تووڕەبوون لەیەك ، لێم زویربووی ؟ واتا لێم تووڕەبووی؟.

*– زیافەت : دەعوەت و دەعوەت کاری .

*–زڕتە زەلام : بۆ ئەو کەسانە بـەکار دێـت کـە تەمـەنیان گەورەیـەو گێلن ،کاری ناشرینی دەکات ، لەگەڵ منداڵێك تێك دەئاڵێ.

ژ

*– ژان : ئێش و ئازاری منداڵ بوون .

*– ژانه هویرك : ژانی ژن لەسەرەتای منداڵ بوون .

*– ژاندن : هێنان و بردنی (مەشکە ، لانك).

*– ژاوەژاو : دەنگی تێکەڵاوی بۆق لەوەرزی بەهاردا، دەنگی ناخۆش.

*– ژاڵە : بەرزاییەکە و بەشێکە لە چیای ماکۆك.کەوتۆتە پشتی گوندی هەرتەل .

*– ژوار : ئازاری زۆر ، ژانی سەخت و ناخۆش.

*– ژۆری : لای سەرەوە ،وەکوو ئەڵێن (هەپوە سەری ژۆری) ،برۆ لای سەرەوە.

*– ژۆردا : لەسەرەوە بۆ خوارەوە .

*–ژنۆکە : ژنێکی غەریبی بەستەزمان ،

*– ژێربەرەژۆر : لەخوارەوە بۆ سەرەوە ، لینگەو قووچ.

*– ژێر سەر : بالیف ، سەرین ، پشتی.

*– ژێرەو ژوور: سەرەو نخوون ،قلپ بوونەوە ،کاول بوون .

*– ژێرپیارە : بن پیاڵە.

*– ژێرچەن : ژێر چەناگە .

*– ژیکەلە : منداڵی پوخت و خنجیلانە.

*–ژەك : یەکەم شیرخواردنی منداڵ.

س

*– سارداو : سەردەمێك هۆیەكانی ئاوی سارد وەكوو ئێستا نەبوو، لەهەندێ شوێن ئاوی كانی سەرچاوەی ئاویان لێ دووربوون ، بۆیە شوێنێكی بەر سێبەریان قوولێ دەكرد،ئێوارێ ئاویان تێدەكردو سەریان دادەپۆشی، بەیانیان ئاوەكەیان بەساردی دەست دەكەوت، تاكوو نیوەڕۆ ئاویان سارد بوو، بەمەیان دەگوت سارداو.

*– سارتكە : گوندێكە لەبناری سەفین ، لەدۆڵی قەڵاسنج.

*– ساردەگیا : جۆرێكە لەگیای هاوینە ، وەكوو بژار لەناو شینابیدا دەڕوێ.

*– سارنج : شوێنێك لەراددەبەدەر ساردبێ.

*– ساریج : شوێنێكی ئەسەریە كەوتۆتە بەرانبەر گوندی توتمە لەدۆڵی بالیسان .

*–ساردایی : هەستكردن بەسەرما ، یان ئەگەر هەواڵێكی ناخۆش بلاو بێتەوە ئەڵێن سارداییەك پەیدا بوو .

*–ساردو سڕ : زۆر سارد ،زۆر بێ مەیل و ئارەزوو.

*– ساختە : درۆو بوختان ،شتێك كەرەسەن نەبێ.

*– ساختەچی : كەسی ناڕاست و فێڵباز.

*– ساغكردنەوە : رۆشنكردنەوەی شتی نەزانراو،هەروەها فرۆشتنی كەلوپەلێك .

*– سالح : پیاوی تۆبەكارو دیندار.

*– سافیلکه : دڵپاك ، بێ فرت و فێڵ .

*– سامتین : جۆرێکه لەبەن و دەزووی بریقەدارو رەنگاو رەنگ.

*– سـان : جـۆرە بـەردێکی پانـە،بۆ تیژکردنـەوەی داس و بیـور بەکاردێ .

*– ساوە : پشووی دا ، حەسایەوە .

*– سایەقە : سەرماو سۆڵەو بەستەڵەك.

*– ساچمە : ئەو پارچە ئاسنانەی لەکاتی تەقینـەوە بـەو لاو بـەولادا دەچن.

*– ساتمە : بەربوونەوەی لەناکاو .

*– سارێ : بانگکردنی سارا.

*– سپیگرە : گوندێکە لەنزیك شەقلاوە.

*– سپیندارە : گوندێکە لەبناری چیای هەورێ ، لەرووی هیران .

*– سبحەینێ : بەیانی ، سبەینێ .

*– سبیانێ : بەیانی ، سبەینێ .رۆژێ دادێ .

*– سپی پات : ئەسپی سپی خاڵدار .

*– سوو : هەم بەمانای سوێ دێت ، سوێم بووەوە ، هەمیش بەمانای گەروو و باسك دێ.

*– سـوێرە : گونـدێکی گچـکەیە لـەدۆڵی بالیسـان ،سـەربەناحیەی بێتواتەیە.

*–سوولاوك : گوندێکە لەبناری سەفین .

*– سولاوکە : ئاوەڕۆی سەربان .

*–سوانكى : ئەو كێشكەیە كەلەئاوەدانیداو لەپاڵ مرۆڤ دەژی ،لەسەر سواندان دەرئەكەوێ، بۆیە پێی ئەڵێن سوانكى.

*– سوێ : لەزۆر گوندی خۆشناوەتی وشەی سوێ بەكاردێت،وەكوو (ئەچمە سوێی) یان (چووومە سوێی) ،لێرەدا ئەو زاراوەیە بەمانای تەماشاكردن و سەیركردن یان لێڕامان دێت .

*– سووسێ: گوندێكی دۆڵی سماقوڵیە .

*– سۆری ساقە : بێچووە باڵندەكەتازە لەهێلكە هاتۆتە دەر.

*– سۆریازە : گیایەكی بەهاریە، لەگەڵ هەندرێشە پەیدا دەبن ، لەگەڵ ساوار لێیدەنێن ، خواردنێكی بەلەزەتە .

*– سۆبلەتی : جۆرێكە لە گێوژ ، بەڵام لەڕەنگدا جیاوازە .سۆبلەتی زیاتر بەراوە ،بەڵام گێوژ دێمەكارە

*– سۆتەك : پاشماوەی ئاگر، مشكی وەكوو سۆتەكی جگەرە.

*– سووكەرۆكە : ئازاو بوێر لەئیشدا ،منداڵێك كە تەڕدەست بێ .

*– سوختە : یەكەم قۆناغی خوێندنی حوجرەو مزگەوت .

*– سۆل : پێڵاو كە پاش پانی پێوەنەبێ. ئەوانەی لەناكاو رادەكەن و پێڵاو لەپێ دەكەن و پاش پانی دەنووچێننەوەو دەكەوێتە ژێر پێیان .

*– سۆفیلكە : چۆلەكەیەك سەری بە پۆپیتەیە،لەدەشتاییەكان دەژی و رەو ناكات و دەمێنێتەوە.

*–سەر ئەشكەفتان ، هاوینە هەوارو تاڤگەیەكە لەناحیەی بێتواتە.

* سەر پسێنكە : بێچووی كەروێشك ،كەبتوانێ بگەڕێ و خواردن بۆ خۆی پەیدا بكات.

*- سەرەمر : بەو مریشکانە دەوترێ ، کەچەند جارێك جوجکەی هەڵێنابن .

*- سەر رەو : شەوانە رەوە سەگ بەلوورە لوور بەدوای یەك دەکەون ،لەو سەر بۆ ئەو سەر ،ئەوە سەرڕەوی پێدەڵێن .

*- سەرەد : لە بێژینگ گەورەترە،بۆ لەیەك جیاکردنەوەی دانەوێڵە بەکاردێ.

*- سەر قەرەمانە : دوای کردنی نووشتە ، دیاریەکیان دەدایە مەلایەکە ، هەقی نووشتە .

*- سەردەر : سەر دەرگا،ئەو دارەی کەلەسەر دەرگا دادەنرا.

*- سەر بەنداو : ئەو خەتەی کەلە سەر بەنداو لێدراوە ،بۆ چاندن.

*- سەر پاروو :کۆتایی کورتان ئەو پایشەپانەی کە دەکەوێتە سەر پشتی ولآخ .

*- سەردوولکە : ئەو بەیت و باڵۆرانەی کە پێشینان دەیان گوت ،بەسەرهات و بەیت ، بەمردوو هەڵگۆتن

*- سەراگر : ئاسنێکی سێ گۆشەبوو دەخرایە سەر ئاگردان ،بۆ ئەوەی مەنجەڵ کتری رەش نەبن .

*- سەراپیتە : بنمیچی خانوو .

*- سەرەسواندە : ئەو بەشەی سەرەوەی خانووی قورکەبە کوتك دەیکوتنەوە ،کەمێك لەسەریان لێژترە.

*- سەرێنگان : بەشی سەرەوەی ژوور ، لای سەرەوە .

*- سەمێ : کورتکراوەی سەمیعەو سەمیرە.

*- سەکەت : مردنی ولآغی بەرزە .

*– سەربار : ئەو بەشەی باری ولاّغ کەلەلای سەرەوەیە .
*– سەرباریّ خەتیّ : بەشێکە لەچیای شۆپە ، کەوتۆتە باکووری گوندی خەتیّ، دۆڵی بالیسان و دۆڵی مەلەکان لەیەك جیا دەکاتەوە .
*– سەردۆر : سەردۆڵ ، گوندێکە سەربە ناحیەی سکتانە .
*– سەفەر بەلك : بەزۆر کردن بە سەرباز، کاتی خۆی حکومەتی بەریتانیا ئەو سیستەمەی پەیرەو دەکرد.
*– سەروجۆتە : ئەو گوڵەی کە تووتن دەری دەکات .
*– سەرکەبزۆت : داری نیوەسوتاوی سەربەئاگر.
*– سەربەرزق : بەبەخت ، بەشانس ، بەنێوچەوان .
*– سەرپارە : پێشەنگی دروێنە کردن ، سەرپەرشتیکاری دروێنەی گەنم .
*– سەر پەڕ : بزربوو ، ون بوو لە مێگەڵ، دابڕاو .
*– سەربەهەش : بیّ بەخت و نێوچەوان .
*– سەربەخم : سەربە دەرد و ناخۆشی،نێوچەوان رەش.
*– سەرتۆپ : بیّ هاوتا لەجوانی .
*– سەرتۆپ : جۆرێك بوو لەچەك ،لەبڕنۆ کورت تربوو.
*– سەرتریان : پرچ لوول، قژلوول ، یەکیّ سەری بە گوڕیزەبیّ.
*–سەرخەو شکاندن : کەمێك نووستن .
*– سەردەدوونان : راکردن و غاردان لەدوای یەکێك.
*– سەرشۆرکە : شوێنی خۆ شووشتنی جاران .
*– سەرشین : ژنی بێبەخت ،پێرەش و شووم .

*- سەرقرژن : کەسێك پرچی تێکەڵ و ئاڵۆزکاو بێ.

*- سەرکار: سەرپەرشتی کردن لە جیاتی خاوەن ماڵ، یان لـەجیاتی ئاغا سەرافەتی کردنی ئیشێك .

*- سەرکۆت : سەر رووت ، بێ جەمەدانی، بێکڵاو.

*- سەرکۆت : سەر بێژینگ کاتێ گەنم لە بێژینگ دەدرێ.

*- سەرەمژانە : دارێکی کورتە لەنێوان نیرو ئامووردا .

*- سەروکانی :کانیێ سەرەوە ، سەرچاوەی ئاوی سەرێ. سەروکانی لەزۆر گوندی خۆشناوەتی هەن .

*- سەرەدەر : لێزانین لەکاروباردا، هەندی شت زانین .

*-سەران : سەرووی لووتکەی چەند شاخێك ، ئەو لووتکەی سبەینان تیشکی بەرئەکەوێ.

*- سەروچاوە : سەرچاوەی ئاو .

*- سەروچـاوە : شارۆچـکەیەکە ئێسـتا بۆتـە سـەنتەری ناحیـەی بێتواتە .یەکەم شوێنە لەرۆژهەلاتی خۆشناوەتی .

*- سەرەداو : زانینی هەندێ زانیاری لەسەر تاوانێك.

*- سەریە دونێ : سەری لە دونێ ، بەدوایدا راکا ،راوی بنێ .

*- سەنگۆ : لە گۆلك گەورەترەو هێشتاش نەبۆتە جوانەگا.

*- سەگسار : جۆرێکی مەیموونـە ،هـەروەها جۆرێکـە لـە جنێـودان ، وەکوو (ئەڵێی سەگساری).

*- سەگایەتی : فرت و فێڵ لەخەڵك کردن .

*- ســپیلکە : گونــدێکی چــەند ماڵێــە لــەنێوان خــەتێ و بێرۆ،سەریەناحیەی بالیسانە .

*- سماقوڵی : سێ گوندی خۆشناوەتین ، سماقوڵی سەروچاوە ، سماقوڵی گرتك و سماقوڵی گەری) ،سەربە کۆیەن .

*- ستری : جۆرێکە لە درك .

*- ستەرك : وەکوو مێزێکی گەورە وابوو ،کەلوپەلی خواردنیان لەسەر دادەنا.

*- ستی : ناوی ژنانەیە ، کورت کراوەی ناوی ئەستیە.

*- سمایل : کورتکراوەی ناوی ئیسماعیلە .

*- سمە : کورتکراوەی ناوی ئیسماعیلە .

*- سمۆ : کورتکراوەی ناوی ئیسماعیلە .

*- سمین : کونکردنی گوێ بۆ گوارە ، کونکردنی کەپوو بۆ خەزێم .

*- سمرکە : جۆرێکە لەگیا ، هاوینان لەناو تەماتەو تووتن ئەڕوێ.

*- سریشك : وەکوو کۆزە وابوو ، ڕۆنە کەرەیان تێدەکرد.

*- سر : بۆ ئەو گیان لەبەرانە بەکاردێ کەرادەکەن لەمرۆڤ و دەستەمۆنین ،هەرکاتێك مرۆڤ لێیان نزیك بێتەوە ، ئەوان رادەکەن .

*- سڕ: دەست وپێ تەزیو لەسەرمان ،

*- سڕ بردی : سەرما بردی.

*- سیپارە : یەکەم کتێبۆکەی فەقێیان ،

*- سیساوە : گوندێکی خۆشناوانە ، کەوتۆتە نێوان هەریو شەقڵاوە ، سەربەناحیەی باسرمەیە.

*- سیسارکە کەچەر : جۆرێکە لەهەڵۆو باز.

*– سیوسیوه : دوو داری کورتن ،چاك دەکران ،هەم دەچوونه ناو کونی باگردان ،لایەکەی دیکەش دەچووه ناو دەسکە باگردان .

*– سێیسکۆره : گیایەکی بەهاری وردە، لەگەڵ ساواردا لێدەنرێ بەلەزەتە.

*– سکورد : مل ، شان .ئەستۆ.

*– سمین : کونکردنی بنەگوێ بۆ تێکردنی گوارە.

*– سم تراش : ئەو ئامێرەی نالبەند بەکاری دێنێ بۆ تراشینی سمی وڵاغ .

*–سلێرك : گیایەکی بەهاریەو بە رەواجە.

*– سێنان : گوندێکە لەدۆڵی سماقوڵی .

*– سناوه : گوندێکە لەسنووری ناحیەی سکتان .

*– سندم : لەئاسن دروست دەکرا، بۆ بەستنەوەی پێی وڵاخی بەرزە.

*– سوخته : قۆناغی سەرەتایی خوێندنی فەقێیایەتی.

*– سواق دان : تێهەڵسوینی قوڕ لەدیوار .

*– سوغره : ئیش پێکردنی بەزۆرەملێیی ، بێبەرامبەرو بەلاش.

*–سوڕبەسوڕ: بەئاشکرا، بەروونی ، بەدڵنیایی ،

*– سۆرك : جۆرێکە لەهەرمێ.

*– سۆرك : ئەو بەرزاییانەی لەدەوروبەری شەقلاوەن .

*– سۆرکه : سۆریکە ، سوورێژە .

*– سۆرکەره : رەنگی سووری ئاتەواو .

*– سۆریێ سیێ گریێ : کەسانی لەخۆ رازی ، ئەوانەی هەرخەریکی خۆ رازاندنەوەن و خۆیان رێك دەخەن و زۆر خۆیان دەشۆن.

*– سۆرەپەل : گەڵای وشك بووی تووتن ،کەلە ژێرەوە وشك بووە .

*– سۆبەی تێباوێن : واتا دار بکەنە ناو سۆبەو گڕی تێبەردەن .

*– سۆری شامی : جۆرێکە لەترێ.

*– سوورسوورە : گوندێکی خۆشـناوان بـوو لـەنزیك باسـرمە، ئیسـتا نەماوە .

*– سۆتکە : گیایەکە بۆ دەرمان بەکاردێ.

*– سۆتەکە : ئەو گیایەی کەلەناو ژاژی دەکرێ.

*– سۆسـیتکە : پابەنـدبوون بـە شـوێنێك ، یـەکێك هـەموو ژیـانی بەسترابێتەوە بە شوێنێك و زۆر پێیەوە پابەند بێ .

*–سەخرەت : پێم ناخۆشە، لەدڵم گرانە. قدیلکەم دەبنەوە .

*– سەڕافەتی : سەرپەرشتی کردن، بەڕێوەبردن.

*–سەرگە : گرتنی لای سەرەوەی یاریکردن .

*– سێوەڕە : دار بەڕوو بەهاران بەتایبەتی دارە بەتەمەنەکان ، دوای گـەڵا دەرکـردن ، بـەرێك دەردەکـەن ،زەردەو تـامێکی خـۆش و مزری هەیە.

*–سەدە : پارچەیەك لە زەوی.

*– سەگ راو : گیاندارێکە هێندەی پشیلەیەك دەبێ ، لەدەوروبـەری ئاودا دەژی .

*- سـەوە : لـە شـوارکی بـی دروسـت دەکرا،قەبارەکـەی کـەمێك گـەورەبوو،بۆ تێکـردن و بـارکردن و گواسـتنەوەی تـریێ بـەکار دەهات .

*- سەڤەڵە : سەوە ، لە هەرتەل بە سەوە دەوترێ سەڤەڵە .

*- سەوە شیر : لە شوارك و قـەدی بـاریکی بـی دروسـت دەکـرا ،زۆر گەورە بوو ، بۆ دانان و پاراستنی شیرو ماست بەکار دەهات .

*- سـینگ : کورتــە دارێکــە لــە دیــوار دەدرێ ، بـۆ پێـوەکردنی کەلوپەل.

*- سی کارد : چەقۆی گەورەی دەسك دار.

*- سێ سوو : گوێزی سێ لا ، جۆرێکە لە گوێز

*- سێپێك : جاران هاوینـان ئەگـەر تـەنها ژن و مێردبـان و منـداڵیان نەبان ، لەسەر بانێن سێ داریان دەچـەقاندو بـە چـرۆ دەورەیـان دەداو شەو لەناوی دەنووستن .

*- سـەی پـێ سـۆتای : سـەگ ئەگـەر پێـی سـووتابێ، لـەتاو ئـازار راوەستانی نیە، بۆ ئەو منداڵانە بەکاردێ کە راوەستانیان نیە.

*-سەردەران : ئەو بەرزاییانەی کەلەدامێنیان چەند رێیەك هەبێ.

*-سێبەرۆ: جۆرێك بوو لەنەخۆشی .

*-سێ بەرد : ئەو سێ بەردەی تەلاق.

*-سەی تۆپی : ئەو سەگانەی کە بەرە ڵلآن و خاوەنیان نیە .

*- سیرە سیڕ: دەنگی دەرگا.

ش

*– شایی پێ هاتن : کەیف پێهاتن ،دڵ پێ خۆش بوون .

*– شادە : باوەڕهێنان بە خواو پێغەمبەر.

*– شـادەنوێژ : پەنجـەی دووەمـی دەسـتی ڕاسـت، ئـەو پەنجەیـەی کەشادەی پێدەهێنی .

*–شاگەشکە : بوورانەوە لە خۆشیان .

*– شاخی سۆر : شاخێکە لەنزیك كلاو قاسم .

*– شاخی عەوشێ : شاخێکە لە نزیك شاخی سۆر.

*– شاقەل : دامێنی کەوای مەلایان،(شاقەلان دەبەر پشتێ بنێوە).

*– شاپ لەقوونانە : یاریەك بوو جـاران لـە گونـدەکانی خۆشـناوەتی دەکرا، لەهەر گوندەو ناوێکی هەبوو.

*– شـوان خافرێنکـە : باڵندەیەکـە هێنـدەی کـۆتر دەبـێ، زۆر دوور نافرێت .بۆیـە ئـەو ناوەیـان لێنـاوە ، چونکە شـوان ئـەخافرێنێ ،دوای ئەکەوێ ، ئاگای لە مێگەل نامێنێ.

*–شوان کارەیی : بەخێوکردنی مەڕو کاڵات بەنیوەیی.

*–شوارك : قەدی باریکی داری هەنارو بی و ئەسپیندار.

*– شرار : ئەو بنزارە چەند مانایەکی هەیە،وەکوو:

یەکـەم :دووریـنـی جلوبـەرگ بەدەسـت ،بـێ ئـەوەی قوماشـەکە بنووشتێننەوە دەیدوورن .

دووەم : ئەڵێن ئەوەندەیان لێدا شراریان کرد،لەپـەلوپۆیان هێخسـت ، کەوت و ڕاکشا .

سێیەم : ئەگەر یەکێ ماندوو بێ و زوو خەوی لێبکەوێ ، ئەڵێن شرار بوو زوو خەوی لێکەوت .

*- شووتەتیان : ئەو زاراوەیە لەهەندێ گوندی بێتواتە بەکار دێ ، بەواتای شووشتوویانو پاک کراوەتەوە .

*- شکەلك : پان و بەرین و گەورە، وەکوو (دەوی هەندی گەورەیە ، دەرێی شکەلکە).

*- شکر : وێنە ، نیگار .

*-شکێرکە : جۆرە ئەستوورکێکە لەئاردەساوار دروست دەکرێ ،زۆر بەلەزەتن ، شلکێنە.

*- شرۆنی : تەرۆزی دوای ئەوەی دەبێتە کالیار،ئەگەر کالیارەکە زۆر بووبێ پێی ئەڵێن شرۆنی .

*- شەلەگە : پلاوی ئاو، شوێنی ئاو هەڵبەستن لەجۆگا بۆ سەر شینایی.

*- شەکرۆك : جۆرێکە لەدرك ، بەهاران شین دەبێ ، سەرێکی خڕ،چوار دەوری بەدرك دراوە

*- شەکرۆك : بەرزاییەکە لەبەرانبەر گوندی شێخ مەموودیان .

*- شەکرۆك : گوندێکی تازەیە چەند ماڵێکن لەنێوان مامەجەلکەو سیساوە .

*- شەخسیان : چەند ماڵێکن لەنزیك هیران .

*- شێخ وەسانان : گوندێکە لەباکووری ناحیەی بالیسان ، یەکەم شوێن لەکوردستان کە کیمیاباران کرا، لەساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ بالیسان .

*–شیره : دوو گوندن شیرەی سەرێ و خوارێ ، سەربەناحیەی بالیسانن .

*– شیرتێن : ناوی کەمێك وەكول هاتوو .ناوی گەرم .

*– شیشار : لووتکە چیایەکە لە رۆژئاوای ناحیەی بێتواتە.

*–شۆپە : چیایەکی گەورەو بەناو بانگە ، کەوتۆتە باکووری گوندەکانی (شێخ وەسانان و توتمەو خەتێ) ، وە هەردوو دۆڵی بالیسان و دۆڵی مەلەکان ، لەیەك جیا دەکاتەوە .

*–شۆغەر : لای سەرەوەی قەدی دار کە تازە گەڵا دەردەکات ،(دار تازە شۆغەری دەرکردینە).

*– شۆڕەژن : ژنی بە هەیکەل و گەورەو گران ، بەژن و باڵابەرزو تێگەیشتوو.

*– شۆڕیکە : بیهێنە ، ئەو پارەیەی لەلاتە بمدەوە .

*– شۆو وەرد : زەوی کێڵدراو ،هەر لە بەهارەوە کێڵدرابێ .

*–شکارتە :بەواتای گەنم و جۆ کردن دێت ،واتا ئەو کاتەی کە نەدرواوەتەوە (پارچە شکارتەکی باشم چاندیە).

*–شکارتە : گوندێکە لە نزیك بێتواتە . لەدوای ١٩٨٨ بوویە ئۆردوگا.

*– شێخ مەموودیان : گوندێکە کەوتۆتە نێوان شەکرۆك و کەپکی حەمەداغە.

*–شرێمك : گوندێك بوو لە رۆژئاوای بالیسان ، ئێستا گەڕەکێکە لە ناحیەی بالیسان.

*–شەوی: ئێواران ئاویان لەناو کوندەو لوولکەو دێمکە هەڵدەگرت لە هاوینان ،بۆ ڕۆژی دواتر بەکاریان دەهێنا بۆ خواردنەوە ، ئاویَ شەوی ساردو خۆش بوو،

*– شەواو : ئەوانەی باخچەی گەورەیان هەیە ،شەواویان هەیە ،شەواو بریتی بوو لە هەڵبەستن و بەردانەوەی ئاو بۆ ناو باخچە هەر لە ئێوارە تاکوو بەیانی .

*– شەویَ دی : شەوی رابردوو .

*– شەوادی :دوێنێ شەو .

*– شەو ترادی : پێریَ شەو .

*–شەو کوێر : ئەوانەی شەو نابینان و هیچ نابینن.یان باش نین لە بینین.

*– شەوین : خاوەن مێگەلە بزن و مەڕەکان ، هەندیَ جار بەشەو مەڕو ماڵات دەبەنە لەوەڕگا ،بۆ لەوەڕاندن ، بەتایبەتی شەوە درێژەکان ، چونکە ئاژەڵ بەشەوی درێژ برسیان دەبیَ.

*– شەو گەڕ : ئەو کەسانەی شەو دەگەڕێن .

*– شەو ڕۆ : بەشەو ڕۆیشتن ، جۆرێك بوو لە پێڵاو.

*– شەنەبا : واتا بەشەنە گەنم دەهەوا هەرکردن ،بۆ لەیەك جیابوونەوەی دان و کا.

*– شەنەبا : بەکەسانێك دەوتریَ ، کە درۆزنن و لەکۆڕو مەدریساندا کەقسە ئەکەن ئەلێن شەنەبایەکەن .

*– شەڕی خۆترێن : ئەو شەڕەی کەبردنەوەی مەحاڵە،

*– شەو چەرە : خواردنی شەوانەی مەدریس .

*- شەرە : جۆرێکی هەنجیرە ، رەنگیان قاوەیی یە .

*- شەمووس : ئەو ولاغانەی کەزۆر سىرن و نایەڵن باریکرێن ، یان کەمرۆڤ لێیان نزیك دەبێتەوە لووشکان داوێن .

*- شتۆ: کامەیان ، کێیە؟کامە جۆر .

*- شتۆکە : شت و کەلوپەلی گچکە .

*- شێت و شوور : شێتی تەواو و دەست وەشێن.

*- شرتوشۆ : بەفر کەدەتوێتەوە یان باران لێی دەدات ، زۆر شل دەبێ کەبەناوی دەکەوی"شڵپەشڵپی لێوەدێ.

*- شرینگە : یەکێك جلوبەرگی بەباران تەرپووبێ ، یان کەوتبێتە ناو ئاو ، ئاوی لەجلکان بچۆڕێتەوە .ئەڵێن (هەند تەرپووە ، شرینگەی لێدێ).

*- شرێوە : شڵێوە ، پێش بارینی بەفر دەبارێ نەرمەو وردە، رایەخی بەفر.

*- شوون هەرگر : شوێن هەڵگر ، بەدوای شوێن دا چوون .جاران ئەگەر یەکێك دزی لێکرابایە ،یان هاتبانە سەر ماڵی ، بۆ زانین و ناسینی کەسەکە ، بەدوای شوێن هەڵگردا دەچوون و دەیان هێنا ،بەهۆی زانینی شوێن پێیەکانی دەیزانی بۆ چ شوێنێك چووە .

*- شووشتینیەوە : جنێوی زۆری پێداوین ،بەجۆرێك شووشتینیەوە

*- شوانە وێرکە : کەسێك ئیش و کاری تەنها شوانەتی بووبێ ، هەروەها بۆ سووککردنی کەسێك بەکاردێ، وەکوو ئەیان گۆت : هیچ نیە شوانەوێرکەیە .

*–شرقژنی لێوە هینا : تەقەی لێوە هێنا ، لێی دا ، نیشانەی پێکا .

*–شانما دایتەبەری : ئەگەر یەکێك کێشەی زۆر بن ، ئەڵێ شانم داوەتەبەر.

*– شەکەت : ماندوو ، هیلاك ، زۆر بەئازار .

*– شەگە : یاریەکە لەنێوان دوو کەسدا دەکرێ بەمزراح .

*–شووتك : رێگای سەخت ، رێگای ناو چیاو شاخی سەخت ، باریکە رێ.

*– شیوە غەریبە : ئەو چێشتەی کە ژنان ئەیبەن بۆ ماڵی مردوو .

*– شیر مەشك : وەکوو مەشکە وابوو ، بێری بۆ تێکردنی شیر لەخۆیان هەڵ دەدا .

*– شێرمەنی : هەناری مێخۆش .

*–شیوە قولانە : چێشت و شیوی منداڵانە .

*– شیرێژە روون : خواردنێکی کوردەواریە ، شیرێژ لە روون دەکرێ، جاران بەناوبانگ بوو.

*– شەو راشکان : کاتێ شەو بەنیوە بووەو بەرەو لای بەیانە دەڕوا .

*– شەوتا : نەخۆشیەك بوو ،بەشەو تاو و لەرزی دەگرت .

*–شرپ و هۆڕ : ئاوی زۆر کە دەنگی بێ ، قەڵبەزەی ئاوی رووبار .

*– شێستە باران : بەهاران ماوەیەك بارانی زۆر دەبارێ، کاتێکە دیاریکراوە کە رۆژانە شەست جار باران بباری.

*– شەخس : گۆڕی پیاو چاکان .

*- شەقە : پارچە زەویەکی گەورە کەکرابێتە تووتن ، بریتی بوو لەچەند بەنداوێك ، هەربەنداوێکیش لەچەند قەتارەیەك ،هەر قەتارەیەکیش لە چەند بۆیە یەك .

*- شەقی : ماندوو ، هیلاك ، ئەزیەت ، وەکوو (خۆ شەقی مەکە) واتا خۆت ئەزیەت مەدە ،خۆ ماندی مەکە ،کەسێك شتێکت بۆ دێنیێ ، لەپای ماندووبوونەکەی وای پێدەڵێن (خۆت شەقی مەکە).

*- شەقی برد : بوو بە دوو پارچە ،بووبە دوو کەرتك ، لێك هەروەشا.هەروەها بۆ ئەو کەسانەش بەکار دێ کە ئێرەیی (حەسوودی) بەخەڵك دەبەن و ناسراون ، پێیان دەڵێن وای شەقت بردبا.واتا خۆزگە بووبای بە دوو پارچە.

*- شەقی کرد : کردی بە دوو پارچە ، لەبەر یەکی هەڵوەشاند.

*- شەی رشکان : جۆرە شانەیەك بوو لەدار دروست دەکرا ،بۆ ئەو ژنانەی کە زۆر رشك و ئەسپێیان لەناو پرچدابوو،هەم ددانەکانی ورد بوون هەمیش لەیەك نزیك بوون .

*- شەی درشتان : جۆرە شەیەك بوو تایبەت بوو بە ژنان بۆ ئەو ژنانە بەکار دەهات کە کەمیان رشك و ئەسپێ لەناو پرچدا هەبوون ، ددانەکانی درشت و لەیەکیش دووربوون.

*- شەوە : ناوێکی ئەفسانەیە ، جاران کە ژن منداڵی دەبوو، دەبوایە هەفتەیەك شەو نخونی لێبگیرێ ، نەوەك شەوە دەستی لێبوەشێنێ و منداڵەکە بکوژێ.

*– شەوارە : شەونخوونی و پاسەوانی ژنێکی کە تازە منداڵی بـووە ، تابەیانی جۆرەها یاری دەکەن و شەوچەرە دەخۆن .

*– شرو شەپرێو : کەسێك هیچ گرنگی بـەخۆی نـەدات و شـلو شـۆق بێت و جلوبەرگی بەشێوەیەکی رێك نەپۆشی .

ع

*- عارد : زەوی .

*- عارد کێران : زەوی کێلان .

*- عاردانە : باج وەرگرتن لەسەر ئەوەی کەلەسەر زەوی ئەوە .

*- عاجوج و باجوج : یەئجووج و مەئجووج.

*-عاجباتی : سەیرو سەمەرە .

*- عـازەب ، لاوی تـازە پێگەیشـتوو ، گـەنجانێك کەتەمـەنیان لـە پازدەی رەت دابێ.

*- عازمان : بێ ئارام ، زۆر بەئازار.

*- عاللاوە : گوندێکە لەدۆڵی قەلاً سنج .

*- عالۆری : گەورەبوون ، کاتی ژن هێنانی هاتووە ، زۆر زان بووە .

*- عـالۆری : نێـری و بـەرانی زۆر چـاو برسـی ،ئـەو هـەموو مـەڕو بزنانەیان لەلایە، کەچی تێر نابن لە پەڕین ،دەچنە ناو مێگەلی تر ، ئەو چاو چنۆکیە لە مرۆڤیشدا بەدی دەکرێ.

*- عاستەم : بەئاستەم ،زۆری نەمابوو ، زۆر نزیك بوو.

*- عاسمان : ئاسمان .

*- عاسمانـە لەشـەڕە : ئەگـەر ئاسمـان هـەورو برووسـکەو بـارانێکی بەهێز بێ .

*- عاسمانە تووشە : واتا ئاسمان تووش و تەڕیەتی پێوە دیارە.

*- عاشتەبا : هیچ شتێك ، هەرچی هەمبوو عاشتەبام نەما .

*- عاملان : راهاتن ، فێربوون .راهێنان .

*– عامفەریم : ئافەرین ، دەستخۆش.

*– عاملانــدن : راهێنــان ، پــەروەردەکردن و گرنگــی پێــدان ، بەخێوکردن .

*– عاملاو : راهێنراو ، پەروەردەکراو .

*– عان : کات ،سات ، وەخت ،دەم .

*– عانە : هـەتا سـاڵی ١٩٣١ ئـەو کـاتی بـەریتانیا حـوکمی عێراقـی دەکرد، هیندیەکانی لەگەڵ دابوون ، جۆر ە پارەیـەکی بـۆ لێدان ئەویش عانە بوو ، عانە بچووك ترین بڕی پارە بوو.

*– عەمبارۆز : هێرش بۆ بردن ، پەلاماردان ،

*– عەزیمەت : ئەوانـەی کـە شـێت دەبـوون و بـاری دەروونیـان تێـك دەچوو ،دەیان بردنە لای ماڵە شـێخەکان ، بەتایبـەتی ئـەو ماڵـە شـێخانەی کەلـە کاروبـاری جنۆکـەو شـێتی شـارەزا بـوون ،بـۆ دەرکردنی جنۆکە لەجەستەی نەخۆشـەکە ،قـاپێکی گـەورەی لـە مـــاددەی مـــس دروســـتکراویان دەهێنـــا و هەنـــدێ ئاویـــان تێدەکرد،چــەند ئایــەتێك و نــزاو پاڕانــەوەیان لەســەر ئاوەکــە دەخوێند ،ئنجا بەسەر لەشی نەخۆشەکەیان دا دەکرد،ئـەم کـارە عەزیمەت گرتنەوەیان پێدەگوت .

*– عەدۆ: کورتکراوەی عبدالرحمن بوو.

*– عەبدۆ: کورتکراوەی ناوەکانی (عبداللەو عبدالرحمن) بوو.

*– عەدیلە : کورتکراوەی ناوی عبدالرحمنە.

*– عەولا : کورتکراوەی عبداللەیە .

*– عەبۆ : کورتکراوەی ناوی عبداللەیە.

*- عەز : حەز ، ئارەزوو .

*- عەلیاوە : گوندێکە لەپشتەوەی دێگەڵە.

*- عەزعەزۆکانێ : خۆشەویستی و حەزلەیەك کردن ، دڵداری .

*- عەزۆ: بۆ بانگ کردنی عەیز بەکار دێ .

*- عەلکە : سووککردنی ناوی عەلی .

*- عەمبارتـە : شـوێنی کـەمێك بـەرز لـەناو زەوی ، بڵندایـەتی نـاو باخچە.

*- عەلەشـەکانە : شـەڕی نێـوان دوو نێـری ، دووشـەك کـاتێ لەیـەك دەدەن .

*- عەججـە کـێش : ئـەو نێریـەی یـان ئـەو بزنـەی کـە زەنگـوڵی لەملکراوەو لەپێش مێگەل دەڕوا .

*- عەمبەر : ناوی ژنانەیە.

*- عەمـەل مەنـدە : کەسـێك لەبـەر نەخۆشـی هـیچ ئـیش و کـاری پێنەکرێ .

*- عەمبەر بۆ : برنجی بۆن خۆش، بۆندار.

*- عەدەبخانە : ئاودەست ، ئەدەبخانە ، خەلا.

*- عەنەتریك : لایت ،

*- عەینەن : هەروەکوو .

*- عەمبارە سۆتی : ناڕەسەن : ئەو قوماشەی کەوا زوو تێك دەچێ و دەدڕێ.

*- عرووس : کاتی خۆی بە سوپای رووسیا دەوترا.

*- عەربە : کێشێك بوو ، بۆ پێوانی گەنم و جۆ و دانەوێڵە،بریتی بوو لە شازدە تەنەکە .

*- عووعە : وشەی ترساندنی منداڵان ، گورگ هات .

*- عوممەرۆکە : عوممەری ماڵ وێرانی بەدبەخت .

*- عوممەرکە : بۆ سوککردنی ناوی عومەر.

*- عوزر : هۆ ، هۆکار ، بەڵگە ،

*- عوزر شۆر : قەیرەیی ، گەورە کچی .

*- عەگید : مێرخاس ،پیاوی ئازا ، بەجەرگ ،

*- عەزراباات : هیچ شتێك ، ئەگەر یەکێك ماڵی بسووتێ ، ئەڵێن عەزراباتی دەرنەچوو، واتا هەمووشتێکی سووتا.

*- عەیامەك : چەند رۆژێك، ماوەیەك .

*- عەلەل ئەجەل : بەزووترین کات ، بەخێرایی.

غ

*- غار دان : راكردن .

*- غاره غار : راكه راكه.

*- غارب : زۆربه ، زۆرینه .هەندێكیان، هەرەزۆریان .

*- غلوور : لەخۆبایی ، هار،لەپێستی خۆ چوونەدەر.

*- غلۆر : بەربونەوه لە شوێنێی بەرز ،لەبەرزایی کەوتنەخوارەوه .

*- غەره : ئەو چیلەبەردانەی لەدەوری گۆڕی پیاوچاكان كراوه ،

*- غەرەز : رق و كینه ، مەبەست و نیاز.

*- غەره زێ قەدیم : كۆنه قین .

*- غەرێفـه : وەكـوو سـەبەتەو تریـان لەشـووی داری باریـك دروسـت دەكرێ ، بەزیلێ سواغ دەدرێ، هەنگی تێدەكەن .

*- غەریب : بێ ستەم ، بێ كێشه .

*- غەریبه : نامۆ ، بێگانه .

*- غەریبایـەتی : ئـاوارەبوون لـە ولآتـی بێگانـان نیشـتەجێ بـوون ، ئاوارەیی .

*- غەرێفه : گوندێكه لە نزیك سەروچاوه .

*- غەربه غەرب : دەنگه دەمگ ، گارەگار ،

*- غەیان : خائین ، بێ بەڵێن ،

*- غەددار : ستەمكار ، زۆردار .

*- غەدر لێكرای : ستەم و زوڵم لێكراو .

*- غەشیم : دنیا نەدیته ، چ نەدیتكه .

*– غەزرین :هەم بۆ مرۆڤ هەم بۆ ولاّ غیش بەکار دیّ، یاخی بـوون ، لەجێی خۆ نەجوولان .

*– غورد : پڕ ، چڕ .

*– غەوارە : تێکەڵ و پێکـەڵ ، خـەڵکی تێکـەلاّو ، هەریەکـە خـەڵکی شوێنێك .

*– غوردایی : چڕی ، پڕی ، زۆری .

*– غەرق : پڕاو پڕ . خنکان .

*– غەرق بوون : خنکان لە ئاوێکی زۆردا .

*– غەرقیان کرد : ژێر ئاویان خست ، خنکاندیان .

ف

*– فابریقه : کارگه ، کارخانه .

*– فاتاوه : گوندیکه بەرامبەر سیساوه .

*– فات : کورتکراوەی فاتیمەیه .

*– فاتێ : کورتکراوەی فاتیمەیه .

*– فاتیله : فاتیمەی منداڵی رووح سووك .

*– فاتیلێ . بۆ بانگکردنی فاتیمەی رەزا شیرین .

*–فاتم : کورتکراوەی فاتیمه .

*– فاته سۆر : فاتیمەبێ و پرچی سووربێ.

*– فاته بۆر :فاتیمەی رەنگ بۆر .

*– فاته رەش : فاتیمەی رەنگ ئەسمەر.

*– فاتمێ : بۆ بانگ کردنی فاتیمه .

*– فاتمۆك : بۆ بانگکردن بەکاردێ.

*– فامکردن : گەورەبوونی منداڵ و تێگەیشتن له شت ، هەستکردن

*– فت : کۆم ، قوون .سمت .

*– فتەفت : چرپەچرپ.

*– فجوور: دەنگی فرینی کەو ، خۆ فڕێدان .

*– فرچك : یەکەم شیرخواردنی کارویەرخان و گیان لەبەرانی تر.

*– فەراژی : گەورەبوون ،پێگەیشتن ، نەشونماکردن ،

*– فەرمەسۆن : لەدین وەرگەڕاو ، بێ دین ، گاور.

*– فەتەڕات : کارەسات .

*- فززه : دەنگ نەكەی ، یەكێك بیەوێ بەرامبەری بێدەنگ بكات ، ئەڵێ فززەی نەكەی .

*- فران و فیسار : ئەو و ئەمی نادیار، فلأنەكەس.

*- فرت و هۆڕ : هاتن و چوونی بەپەلەو بێئەنجام.

*- فرۆتن : فرۆشتن .

*- فرۆتەنی : بۆ فرۆشتن ، كاتێك شتێك دادەنێی بۆ فرۆشتن .

*- فرۆتی : فرۆشتی .

*- فڕووجاو : چەلاوی مریشك ،

*- فرۆ : ژەك ،

*- فرتە فرت : قسەی بێكەڵك ، فەرمانیشە بۆ بێدەنگ كردن .

*-فندەق : دار لاستیك .

*- فنەفن : بۆڵەو پرتەی بنە لێوان .

*- فنكە فنك : بە هێواشی گریان ، لەكاتی گریان دا دەنگێكی لێوەبێ .

*- فس بوو: واتا ماندوو بوو ، هێواش بووەوە ،

*- فەتاح پاشا : جۆرێكی نایاب و هەرەباش بوو لەقوماشی پیاوان .

*- فەرتەنە : كێشە دروست كردن ،ئاژاوەو پشێوی ،فیتنە نانەوە .

*- فەریك : میوەی پێنەگەیشتوو .

*- فیت فیتۆك : ئامرازی فیتەلێدان ، بۆ منداڵان .

*- فیراندی : زگ چوونی گەیشتێ ، ئیسحال بوو .

*- فیشەك دان : ئەو رەختەیەی كەلە پشت قایم دەكرێ و فیشەكی تیادا هەڵدەگیرێ.

*– فنكه فنك : دەنگی گریانی منداڵ و ژنان ،گریانێك كەبە نووزە نووزەوە بكرێ.

*– فرته فرت : پرتەو بۆڵە.

*– فرانكه : فلآنه كەس .

*– فەتارەت : لەناوچوون ، سەرەنجام هیلاك بوون

ڤ

خوێنەری بەڕێز :

پیتی ڤ زۆر بەکەمی لەسەرەتای رستە بە کاردێ ، بەلاّم لە گوندی (هەرتەل و دەوروبەری) زۆر ئاسایی بە کاری دێنن ،زیاتر ئەو پیتە لەجیاتی پیتی (و) بەکاری دێنن .

*- ڤەسێن : وەسێن ، بحەسێنەوە ، پشوو بدەن .

*- ڤەبێنە : بیبەستەوە .

*- ڤێ راگەی : وێڕاگەی ، پێڕاگەی ، فریا دەکەوی .

*-ڤێ کەفت : بەر کەوت .

*- ڤێکرا : وێکرا ، بەیەکەوە .

ق

*- قاچەك : لا تەنیشتێکی ماڵ.

*- قاقیٚ : بەواتای گوێزو هێلکە دیٚ، بۆ منداڵان بەکاردیٚ.

*-قاقۆز : جۆرێکە لە گیای بەهاران ،

وەکوو سێو بن عارد وایە ،بنکەکەی لەژێر خاك دەردەهێنریٚ ، دوای لێکردنەوەو سپی کردنی دەخورێت

*- قاپ قاپ : نەعلی لەدار دروست کراو .

*- قادیانە : گوندێکە لەدەشتی هەریر ، نزیك لە مامەجەلکە .

*- قادرۆك : قادری هەژاری ماڵ وێران ،زیاتر بۆ زەلیل کردن بەکاردیٚ.

*- قادۆ : سوککراوی قادرە .

*- قادرکە : بۆ زەلیل کردن و سوککردن بەکار دێت .

*- قاوەرتی : قاوەڵتی ، نانی نێوان بەیانی و نیوەڕۆ.نان خواردنی سەر ئیش و کار، لەناو مەزراو باخچەو دەشتا .

*- قاپێلك : بەمانای بەرگ دێت ، وەکوو قاپێلکە کیسەڵ، هەندیٚ جاریش بۆ سەر بەکار دیٚ ، وەکوو قاپێلکە ستوور ، واتا سەرگەورە.

*- قات و قڕی : نەبوونی ، گرانی ، نان دەست نەکەوتن .

*- قاسپە : دەنگی کەو .

*– قاتۆلـك : لـەوەرزی پـاییزدا دوای لێکردنـەوەی گـەڵای تـووتن ، ئەوەی جێدەمینێ قاتۆلکی پێدەڵێن ، ئەوبنزارە تایبـەت نیـە بـە توون ، بەڵکوو بۆ باینجان و تەماتەو گوڵە بەرۆژەش بەکار دێ.

*–قان دان : وازلێهێنان، وەکوو ئەڵێ ئەو جارەت قان ئـەدەم ،بـەلاّم جارێکی دی قانت نادەم ،.

*– قانی نەدەی : دەربازی نەکەی ، نەهێڵی بڕوا .

*– قانە : بۆ پێوان بوو ، مەتر ، مەترێك قوماش .

*– قانگ : شوێنێك کەپڕیێ لە دووکەڵی جگەرە.

*–قانگەلاچك : دوای ئەوەی کـەنگر بەسـەر دەچـن ، گەلاکـەی بـەرز دەبێت و زەرد دەبێت ، دواتر قەدەکەی وشکە بـێ، بەقەدەکـەی ئەڵێن قانگەلاچك .

*– قایمـە : شـوێنی ئاسـتەم و عاسـێ، بەزەحمـەت گەیشـتن و پێڕاگەیشتن ، کۆتایی یاری دامە .

*– قامە کێش : چەقۆ کێش ،.

*–قـاڕە : ئـەو کەسـەی دەکەوێتـە دواهـەمین کـەس لـەیاریکردنی کەلایانێ، هەروەك ئەیان گوت (پشێ قارەی ترش و گۆشتە).

*– قاڕی بازاڕی : دەلالخانەیەکی کۆنی هەولێربوو .

*–قاڕنان : چردۆ، رەزیل ، نان نەدەر قرچۆك،قرولەجەر.

*– قاڕەقاڕ : دەنگی قازو مراوی .

*– قاقا : گوندێکە لەسنووری ناحیەی سکتان .

*– قازی بازی : لەکۆمەڵەی زەنگـە سـوورەیەو کـەمێك گـەورەترە ، باڵەکانی رەنگینە.

*– قاژۆر : شوێنی تیا مانەوەی بەفر ، چاڵە بەفرێکی زۆر قووڵ.

*– قاژوو : باڵندەیەکە ،لەشەقلاوە هەیە.

*– قاسماوە : شوێنێکە لەتەنیشت بالیسان ،ساڵی ١٩٨٨ کیمیاباران کرا.

*– قاشۆیانە : یاریەکی کۆنە لە خۆشناوەتی لەنێوان چەند کەسێك دا دەکرا.

*– قاورمە : گۆشتی برژاو .

*–قوتۆ: بەو سەگە دەگوترێ کە گوێکانی بڕابن و گوێکانی قووت و گچکە بن .

*– قوڕکێش : پارچە تەنەکەیەکیان لەنێوان دوو داردا قایم دەکرد، بۆ هێنان و بردنی قوڕ بەکار دەهات .

*– قۆرنج هاتن : یەکێك دەمارەکانی پشتی بێشێ.

*– قۆرنج شکێن : ئەوانەی شارەزان لە شێلان و شکاندنی قۆرنج.

*–قونجرکە : جۆرێکە لەدڕك و سێ سەرە لەدڕك .

*– قوڕاو : خواردنێکی کۆنی کوردەواریە ، زیاتر رەوەندو کۆچەریەکان لێیدەنێن ، بریتیە لە کوڵاندنی گۆشت و دواتر ماستیشی بەسەردا دەکەن .

*–قلیم قاز : منداڵ دانان لەسەر مل ، قەڵاندۆشك .

قدیلە : ختۆکە .

*– قرچوهۆڕ : دەنگی توانەوەی رۆن و چەورایی لەسەر ئاگر. دەنگی سووتانی دارو چیلك .

*– قرقرتۆك : قوڕ قوڕاگە ،سورینچك .

*– قوڕەپەست : بریتیە لەگرتنەوەی قوڕو خۆڵەبانکردنی خانوو ، ئەو قوڕەی لێدەدەن ، بەتایبەتی ئەو خانوانەی کە دەیانەوێ بیکەن بەدوقات ،لەقاتی یەکەم بەقوڕ دادیدەپۆشن .

*– قوڕو زێلاق : قوڕێکی خەست .

*– قووپ : بەرزایی لووتکە لەچیاو شاخەکاندا.

*– قوت : بزنی گوێ کورت و بچووك.

*– قووچ : بڵند کردن ، بەرزکردنەوە، .

*– قووچەك : دانانی چەند بەردێك لەسەر یەك ، نیشانەی ئەوەیە ئەو شوێنە هی کەسێکە، یان لەسەر جۆگەی ئاو دایدەنێن نیشانەی ئەوەیە کەوا ئاوەکە نەبڕن ، چونکە لەدوای یەکێکە .

*– قولمات : بۆ دەنگ بەکاردێ ، قولماتێ نەکەی ، واتا دەنگێ نەکەی ،بێدەنگ بە ، هەستت نێ.

*–قوون بە گێچەر : یەکێك هەمیشە بە ئاژاوەو گێچەڵ و کێشەبێ.

*– قەرەم کردن : چاکردن و کورتکردنی ردێن و هەڵکەندنی موو ،.

*– قەیلوولە : نووستنی پێش بانگی نیوەڕۆ.

*– قەیمەسی : بەرەبابێکی گەورەی خۆشناوانن، پەرت بوونەو لەچەند گوندێك بڵاوبوونەتەوە.

*– قەراسنج : قەڵاسنج ، دوو گوندن ، سەرێ و خوارێ، لەبناری سەفین.

*– قەرس: پێناخۆش بوون ، ئازار پێگەیشتن .

*–قەرس بوون : تووڕەبوون

*– قەرەم بڕ : چەقۆ ، چەقۆی بچوو ك ..

*– قەرەمەستری : بەجۆرێك لەدرك دەوترێت .

*–قەڕامستانە : یاری کەرەمستانە، یاریەکی کوردەواریە.

*– قەمامە : برین و پێچانی ، دوورینەوەی جلوبەرگی دڕاو.

*– قەڕاستە : پەتێکە یان پارچە زنجیرێکی لەدەمی ولاغدا دەبەستن، هەم بۆ بەستنەوە، هەمیش بۆ راکێشان .

*– قەراشتنەوە : کردن بە دوو لەت ، دووکەرت کردن ، دوو پارچەکردن .

*– قەراش کەری : داری بڕاوی قەراشتراو بۆ سۆبەی داران .

*– قەرپ : شتی خراپ ، بەکەلك نەهاتوو،(ماری قەرپ ، سەروەساحێبیە).

*– قەرات قەراتانە : یاریەکی کۆنی خۆشناوەتیە،چەند کەسێك لەسەر شوێنێکی بەرز رادەوەستن ، بەهێزی شان یەکتر پاڵ دەنێن ،بۆ دەرکردنی دژەکەی ،ئەوەی لەسەر شوێنەکە دەمێنێتەوە براوەیە ، ئەوەی دەریش کراوە ئەڵێن تەلاَق دراوە

*– قەلەبەرخۆرە : باڵندەیەکە هێندەی کۆترێکەو لەچیا دەژی ، ئەڵێن بە حەوت زمان دەتوانێ شێوەی خوێندنی بگۆڕێ.

*– قەپۆز : کورتانی ولاَغ ئەو بەرزاییەی پێشەوەی قەپۆزی پێدەڵێن.

*– قەلپووز : هەمان مانای هەیە ، دەم و چاوی مرۆڤیش هەندێ جار پێی ئەڵێن قەلپووز.

*– قەلۆك : بەهاران شین دەبێ ، وەکوو لۆبیاو فاسۆلیا قەلیەکەی وایە.

*– قەرێ: پاییزان دوای سەربڕینی گیسك و کاوڕی دابەستی بەشێکی زۆری گۆشت سوور دەکرێتەوەو لەمەنجەڵی سفر یان فافۆن دەکرا، هەم وەکوو ڕۆن بەکاریان دێنا ، هەمیش لە زستاندا زۆربەی چێشتەکان بە قەرێ لێدەنران ، بەتایبەتی (ماشی بەقەرێ) بەیانیان لیدەنراو نانیشیان دەبرژاندو تێیان دەکوشی.

*– قەپووچکە : کلاوی سەر بەڕوو .

*–قەسنی : دەرمانێك بۆ مندالآنی ساوا ، کاتێك کەزۆر دەگریاو (زیڕیە) ی دەگرت،ئەم دەرمانە لەچەند گیایەك دروست دەکرا.

*–قجیلە : جۆرێکە لەو گیایانەی هەرلە وەرزی پاییزدا شین دەبێ ، وەکوو تۆرکە بەڕەغبەتەو لەهەندێ شوێن گیا پەرچێوە پێدەڵێن.

*– قۆناغ : ئەو شوێنەیە کە مێوان لێی لادەدا ، لێی مێوان دەبوو ، ئەگەر کەسێك ناندەر بایەو خاوەن دیوەخان بایە ، ئەیان گوت قۆناغە .

*– قۆنگرە : لافاو ، ئاو هەڵستانێکی زۆر ، کاتێك شەپۆلەکانی لەولاو لەولا دەدات .

*–قۆڕ : شتی نابەجێ، نەگونجاو ، قسەی بێسەروبەر، کەسێك گونی زۆر گەورەبن.واتا گونك بێ.

*– قورتەلاس : گوندێکە لەدۆڵی عەلیاوە سەر بە دێگەڵەیە.

*– قوڕتار :ڕزگار بوو ، قوڕتاری نەکەی ، نەیەڵی دەربازی بێ.

*– قڕساندن : دیاریکردنی زیان لێکەوتوو،یەکێك زیانی بەر کەوتووە، چەند کەسێك دەچن زیانەکان دەخەمڵێنن .

*–قرێژ : چلك ،یەکێك جل و بەرگی پیس بن .

*–قرغ :بێتاقەت و بیٚ هێز ، دەستەمۆ .

*– قەوارە : برینێکی گەورە لە جەستەدا .

*– قەلك : ئەو پاشماوەیەی لە کا دەمێنێتەوە ، لە کا گەورەترە.

*– قەرەزراو : ترسنۆك ،بیٚ ورە ، بیٚ غیرەت ،

*– قەڕانقی : قەمپاڵی لێدا ، ئەو وشەیە زیاتر لە گوندی هەرتەل و دەوروبەری بەکار دیٚ .

*–قوڕنیچك : تەنیشتێکی ژوور ،

*– قوژبن : کون ، شوێنێك ، جێگایەك .

*– قولەتێن : هەرچەندە لە بنەڕەت دا ئەو وشەو دەستەواژەیە عەرەبیە ، بەلاٚم ئەوەندە لەمێژە لە خۆشناوەتی بەکاردیٚ ، خەریکە مۆری ئەو شوێنە وەربگریٚ، بەمانای ئاوێکی کەم ، بەلاٚم لەلای ئێمە زیاتر بۆ مەبەستێکی تر بەکاردیٚ ، ئەویش :

لەسەر جۆگایەك بەچڕۆو حەسیر دەورەی بگری ، لەنزیك کەپری هاوینان ، بۆ خۆشووشتن و کارو باری چێشت لێنان بەکار دەهات .لەلایەك ئاوی لەژێردا بڕواو لەلایەکەی تریشی بچێتە دەرەوە .

*–قووپك : بەرزایی ، دوند ، لووتکەی سەر شاخەکان .

*– قۆپەن : بنك ، چەپك ، دەسك ، قۆپەنە گیا ، بنە گیا.

*– قۆدی : دوو مانای هەیە :

یەکەم : بەناوی قوتی بەکار دیٚ ، قۆدیە ئاوە تەماتە .

دووەم : بەواتای ئاوێنە دێت .

*– قۆتر : پیرە ئەسپ و بارگیری لەکار کەوتوو، ئەو باربەرانەی کەوا ئیشیان پێناکرێ.لەماڵ کەوتوون ، هێزی جارانیان نەماوە.

*– قـیرژە : گونـدێکی خۆشـناوەتیە ،لـەبناری سـەری رەش، سـەربە پیرمامە .

*– قیسپ : ئەو دارەی کە نزیکەی دوو مـەتر درێـژەو هـەم دەخرێتـە سەردارە گەورەکان لەخانوودا ، هەمیش پەرژینی پێدەکەن .

*– قول : رەش ،

*– قولە رەش : مرۆڤی رەش پێست.

*– قم : مژێك، مژ لێدان .قمێك دان لەجگەرە.

*– قومە ئاوێك : ئاو خواردنەوەیەك ، کەمێ ئاوی خواردنەوە .

*– قوندە : بێ کلك ، مریشکی بێ کلك.

*– قـەلانگ : دارێکـی درێـژە ، لای بنـەوەی پارچـەیەکی پێوەیـە هێندەی بستێك ، بۆلێکردنەوەی هەنجیر و هەنار.

*– قەلانی : جۆرێکە لەهەنجیر ، زوو پێ دەگەن .

*– قـەلۆش : ئـەوەی دەدۆڕێ ، مـوفلیس ، هـیچ پێنـەماو، هـەرەس هێنان لە ئابووری .

*– قرپاز: زۆر رەش ، رەش رەش ،

*– قریت و هۆڕ : دەنگی پێکەنین ، قاقای پێکەنین .

*–قریتە قریت : بە خەڵك پێکەنین .

*– قیتێ : بەژن بڵند ، باڵابەرز.

*– قیتە قیت : خۆ رازاندنەوە ، خۆ قۆزکردن ، خۆ جوان کردن .

*– قۆچ : شاخی ئاژەڵ.

*- قووڕه قووڕ : دەنگ و ناورانەوەی گوجیلە سەگ .

*- قووقە قووق : دەنگی کەڵەشێر .

*-قیڕه قیڕ : هەراو هۆریا ، دەنگی شەڕو ئاژاوە ، دەنگی قازو مراوی .

*- قورتە قورت : دەنگی مریشکە دایکی جووجکە .

*-قواڕه قواڕ : دەنگی توورگ و رێوی .

*- قۆشمە : ئەوەی خۆی هەڵداوێ ، سوار چاك .

*- قۆشمەچی : ئەوەی خەڵك دڵخۆش دەکات ، ئەو کەسەی قسەی خۆشە.

*- قەسرۆك : گوندێکی خۆشناوەتیەو سەریە ناحیەی باسرمەیەو گوندێکی بچووکە .

*- قەوچەقەوچ : قسەی قۆڕو بێ مانا، قسەی ناهەق ، قسەی هەلەق و مەلەق

*- قەسناغ : پێوەرێك بوو بۆ کێشانی گەنم و دانەوێڵە .

*- قوو: یاریەکی کۆنە .

*-قەتارە : بریتی بو لە چەند بۆیە یەك بۆ چادنی توونن و تەماتەو ......هتد.

*- قەرتارە : لە شوارکی بی دروست دەکرێ ، بۆ تێکردنی ترێ و هەنجیر بەکار دێ.

*- قوونکە بۆ : خەتێکی گچکە بۆ چاندن ،کۆتایی بۆیە ..

ك

*–كا؟: کوا لەکوێ یە ؟

*– کابینە : کوا بیهێنە .

*– کا لەکێ یە ؟:کوا لە کوێ یە ؟.

*– کاڕەشە : بەرەبابێك و بنەماڵەیەکی گەورەن لە سنووری بێتواتە.

*– کاچویت : هیچیان دەرنەچوون ، هەموویان بڕانەوە ، ئەسڵ و فەسڵیان نەمان گشتیان تیاچوون .

*– کارتیخ : پارچە ئاسنێکی بەگڕنیە ، بۆ تیژکردنەوەی چەقۆو داس و بیور بەکار دێ.

*– کاوەخۆ: بەهێمنی ، لەسەر خۆو بەهێواشی ،زۆر بە هێدی ، هێور.

*– کانێ؟: کوا لە کوێ یە ؟.

*– کارەیی : یەکێك زۆر ئازاو دەست گەرم بێ لە ئیش کردن دا.

*– کارە مێشکە : ئەو کارانەی کە دایکیان نەماوە ،لاگوانی بزنێك یان مەڕێکی بۆ جێ دێڵن ،بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرێ.

*– کاکیلە : براگیان ، کاکەگیان ، بۆ خزامایەتی بەکار دێ.

*–کاکیلە : ددانی خرێنەی لای پشتەوە .

*– کاکۆ : براگیان ، خوشك بۆ برا گەورە بەکاری دێنن. هەروەها براژنیش بەبرای مێردی دەڵێت .

*– کاکوت : ئەو ئامێرەی کا دەکوتێ.

*– کارخانچی : بەپیاوی بەفرت و فێڵ دەگوترێ.

*–كارەكەگا : پێلاوێك بوو لە پێستی ئاژەڵ دروست دەكرا، زستانان بۆ لەسەر بەفر ڕۆیشتن دەپێیان دەكرد، بەهۆی ئەو كارەكەگایە هەڵنەدەخلیسكان.

*– كارەموو : مووی پەشتراو و تەنراو لەمووی كار.

*– كارەموو :مووی كاریلان ،لە جیاتی (گریـن) لـەناو كـونی كلدانـەی جەنجەڕ دایان دەنا ،بۆ ئەوەی تۆپی جەنجەڕ سووك بسوڕێ.

*–كارەوان : ئەو كەسەی كە دەچووە دوای كارو بەرخان .

*– كاروان كەر : ئەوەی ئیش و كاری كاروان چێتی بوو .

*– كاروان چی : ئەو كەسەی كە لە كاروانكردن دایە .

*– كافرستانی : بەزەیی نەهاتنەوە بە لێقەو ماوان و هەژاران .

*–كاردی شاخی : ئەو كاردیەی بـەهاران لـەناو ڕازو تاشـەبەردەكانی چیا دەڕوێ، پەلكی پانن.

*– كاردی قوڕێ : ئەو كاردیەی لەدەشت و دەران شیت دەبێ ، لەناو قوڕیشدا دەڕوێ.

*– كاردی ریشۆری : كاردیەكی دەگمەنەو ڕەغبەتی زۆری لەسەرە.

*– كار تێبەردان : دوای دۆشین و بێركردن ، كاریـان بـەر هەڵدەدانـە نێو مێگەلی ، بەجۆرێك هەر كارەی زۆر بە ئاسـایی دەچـوونە بـەر داكیـان و پاشمـاوەی شـیریان دەخـوارد ، وشـەی تێبـەردان بـۆ سەگیش بەكاردێ ، وەكوو ئەڵێن (سەی تێبەردە) ، بـۆ مـرۆڤیش ئەڵێن (بەدارانی تێبەربوو).

*– كار لێبڕین : گرتنەوەی كارەكان لـە دایكیـان ، بـۆ ئـەوەی چـیتر نەی مژێ ،تاماوەیەكی زۆر ، ئنجا سیمایان دەگۆڕێ ، بە جۆرێـك

دایکیان لەسەریان ناوەستێ، بۆ ئەوەی شیریان پێبداو نایان ناسنەوە .

*–کارك : بە بەروبوومی نەگەیی و دەوترێ ، وەکوو (کاڕکە گەراز ،کاڕکە سێو، کاڕکە گندۆرە).

*– کادین : ژووری تایبەت بۆ تێکردنی کا، شوێنی تێکردنی کا.

*– کالان : بەرگی خەنجەر ، کیفك ،ئەو بەرگەی خەنجەری لەناو دەنرا.

*– کامووسەك : گوندێکە لەدۆڵی هیران و سەربە ناحیەی سکتاتە .

*– کاڕووش : جۆرێکە لەگیا ، رەگی لەزەویدا پەرت و بڵاو دەبن ، کشتوکاڵ لاواز دەکات .

*– کاوانیان : گوندێ بوو لەرۆژئاوای شەقڵاوە ، ئێستا بۆتە گەڕکێکی ئەو شارە.

*– کاولە ئاش : بەرانبەر میوان بەکار دەهات ، خاوەن ماڵ ئەیگوت ،ماڵی من کاولە ئاشی خۆتە، واتا ماڵی خۆتە .

*– کاوانەوە : بزن و مەڕو مانگا و ئەوانەی گۆشتیان دەخورێ ، لەکاتی لەوەڕخواردن ، تەنها خواردنەکە لەدەو ئاودیو دەکەن و نای جوون ، دوای ئەوەی کە پشوو ئەدەن ئنجا خواردنەکە وەکوو رشانەوە دێننەوە ناو دەموو ئنجا دەیجوون .

*– کاژێڕ : بۆ شتی گەورە بەکاردێ ،وەکوو (کاژێڕە ستوور) واتا سەر گەورە.

*– کانی بەرد : گوندێکە کەوتۆتە باکووری بالیسان ،.

*– کانی بی : گوندێکە لە دۆڵی عەلیاوا،سەربە دێگەڵەیە .

*- کارتە : دوای بڕینی قەدی دار سەرلەنوێ قەد دەرکردنەوە .

*- کاکێش : لەداوی مووی بزن دەپەشترا ، دواتر وەکوو گوریس دروست دەکراو ئنجا پارچە گوریسەکەیان لەیەک گرێ دەداو ئەوجا پڕیان دەکرد لە کا ، پاشان بە وڵاغ دەیان گواستەوە ماڵێ.

*- کاکر سپی : کاکڵ سپی ، جۆری هەرەباش و بەتامی گوێز.

*- کاکر رەش : کاکڵ رەش ، گوێزی بەتام .

*- کۆپەران : بەشێکە لە ئامێری زەوی کێڵانی جاران . پارچە لبادێکی لوولدراوە ،قایشی لەسەر پێچراوە ، ئەخرێتە سەر ملی وڵاغەکە ،بۆ راگرتنی نیرەکەیە .

*- کۆل :جۆرێك بوو لە پێوەر ،وەکوو تەنەکەی ئێستا وابوو،لە خۆشناوەتی دانەوێڵەی پێدەپێورا.

*- کۆلك : کاتێك دارێك دەبڕنەوە،ئەوەی جێ دەمینێ کۆلکە .

*- کۆرەمار : ماری بۆرەی سەر سێ سووچی ژەهردار.

*- کوڕیژگە : منداڵی کوڕ، تەمەنی لەنێوان منداڵی و هەرزەکاری .

*- کۆریس : ئەو بزنانەی کە قۆچ (شاخیان)نیە.

*-کۆراف : پارچە زەوی ژێر چیای سەخت .

*- کوڕژنێ گریانێ : یەکێك لەناکاو گریانێکی زۆر بەهێز بگریێ.

*- کوندەران : ئەو کەپرە بچووکەی کە هاوینان لەپێش دەرکەی کەپرو سابات دروست دەکرا، بۆ لەسەر دانانی کوندەو کەلوپەلی وەکوو (دۆو ماست ...هتد).

*- کوزر : ئەو گوڵە گەنمانەی کە بە جەنجەڕ ورد نەدەکران ،.

*– کونە پەنیر : ئەو ئەشکەوتانەی لە کوێستان و شوێنە ساردەکان هەن ، بۆ پاراستنی پەنیر بەکاریان دێنن .

*– کەپوولە : پێوەری ئاشەوانەکانی ئاشی ئاو بوو ،لە کاتی باراش لێکردندا باراشیان پێ دەپێوا.

*–کەپووقەلانگ :لووت درێژ ، لووت خوارو خێچ.

*– کەترە : بزن و مەڕی نەخۆش کەنەگەنە مێگەل ،

*– کەچە : کۆنەو بێ بایەخدار .

*– کەحلان : ئەسپ و ماینی رەسەن ، ئەگەر ژنێکیش جوان و پێش چاو کەڵەگەت و بەقیافەبێ.

*– کەرانە : ئەو پارەیەی کەلە ئەنجامی پەشیمان بوونەوە لە مامەڵەیەك دا دەدرێ.

*– کەرۆکە : بەکەسانی بیعاقڵو گێژ دەوترێ.

*– کەلام : فەرموودە،ئاخاوتنە کەسانی بەڕێزو حورمەت ،(کەلامت بە شەکریی).

*– کەلام : بۆ سوێند خواردنیش بەکاردێ ، وەکوو (کەلام بەهەقت بەساحێبت).

*– کەویسار : جۆرێکە لە مەڕ،سەرو دەموچاوی بەڵەکن ،دوو رەنگە سپی و رەش تێکەڵ.

*– کەوری نانی : ئەو پارچە پێستەیەیە کە خۆشکراوەو ئامادەیە بۆ دانانی ئاردو هەویر،لەکاتی نان کردن دا.

*– کەوەت : جۆرێکە لەدار ، دارێکی بەهێزە بۆ دارجگەرەو گۆچان دەیان بڕین .

*- کەونینە : زۆر کۆن ، مێژوویی ، دیرۆکی ،داستان .

*- کسۆك : سەگ.

*- کورکە حەرامە : جوجکەی هەموو باڵندەیەك تووکێك دەردەکات ، ڕەنگی زەردە ، ئەو تووکە کورکە حەرامەی پێدەڵێن.

*- کەچـە : کەلوپـەلی خـراپ بـوو ، وەکـوو کەچـە لێف،کەچـە بالیف....هتد.

*- کوتکە کۆر: کەسێك چاوەکانی کەم بین بێ.

*- کخ: بۆ ترساندنی منداڵ کە شتی پیس نەخوا،واتا نەخۆی پیسە، دەست نەکەیێ.

*- کەڕەکیفە : خواردنێك کە کەڕوو لێی دابێ، یا پشوو بووبێ.

*- کەسك و سۆر : کۆلکە زێڕینەی پـاش بـارانی زۆر ، چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر.

*- کڕبە :بێ دەنگ بە ، ووس بە .

*- کڕ: دانیشتن بەئەدەبەوە ، دانیشتنی مریشك لەسەر هێلکە.

*- کرۆژ: گوندێکە لە دۆڵی سماقوڵی .

*- کزر بوونەوە : کەمێك ووشك بۆتەوە .

*- کووزی : پارچەیەك ،قاشێك ، لەتێك ، کەرتکێك ،

*- کووری : گیسکە نێر دوای ماوەیەك بەخێوکردن و قەڵەو بوونی .

*- کوچاگر : سـێ بـەردی وەکـوو یـەك ، مەنجـەڵیان لەسـەر دادەنـا ئاگریان لەبندا هەڵدەکرد،

*- کەمـەرە : وشـەیەکی زۆر کـۆنی کوردەواریـە ، لـە خۆشـناوەتی جـاران زۆر بـەکاردەهات ، بـەمانای ڕەفـە دێـت ،چـەند سـینگە

دارێکیا لەدیوار دەدا ، ئنجا پارچە تەختەیەکیان لەسەر دادەناو کەلوپەلی پێویستیان لەسەر دادەنا.

*– کەربەشە : جۆرێکە لە گیا،جۆرە بژارێکە لە بژار کەلەناو گەنم و جۆدا شین دەبێ،

*– کەڕەنگر : گەڵا یان پەلکی دار بەڕوو کە پاییزان دەوەرێ ، لە ژێر دارەکە دەکەوێتە سەر یەك و وشك دەبێ ،ئەو چرۆیە وشکەیە ئەبێتە کەڕەنگر.

*– کەتمانە جۆتانە : دوو کەس بەرامبەر یەکتر ، هەریەکە دەستێك دەبەنە پشتە خۆیان ،یەکێك دەڵێ من جۆت، ئەوەی دیش ئەڵێ منیش تاك ، لەناکاو دەستەکان دێننە بەرامبەر یەکتر ، یەکیان دوو پەنجە ئەوەی تر سێ پەنجە هەڵەستێنێتەوە ، کێ گوتبووی جووت ، ئەگەر پەنجەکان جووت بوون ، ئەوا ئەو کەسە بردیتیەوە، وەبە پێچەوانەوە .ئەوە بۆ دەست پێکردنی یاریەك بوو ، بۆ ئەوەی بزانن کامەیان یەکەم دەبێ ، بۆ ئەوەی یاریەکە یەکەم کەس بێ.

*–کەڵەپەز: جۆ بڕکە ، قز بڕکە ، ووڵە .

*– کەلەخ : وەکوو مەقەسی گەورە وایە ، بۆ لێکردنەوەی موو و خوری بزن و مەڕ بەهاران بەکاردێ .

*– کەوەرتیان : گوندێکە سەربە قەزای شەقلاوەیە.

*– کەوەڕێ : ماندوو و هیلاك ،

*– کەولۆس : بێ ددان ، ئەوانەی ددانی پێشەوەیان نەمابێ .

*– کەڤـەڕێ : مانـدوو و هـیلاك ، لەناوچـەی بێتواتـەو گونـدەکانی دەوروبەری بەکاردێ .

*– کەسمە : ولاّ غ کـە زۆر ئیشـی پێبکرێ ماندوو و هـیلاك دەبـێ ، بێتاقـەت دەبـێ ، بەتایبـەتی جـاران کـاروان زۆر دەکـران ، دەچوونە شوێنی دوور ، لەئەنجامی ئەو ماندوو بوونـەدا نـەخۆش دەکەوێ و کاو ئالیك کەم دەخوا، ئەیان گوت (کەسمەی هاتینە) ، ولاّغەکـەیان لـەزەوی دەداو بەچـەند کەسـێك نـەیان دەهێشـت هەڵسێتەوە ، ئنجا ئەوەی کارامەبوو و لەو ئیشەی دەزانـی ، ژێـر لـووتی ولاّغەکـەیان بەچـەقۆ یـان مـووس کـەمێك شـەق دەکـردو هەنـدێ وردە ئێسـکیان دێنانـە دەر ، پـاش ماوەیـەکی زۆر کـەم ولاّغەکـە دەهاتـەوە سـەر حاڵـەتی ئاسـایی خـۆی ، ئـەم کـارە کەسمەیان پێدەگوت .

*– کەمۆ : زۆرزان ،فێڵباز ، لەهەموو فێڵێك شارەزا بوو، بۆیـە ئـەیان گوت (پیاوەکی کەمۆیە) واتا زۆرزانە .

*–کەند : شوێنی چاڵ و قووڵ .

*– کەندەسـۆر : گونـدێکی نـوێ یـە ،لـەو ماوانـەدا دروسـت کـرا ، کەوتۆتـە دامێنـی گونـدی بێـراوە و هـەر خـەڵکی ئـەو گوندەشـن ،سەربەناحیەی بالیسانە .

*– کتك : پشیلە .

*– کشپل : قشپل ، پاشماوەی مەڕو بزن .

*– کشـتەك : قـەیتان ، داوە بـەن ، پـەت ،بۆکەسـی ئـۆین بـازو فێڵبازیش بەکار دێ ، ئەڵێن کەسەکی فێرە کشتەکە.

*– کەویە بەفر : پەڵە بەفر ، شوێنێك لەچیا بەهاران و هاوینان پارچە بەفری گەورەی لێدەمینێ ،

*– کەڤی : هەمان مانای هەیە ، لە سنووری بێتواتەو گوندەکانی دەورووبەری بەکاردێ .

*– کلێژ : سەرووی سمتی مرۆڤ ، ئەڵێن مرۆڤ لەرۆژی دواییدا لەسەر ئەو کلێژەیە نوێ دەبێتەوەو سەرلەنوێ گیانی دێتەوەبەر.

*– کسکە : بەزوو دوونگ ورد دەکرێت و سوور دەکرێتەوە .

*–کلك تەکێنە : جۆرێکە لە چۆلەکە ، کە ئەنیشێتەوە کلکی دەتەکێنی .

*– کەرکۆخ : جۆرێکە لەگیای بەهاران ،ناوەکەشی لەوەوە هاتووە ئەگەر کەر بیخوا ، یەکسەر کۆخە دەگرێ.

*– کەرد : شوێنی ئیشکردنی کاری کشتوکاڵی ، جێگای تووتن و ترێ و مێوژ.

*– کەرەدێ : زستان چرۆی وشك دەدرێ بە بزنان ، دوای خواردنی چرۆیەکە ئەو چیلکەی دەمێنێتەوە کەرەدێی پێدەڵێن .

*– کەرەواژی : چەمانەوە ، خۆ چەماندنەوە ، .

*– کۆم : دۆڵی بچووك .

*– کۆرەوەی باو : جۆرێکە بەمار ، ئەو بۆرە مارە گەسورەیەی کەلەسەر رێگاکان خۆی مەلاَ س دەدات ،جووڵەی کەمە ، بەلاَم ژەهری ترسناکە .

*– کووری : گیسکی دابەستی ، گیسکێك زۆر قەڵەو بێ ئەڵێن دەرێی کووریە.

*- کوێژیلە : چۆلەکە ، کێشکە .

*- کوێریشك : کەروێشك.

*- کوێریشکەی کرد : بەهاران دوای ئەوەی گەنم بالآی بەرزە بێ ، بای لێدەدا و لەگەڵ لێدانی بادا سەما دەکاو بۆ ئەولاو ئەولا دەچێ .

*- کورش : بۆ بانگرکدنی ولاغ بەکاردێ، کاتێ کەبەرەڵلآ بووەو دەتەوێ بیگریەوە ، قاپێك هەندێ خوێی تێدەکرێ و بانگی دەکەن و ئەڵێن کورِرش، کورِرش .

*-کێل بۆوە : هەستایەوە ، هەڵسایەوە ،یەکێك نەخۆش بووبێ و چاك بووبێتەوە .

*- کێلەبەردانە : لەنێوان دوو گرووپ ئەو یاریە دەکرێ،چەند بەردێك بە قیتی دادەنێن ،دواتر بەدەست بەردیان تێدەگرن .

*- کێشکە : گوندێکی خۆشناوەتیە لەنزیك دەربەندی گۆمەسپان .

*- کیژۆرە : کیژۆڵە ، کچۆڵە .

*- کۆدەرە : گوندێکە لەسنووری ناحیەی سکتان .

*- کۆلکەرەشە : گوندێکە لەدۆڵی هیران ، سەربەناحیەی سکتانە .

*- کۆش : نێوان زگ و ران .

*- کۆز : پەرژینێکی بچووك لەنزیك ماڵ ، بۆ تێکردنی کارو بەرخە.هەروەها بۆ نووستنی زاواو بووکی نوێ ،

*- کۆراو : کانیەکی ئاو کەئاوی کەم بێ،کوێراو .

*- کۆرِێ : شارۆچکەیەکە سەربە پیرمام .

*– کۆخان : پیاو چاکێك بوو ، جاران بەهاران خەڵك دەچوونە سەری ، ئێستا بۆتە گوندێکی گچکە .

*– کۆپەران : پارچەیەکە لە پێستە یان قایش ، هەندی شتی نەرمی تێدەکرێ ، لەملی ولاخ دەکرێ ،بۆ راکێشانی ئامووروگاسن ، لەکاتی جووت کردن دا.

*– کونە فلووسە : گوندێکە لەبناری چیای هەورێ ، لەسنووری ناحیەی سکتان ،

*– کۆرەگە : دارێکی ئەستوور بوو ، دوو گوێی هەبوون ، دەدرایە بەر خانوو .

*– کۆتـك : جۆرە پێوەرێك بوو ، لەوراتی کۆیەو خۆشناوەتی دانەوێڵەی پێ دەپێورا، وەکوو ربەی ئێستا وابوو.

*– کۆترە : ئەو دارەیە کەجاران دەخرایە ژێر نێرگە لە هەیوان .

*– کۆترۆکەو دەرزیلە : کۆترۆکە وەکوو دەمبووسی ئێستا وابوو ،سەرێکی خڕی هەبوو ،بۆ جوانی و رازاندنەوەی پێشەوەی کڵاوی ژنان بەکار دەهات .

*– کۆتك : قاپێکی گەورەی لەدار دروست کراو .

*– کوتەك شکاندن : دوای بەفر کەوتن ،ئەگەر زۆر بکەوێ ، زۆربەی رێیەکان دەگیرێن و هاتووچۆ ئاستەم دەبێ ،چەند کەسێك خۆ بەخش هەڵدەستن بە شکاندن و چاکردنی رێ بەهۆی بەسەر کەتن بەپێیان بەسەر بەفرەکەداو رێگا کردنەوە.

*– کوو؟: چۆن ؟.

*– کولك : وەکوو سۆ و قوونێر وایە .

*- کولانکە : جاران کونێکی گەورەیان لەسەر بانی خانووەکان دەکردەوە ، بۆ دەرچوونی دوو کەڵ .

*- کولافە : کەسی زۆر دڵسۆز و بە بەزەیی ، روحمی بۆ هەموو کەس بجووڵێ ، ئەڵێن کەسەکی کولافەیە .

*- کراو قاسم : لووتکەیەکی بەرزە ، لە زنجیرە چیای هەورێ ، کەوتۆتە بەرامبەر گوندی توتمە .

*- کراوی داوەرێ :لووتکەیەکە لە نزیك زینەتیری خۆشناوان .

*- کراوی دێوانە : بەرزاییەکە لەچیای ماکۆك .

*- کردم کرشاندم : هەرچەندی کردم ، هەرچەندی هەوڵم دا، تێکۆشام .فایدەی نەبوو .

*- کرۆتن : وورد کردنی شتێك بە ددان .

*- کویرك : جۆری هەرە خراپی گوێز، ئەو جۆرەی زۆر بە زەحمەت کاکڵی دێتە دەر .

*- کراویان لەسەری نام : فێڵیان لێکردم ، لەخشتەیان بردم .

*- کرمۆکە : خەناوکەیەکی بە پڵپڵەی زێڕ بوو .

*- کرۆشتن : ورد کردنی نانەرەقەو خواردنێك کە رەق بێ ، کەلە ئەنجامدا دەنگی لێوەبێ .

*- کرووك : گوڵی بەهاری خۆڕسك .

*- کرێوە : لەکاتی بەفر بارین دا با هەڵبکات ،بەفرەکەش ببەستێ .

*- کرووك ماست : بەهاران لەکاتی زۆر بوونی ماست شین دەبن ، گوڵێکی چەند پەلکەیە و چەند رەنگێکی جۆراو جۆری هەیە .

*- کرووك بووکۆرە : گوڵێکی بەهاری خۆڕسکە ، رەنگی سوورە .

*– کرووك فەقێ : گوڵێکی بەهاریە رەنگی مۆرە ، وەکوو دەمەشێر وایە ، بەکۆمەڵ دەڕوێن ، کاتی خۆی فەقیچکان لەبەر پشتێنیان ناوە .

*– کرووك عاجیلە : گولێکی سروشتی بەهاریە ، پەرەی گوڵەکانی سپین و ناوەندەکەشی زەردە ، ئێستا بۆ دەرمان بەکاردێ .

*– کشتەك : ئەو داوەی وەکوو کەزی دەپەشترێ ، هەروەها کەسانی فێڵبازیش فێرە کشتەکیان پێدەگۆتن ، وەئەو کەسانەی کە نەخۆش دەکەتن و نەخۆشیەکەیان درێژ خایەن بوو، دەیان بردە سەر چاکێك ، ئەو پەڕۆ سەوزەی لەسەر کێلەکەبوو ، پارچەیەکیان لێدەکردەوەو لەدەستی نەخۆشەکەیان دەبەست ،ئەوەش کشتەك بوو .

*– کوڕەبەشە : گیان دارێکی قەڵەوە هێندەی پشیلەیەکە .

*– کوچکە بەرد : بەردێك پڕ بە دەست ، شیاو بۆ راوەشاندن .

*– کورتەك : وەکوو چۆغەڵ وابوو ،بە قۆڵ و شاقەل بوو ،وەکوو لێفەش لۆکەی تێ ئاخنرابوو ، دوو بەربوو ، بۆ زستانان زۆربەی کەس هەیبوو .

*– کرمۆکە : خشڵێکی کۆنی ژنان بوو ،ژنان بە تاسی سەریانەوە دەبەست .

*– کرووشە : بریتیە لە گواستنەوەی توولەی مێوی درێژ بە ژێر زەویدا لەکاتی چاندنی رەزی مێو ،ئەو توولە مێوە دەبێتە بنە مێو و رێچکە دەردەکات .

*– کیش : بەمانای چ ئیشێك ؟ دێت .

*- کۆره مەرگی : کوڵە مەرگی ، ژیانێکی سەخت و دژوار و ناخۆش.

*-کۆسپە : قادرمە ، پەیژە .

*- کڤین : واتا کوین ، ئەو زاراوەیە تایبەتە بە گوندی هەرتەل و دەوروبەری .

*- کەرخا هەندێیە : هۆکاری ئەوەیە .

*- کەرخی دیارن : شوێنەواری دیارن .

*- کەرخێ وێنە :ئیشی ئەوە (بۆ مێ).

*- کەرخێ ویە : ئیشی ئەوە (بۆ نێر) .

*- کێرکەر : خزمەتکار ، کارەکەر .

*- کێرد : چەقۆ.

*- کێردێ بەر خەنجەرێ : چەقۆیەکی باریکی تیژ بوو ،بۆ نێچیر سەر برین ، لەخوار خەنجەرێ جێگای بۆ کرابوو .

*- کۆرەی کە : کوێری کە .

*-کی وەختی : چ کاتێك ؟.

*- کووچە کەر : پیرە کەر .

*- کۆخە رەشە : کۆخەیەکی زۆر توند بوو ، لەدوای کۆخەکەش دەنگێکی لە گەروویەوە دەهات .

*- کۆرو کانی : جاران ژنان لەسەر کانی و رووبارو جۆگەکان جلوبەرگیان دەشووشت ،ئنجا ئەگەر ژنێك بیزانیبایە هەموو جلکێك بشوا ئەوا بە کابان حیساب دەکرا .

*- کەوش : بن هەنگڵ ، ژێر پیل .

*- کەوێ و سەڵتە : جاران مەلایەکان کەواو سەڵتەیان دەپۆشی و پشتێنیان لەسەر دەبەست و مەندیلیشیان لەسەر دەبەست .

*- کەمەند : گوریسێکی درێژە ، رەشماڵی پێدەبەسترێتەوە ، بۆ ئەوەی با هەڵی نەگرێ .

*- کەور کردن : جیاکردنەوەی پێست و گۆشت.

*- کەرپ : ددان ، بەتایبەتی ریزە ددانی پێشەوە .

*- کەرە گولە : جۆرە کەرێکی بچووك و زیرەك و بزێوە .

*- کزن :وەکوو نیسك وایە ، جاران دەچێنرا ، تایبەت بوو بۆ گاجووت و مانگا ، زستانان بۆیان دەکوڵاندن و پێیان دەدرا .

*- کژ : کاتیەتی ، کاتێکی گونجاوە ، ئەگەر حەزت لە خواردنێ بێ ئەڵێ کژیەتی ، یان زەوی کاتی کێڵانی بێ.

*- کەرد : شوێنی راکردنی تووتن .

*- کەڕاسیسە : سەرەتای بەفر کەوتن کە کلۆی بەفری بەپەرت و بلاوی بێتە خوارەوە .

*- کەپرەشینە : یەکەم بارانی پاییز ،.

*- کەپرەشینە : جەژنێکی جوولەکەکان بوو ،پاییزان کەپرێکیان دروست دەکرد ، شتی سەیرو سەمەرەیان پێوە دەکرد ،

*- کەپك : بەرزایی و لووتکە لەشاخ ، وەکوو (کەپکی شیلانە، کەپکی گەرۆتەی ،کێیکی حەمەداغەی).

*- کەپەك : کەپەکی ئارد، هەروەها ئەگەر بەفر زۆر ورد بێ ، ئەڵێن کەپەکە .

*- کەچە پەڕۆ : بەفری پان و گەورە.

*– کەیفا خۆتە : کەیفی خۆتە ، با ئارەزووی خۆت بێ.

*– کنی : قەتماغ و برینی سەری کەچەڵان .

گ

*– گابۆڕه : كه ولآخێكی بەرزه سەردەبڕن ،خوێنەكەی بەربلاّو دەبێ ، ئێواره كه گاڕان هاتەوه ناو گوند ، بۆ نی ئەو خوێنه دەكەن ، بۆڕه بۆڕێكی زۆر سەرنج راكێش دەكەن ، بەمە ئەڵێن گابۆڕه .

*–گابنه : ئەو كایەی دەكەوێته لای بنه ، لەكاتی گێره .

*– گابڕه : دوو شوێنن له نێوان توتمەو بالیسان و كانی بەردو شێخ وەسانان .

*– گاپـــەل : باڵندەیـــەكی جوانـــەو لەكۆمەڵـــەی كـــۆتره، لـــەكۆتر گەورەتره.

*– گاتوو : شاتوو ،تووی سوور ، توو شامی .

*– گارەگار: دەنگی مریشكی هێلكه كەر .

*– گانگێو : جۆرێكه لەمار ، ماری زۆر گەوره .

*– گاكۆشتی : جۆری هەرەباشی ترێیه .

*– گاشه : بەردی گەوره .

*– گاگۆره : نەخۆشیەكه تووشی ولآخی بەرزه دەبێت ،بەتایبەتی مانگا، وەكوو زیپكه وایه لەزمانیان دێت .

*– گارەدان : دەرگا كلیل دان ،قفڵدان.

*– گجوولە : بێچووی سەگ ، فەرخه سەگ ، گوجیله .

*– گرواز : بەری دار مازووه ،وەكوو گروان وایه ،

*– گرواز: بەو كەسه دەوترێ كه پرچی لووله ، قژ لوول.

*- گره دۆشاو : گڵێکی سپییە ،هێوێنی دۆشاوە ، لەدۆشاو دەکرێ .

*- گڕاو : گوندێکە لەبناری سەری رەش.

*- گرشاو : تالآو ، دەرمانی گروێتی و حەساسی .

*- گڕك : دەستاڕی لەدار دروست کراو ،بۆ سپی کردن و لێکردنی چەڵتووکی برنج بەکار دەهات .

*- گزرە : بڕینی داری تەڕ لەبەهاران ، لەسەریەك دانانی بۆ پاییز .

*- گەجەرو گوجەر : بەکەسانی خوێڕی و سەرسەری دەوترێ ، یان ئەو کەسانەی کە کەس حیسابیان بۆ نەکات .

*- گەلحۆ : گێل ، نەفام ، گەمژە ، بێ عەقڵ ،.

*- گەرەوان : دوو گوندن ، گەرەوانی سەرێ و خوارێ، لەنزیك شەقلاوە ، هەروەها بەهەمان شێوە دوو گوندی تریشن لە رۆژهەلآتی رواندز.

*- گەرشك : ئەو دارە وشکەی کە دەدرێتە بەر مێو بۆ ئەوەی نەکەوێتە سەر زەوی ،.

*- گەنگەرە : کۆبوونەوەی کۆمەڵێك منداڵ لەبەر دەم ماڵێك ، کە ببێتە هۆی ئیزعاج بوونی ماڵەکە .

*- گەندەپەرە : واتا پەڵەیەکی ناتەواو ،هەندێ بارانی لێبێ و پەڵە نەکەوێ .

*- گەرەگەنچەك :روەکێکە بالآی بەرزەو بۆ جوانی دەیچێنن .

*- گەمبۆر : جۆرێکە لەمووی نێری و بزن ، رەنگی رەشی تۆخ.

*- گەرۆتە : گوندێکە لەنزیك هیران .

*- گنشته : پاشماوەی خراپە لە کەلوپەلی باش ،زیاتر لە گوندی هەرتەل بەکار دێ .

*- گەولانەوە : جوولانەوە ، یەکێك زۆر بە ئاستەم بتوانی خۆی بجولێنێ ، خۆ وەرگێڕان .

*- گەریاوە : گوندێکە لەدامێن سەربەن (پیرمام).

*- گردگۆران : گوندێکە لەسنووری ناحیەی سکتان .

*- گەندەر : دارێك کەوشك بووە و ئاوی تێدابێ ،لەقەد کردن دا بەزەحمەت بێ .

*- گوفکە : ئەو پەتەی دەخرێتە ملی گیسك و بزن ، بەکلاوی پیاوانەوە دەکران .

*- گۆنگەرە :گرد بوونەوەی کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێك دا کە دەنگە دەنگ و هارە هاڕی زۆر بکەن .

*- گۆرەگۆر : گرمە گرم و دەنگی هەورە تریشقە .

*- گوست : پەنجەی دەست و پێ .

*-گۆڕەشێر : دوو گوندن ، یەکیان لە دۆڵی مەلەکان ، ئەوەی تر سەربە ناحیەی سکتانە ..

*- گوڕی : گڵپەی ئاگر ، مەشخەڵی ئاگر.

*- گۆمەسپان : یەکەم گوندە لەدۆڵی سماقوڵی .

*- گواندە : زبڵدان ، گوفەك ، .

*- گورگە : ئەو دارە کورتانەی کەلە تەنیشت دارەکانی تری کەلەسەر دیواری خانوو دادەنرێن .

*– گورگە : جۆرێکە لە بژار : لەژێر تەماتەو تووتن و چێنراوەکانی تردا شین دەبێ ، رەنگی سپی و مۆرە ، چێنراوەکە لاواز دەکات و زیانی زۆریان پێدەگەیەنێ.

*– گونەبی : بەهاران داری بی ، دوای پشکوتنی گەڵاکانی بەرێك دەردەکات ،.

*– گونك :ئەوانەی گونیان گەورەیە ، فتق .

*– گونە : بەو کەسانە دەوترێت کە گونکن و گونیان گەورەیە .

*– گوێزتە لێیە : ئەو زاراوەیە خەریکە لەناو دەچێ، ئەوانەی بەتەمەنن بەکاری دێنن ،لەسنووری گوندەکانی بێتواتە بەکاردێ، بەواتای حەزت لێیە ؟

*–گوزری بەرسینگی : جۆرێك بوو لە یاریە رەسەنەکانی خۆشناوەتی ، سینگێکیان دەچەقاند ، چەند گوزرێکیان لەژێر سینگەکەدا ئەنان ، گوزرەکان لە پشتێن و جەمەدانی دروست دەکران ،یەکێك پاسەوانی لە گوزرەکان دەکرد ، ئەو گرووپەی دەرەوەی سینگەکەش ، ئەیان ویست هەرچۆنێك بێ ئەو گوزانە بدزنەوە ، هەر بەو گوزرانە لە پاسەوانی گوزرەکانیان دەدایەوە ، ئەویش گوزرێکی بەدەستەوە بوو ، ئەوەی لێی نزیك بووبایەوە ، بەهەموو هێزی لێی دەدان .

*– گنخاندن : ئەو کارەی پێی سپێردرایە نایکات ،خۆی دوا دەخات ،خۆی خەریك دەکات بە شتێکی تر .

*– گونەڵ : زاراوەیەکی تری خۆشناوان بوو ، لەهەندێ گوند بەکار دەهات ، بەو کەسانە دەوترا کە بەژنیان کورتەو کەمێك قەڵەون و

خرو تێك چەقیون ، لەهەمان کاتیشدا بەو کەسانەش دەوترا کە فێڵبازو هەندێ جاریش وەکوو جنێو .

*- گۆد : دەست و پێ سڕ بوون ، بەهۆی بەفر ، یان دەست و پێ تەزین .

*- گۆردی : ئەو بزنانەی گوێکانیان پان و درێژن .

*-گۆردی پۆش : ئەو بزنانەی کە گوێیان پانن و سپیین .

*- گۆردی کار: ئەو بزنانەی گوێیان پانن و مەیلەو قاوەیین .

*- گۆردی مس : ئەو بزنانەی گوێیان پانن و رەنگیان بۆرن .

*- گۆردی رەش : ئەو بزنانەی گوێیان پانن و رەشن .

*- گۆلمە : دەستێکی کراوە ، ناو لەپی دەست .

*- گۆرمزە : گۆڵمزە ،گیایەکی بەهاری کەمێك دڕکاویە ، دوای کولاندن ، هێلکەی تێدەکەن ، خواردنێکی بەتامە، هەروەها ئەو گیایە بۆ دەرمانیش بەکاردێ ، ئەلچێن هەر بەهارێك گۆرمزە زۆر بێ ، ئەوا نیشانەی نەبارینی بارانەو باران بڕە .

*-گۆڕین : بەمانای ئەوە دێت کە کەسێك قسەیەکی کردبێ ، کەسەکە لەوێ نەبێ و غایب بێ ، هەروەك ئەڵێن (وەکی کابرای گۆڕین گوتی).

*-گێرە : چەند ولاّ خێك بە گوریس لەتەنیشت یەکەوە دادەبەستن ، دارێك لەناوەڕاستی گیشەی گیا دەچەقێنن ، ولاّخەکان لەسەر گیایەکە دەسوورێنن تاکووووردی دەکەن :

*- گێـرێ ئۆمـەرە كـۆڕی : دەكـۆڕی : گێرەیـەك بـە پێچـەوانەوە دابەسـتراوەو لەسـەر شـاخێك بـوو، ولاّ خـەكان هـەموویان هەڵدێراون.

*- گیشـە : لەسـەر یـەك دانـانی دار ، وەكـوو (گیشـەدار ، گیشـە توووتن......هتد) .

*- گیرۆبوون : تووش بوون ، گیرۆدە بوون .ئالۆودەبوون .

*- گیا پەرچێوە : جۆرێكـە لـەو گیایانـەی كەلـە پـاییزان لەشـوێنی پەرێزی تووتن و توماتە شین دەبێ ،لەگەڵ تۆركە تێكەڵەكرێ.

*- گلێـرە : وەكـوو تـەزرە وایـە ، دوای بـەفر دەبـارێ ،بـە بـەفر خۆركەش دەناسرێ، گلێرە بەفر دەتوێنێتەوە .

*- گێلمە گێلم : بە یەكێك دەوترێت كە زۆر ووتنی لەلا پەسەند نەبێ ،قسەی بێ ماناش دەگرێتەوە .

*-گێل مەندۆخ: كێشەیەك كە زۆر گەورە بووبێ ، بەكـەس چارەسـەر نەكرێ، ئەڵێن بۆتە گێل مەندۆخە ،واتا فیتنەو ئاشووب .

*- گر : گڵ ، خۆڵ .

*- گرواندن : جیاكردنەوەی پێست لە گۆشت .

*-گدی گدی : بۆ بانگ كردی بزن و گیسك .

*-گـوردی هێنـاوە : سـاڕێژبوونی بـرین و زام ، دوای نەخۆشـی هەستانەوە ، قەڵـەو بوونـەوە لـەدوای لاوازی . گـووگر : یـەكێك سمێڵی هـاتبن ، كـەخواردن دەخـوات هەنـدێ شـتی بەسمێڵـەوە بنووسێ.

*- گۆڕ : سەگی نێر .

*- گۆڕبە گۆڕ چی : کەسێك کەلەژیانـدا بـووە ، کـارو پیشـەی هـەر خراپە بووە ، بۆیە کە مرد ئەڵێن (گۆڕبە گۆڕ چی) .

گەوارە : کاتێك بەهارەو هەور کۆبۆتەوەو لەناکاو ڕێژنە بارانێکی کـەم دەبارێ.

*-گورە روون : گوڵێکی بەهاریی رەنگی زەردەو لەچیا دەڕوێ، بۆیـە بەو ناوە نراوە لـەکاتی مەشـك ژانـدنـدا دەسـکە گوڵێکیـان لەوانـە بەمەشکەوە دەکرد.

*- گێژەرووك : گەراپێچ ، رەشەبا

ل

*- لاسك : قەدی دار ، قەدی مێو .

*- لاسه : گوندێکه لەنزیك شەقلاوه .

*- لاس : جۆره دارێکی دڕکاویه .

*- لابەلا : لەپەنایەك دا ،

*- لاولاوه : جگه لەولاولاوەی کەبۆ جوانی لەدەورەی کەپرو سابات دا دەیان چاند ،پاییزان گولێکی زۆر جوان دەردەکات ،لاولاوەیەکی تریش هەیه ، کەوەکوو بژار لەناو چێنراوەکاندا شین دەبێ و خۆی دەئاڵێنێته چێنراوەکان و لاوازی دەکات

*-لاڕەش : شێر پەنجه ، نەخۆشیەکه تووشی ئاژەڵانیش دەبێ.

*- لاشەقه : نیوەی زەویەکی پان و بەرین.

*-لایده : بەکەسانێك دەوترێ کە رێبوار بن و بێگانه بن و رێیان کەوتبێته لاتان .

*- لاقان لێ درێژ کە : لێی پاڵدەوه ، بۆ خۆت لێی دانیشه .

*- لابار : کەسێك باربەری وەکوو ئێسترو گوێ درێژی نەبێ ، بچێته لای خاوەن ولاخ ،ئەڵێ ولاخەکەم پێبده بیبەمه داران بەلابار، واتا نیوەی بار بۆ خاوەنی ، نیوەکەی تریشی بۆ خۆ.

*- لاپەڕگه : قەراغ ،شوێنی لابەلا.

*- لاتەنیشتەکم کەته عاردی : کاتێك خزمێکت یان کوڕت یان کچت ئیشیکی باش دەکەن ، یان دەبنه خاوەن ماڵ ، واتا ئیسراحەتم کرد.

*– لاتەرۆك : لایەكی زگ ، بەشێكی ورگ .

*– لارەپتە : كەسێك لاڵ بێ ، قسەنادركێنێ.

*– لار بوونەوە : منداڵێك لەناكاو بگریێ.

*– لەبا : دێرەكە مێیەی سەگ ،ئەو كاتی كاتی پەرینە ،چەند نێرە سەگێكی دەكەوێتە دوا بۆ كاری سێكسی .

*– لە ترەقژنیدا : دەنگی پێكەنینی بەرز ، قاقا پێكەنین .

*– لەپكە شینكە : بۆ چاو و زار لەملی منداڵ دەكرا، وەكوو مووروو وایە .

*– لەبەر كردن : داكەندنی جل و بەرگ ،لەنێوقەدی مرۆڤ بەسەرەوە ، وەكوو (كراس ، فانیلە ،كورتەك ساقۆ) .

*– لەپێكردن : داكەندنی جل و بەرگ ، كەلە نێوقەدەوە بەرەو خوار دەپۆشرێ ، وەكوو (شرواڵ ،لبجامە ، دەرپێ ، شۆرت) هەروەها گۆری و پێڵاویش.

*– لە رێسمەبردن :جاران دەرگای خانووی ماڵان لەسەر سیوسیوەو سەردەر رادەوەستا ،وەكوو دەرگای ئێستا نەبوو قایم و پتەو ،زۆر جار دز دەرگای ماڵانیان بڵند دەكردو لە شوێنی خۆیان دەیان ترازاند،دەچوونە ژوورێ، ئەو كارە لە رێسمەبردنیان پێدەگوت .

*– لەداكێتە : كاتێك دایك ئیشێك بە منداڵەكەی دەسپێرێ ئەڵێ (لەداكێتە ئەو ئاوەم بۆ بێنە) .

*– لە باوتە : بەهەمان شێوە كاتێك باوك بەكوڕەكەی ئەڵێ ئەو كارەم بۆ بكە .

*– له براته : ئه‌ڵێیته كه‌سێك ئه‌و ئیشه‌م بۆ بكه .

*– له خوشكێته : به‌هه‌مان شێوه .

*– له‌مامته : به‌هه‌مان شێوه .

*– له‌وی چاوه‌ته : وه‌كوو چاوه‌ی .

*– له‌باوت كه‌وی : له‌باوكته‌وه داوات لێده‌كه‌م .

*– له‌داكێت كه‌وی : له‌دایكته‌وه داوات لێده‌كه‌م .

*– له خوشكێت كه‌وی : له‌خوشكته‌وه داوات لیده‌كه‌م.

*– له‌مامت كه‌وی : له مامته‌وه داوات لێده‌كه‌م .

*– له‌برات كه‌وی : له‌براته‌وه داوات لێده‌كه‌م

*– له‌ق لێدان : بان گێڕان به‌باگوردان .

*– له قیسم : با ئه‌و ئیشه‌م نه‌بی ، زۆرم لا خۆش نیه ئه‌و كاره بكه‌م.

*– له‌ق لێدان : ولآخی شه‌مووس به‌هه‌ردوو جۆته‌ی پشته‌وه‌ی كه‌له مرۆڤ ده‌دات .

*– له‌ق لێدان : هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه ، تێكدانی كارێك كه رێكخرابێ .

*– له‌م وابی : وام زانی ، بیرم بۆ ئه‌وه چوو .

*– له‌هۆر خۆ چوون : ئاگا له‌خۆ بڕان ،بێ هۆش بوون ،یه‌كێك نه‌خۆش بێ و خه‌وی لێبكه‌وێ.

*– له‌مه چێتر : جنۆكه .

*– لەنـدەھۆر : سـەرکردەیەك بـووە لـە خۆشـناوەتی ،نـاوی زۆر لەبابەتی مێژوویی دێت .

*– لەندەھۆر ، بەکەسی زۆر خۆر دەوترێ ،

*– لەتـەرەدان : دوای پێـوەکردنی تـووتن بـەدار،ئنجا لەتەنیشـت یەکیان دادەنان و هەندێك چڵ یان پوونگیان لەسەر دادەنان ،بۆ ماوەی سێ شەوان ،تـاکوو تووتنەکـە زەرد دەبـوو ،ئنجـا دەیـان هێنانە دەرێ و لـە زەویـەکی شـێداری تـەخت لەبـەر تیشـکی رۆژ رایان دەخستن ،.

*– لەتەرەب : ماین و ماکەرو ئێستری ماچـە کـاتی پـەڕینیان دادێ ، بەخۆیان لەدوای ئەسپ و نێرەکەر دەگەڕێن ،بۆ کاری سیکسی .

*– لەوچەلەوچ : کاتی لەتەرەب بوونی ئەو ولآخانەی باسمان کردن ، ئاویان لەدەم دێ و شڵپەشڵپی دەمیان دێ.

*–لەکەر : مانگا کاتی پەڕین .

*– لیس : شوێنی حەوانەوەی کەو بە زستانان لەژێر تاشە بەردان .

*– لیسك : شوێنی هەڵ نیشتنی مریشك .

*– لینگ : لاق ، ئەوانەی یەك لاقیان هەیە ، کابرای بەلینگەکی .

*– لێکەتن : پیر و کەنەفت بوون ، بێ توانا ، بێهێز .

*– لێداوران : لەدەور کۆبوونەوە ، لەنزیکیەوە کۆبوونەوە .

*– لێڕەبـادان : بەپەنجـەی گـەورەو شـادە توند گرتنـی شـوێنێکی کەسی تەنیشتت .قنجرکە لێدان ، نوقورچکە گرتن .

*– لێ قورنجین : بە نینۆکی دەست ئازاردانی کەسێك .

*– لێمشت : لافاو ،ئاوی زۆر .

*– لیچماو : کەسێك لـەکاتی نـان خـواردن دا ، پاشمـاوەی خـواردنی شلی بەدەستیدا بێتەخوار ،یان خەوتبێ و لیـك لەدەمیـەوە بێتـە دەرێ.

*– لەدوو گێڕانەوە : دەعوەت کردن ، کاتێ کەچیە لای خزمێـك یـان برادەرێك ، ئەڵێی بەیانی وەرنە ماڵی ئێمە بووکمان هەیە.

*– لۆچە : ئەو کاتەی گوێزو چەقەلە باوی بەرگەکەی لێدەکەنەوە .

*– لگێن : خشتی دیوار.

*–لۆیەبەی ؟: بۆی دەبەی ؟.

*– لەی وابی : لای وایە .

*– لەسەر دەستێ خۆ : واتا لەلای کـەس نـاژی بـەڵکوو خـۆی خـۆی دەژیێنی .

*–لێراهێ : لەولاتر ، لەشوێنێکی دوور .

*– لەنۆ پاش : لەمەو دوا .

*–لە زگ بو : خەریك بوو .

*– لە هیکرا : لەناکاو.

*– لەخافرەت : بەنهێنی ، بەبێ ئاگاداری .

*– لەچەگەڕێی ؟: لەچی دەگەڕێی ؟ چیت پێویستە ؟

*– لۆق : لاق ، شاقاو ، هەنگاو .بازدانی دوور .

*– لەسەری نان : کردنە سەر ، کلاو لەسەر نـان ، جەمـەدانی کردنـە سەر .

*– لێوەسواندە : پێشەوەی بان .

*– لەودە : کا یەکی زۆر .

*– لۆز : منداڵێك زوو زوو بەربێتەوە ،

*– لەو شکرەی : لەو جۆرەی ، لەو نەوعەی ، لەو شێوەیەی .

م

*– ما؟: بۆچی ، بۆ؟، لەبەرچی ،

*– ماواکەی ؟ : بۆچی وادەکەی ؟،لەهەندێ گوندی ناحیەی بێتواتە بەکاردێ.

*– ما وارێی ؟: بۆ وا ئەڵێی ؟.

*– ما واکەی ؟: بۆ وا دەکەی ؟.

*– ما وەت گۆ؟: بۆ وات وت ؟.

*– ماوەت کر؟: بۆ وات کرد؟.

*– مارەوەدان : ماڵ ئاوەدان .

*– مار داریکەر : کەسێکی کاسب و ئیش کەر ، کەسێ خەمی ماڵو حاڵی خۆی بێ.

*– مات : کز ، لاواز ،کڕو بێدەنگ .

*– مات : خۆ کڕکردن ، خۆ شاردنەوە ، خۆمات کردن .

*– ماتە : سەرەتای پێگەیشتنی بەرووبووم .

*– ماچ ماچانێ: یەکتر ماچ کردن ، ڕامووسان .

*– ماچیچکە : دار مازی بەرێك دەردەکات ، وەکوو مازی وایە ،.

*– ماخۆ : خاوەن ،سەرپەرشتیار .

*– ماخۆ کوتك : ئەگەر کەسێك گۆچانێکی پێبێ ،یان دارێ ، یان تفەنگێك ،یان هەر شتێکی لەم شێوەیە ،بە ڕێگادا بڕوات ، کەسێکی تر بیگاتێ و ئەوەی پێیەتی لێی بستێنێ و بە فرت و

فێڵ ،ئنجا بەو شتە بکەوێتە گیانی خاوەن گۆپاڵەکە ، ئەوا (خۆ کوتک) ی پێدەڵێن .

*– مادۆن : پشوو ، یان مۆڵەت ، روخسەت خواستن ، ئیجازە وەرگرتن .

*– مار کردن : دروست کردن و بنیات نانی ماڵ ، جیابوونەوە لەدایك و باوك .

*– ماران گەستی :چاو ترسێن ، یەکێك زۆر ئەزیەت و ئازاری چەشتبێ .

*– ماخەرانەبووی : ماڵت خراپ نەبێ، ماڵت وێران نەبێ ،

*– مام دەرزی : جۆرێکە لەگیای بەهاری ،وەکوو دەرزی باریکەو لەگەڵ تۆرکەو گیایەکانی تر لێدەنرێ.

*– ماکۆك : چیایەکی بەرزو سەختە کەوتۆتە باکووری بێتواتە، ماکۆك لەحاجیاوە دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە تاکوو ئیرۆنی نزیك چیای کۆڕەك ، لەهەر شوێنەو ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە .

*–مالۆس : مێیەی بەراز.

*– مامەجەلکە :گوندێکە کەوتۆتە نێوان هەریرو شەقلاوە .

*– مامۆتك :بلیمەت و شارەزا، بەتوانا و بەهەیبەت و لێزان .

*– ماش و برنج : تێکەڵ بوونی مووی رەش و سپی لەسەری مرۆڤ .

*– مانگ : نەخۆشیەك بوو تووشی منداڵان دەبوو ،دەبووە هۆی پووکانەوەو لاوازبوون و کەم خۆری .

*–مەسەبە : دانانی کەوی ماڵی لەناو شوێنێك ،بۆ راوکردنی کەوی کێوی .

*– مەگیرانی لەمانگی یەکەم و دووەمی سك پڕی ، ژنان دڵیان تێك دەچێ ،کەم ئارەزووی خواردن دەکەن ،ئەو ماوەیە حەزو ئارەزوویان زیاتر بۆ خواردنی ترش دەچێ ، ئەو حەزە مەگیرانی پێدەڵێن .

*– مەتکەب : مەکتەب ، قوتابخانە ، خوێندنگا .

*– مەدۆ : کورت کراوەی ناوی ئەحمەدە .

*– مەدەد : فریام کەوە ،داوای یارمەتی لەشێخانی تەریقەت .

*– مەرازە :گەرو هەڵستان .

*–مەرەز : جۆرێکە لە بزن و نێری ، بالآیان زۆر بڵند نیە وەکوو بزنی ئاسایی ،مووی ئەو جۆرەیە دەپەشترێ و دەکرێتە رانك و چۆغە.

*– مەڕزن جۆش : گیایەکی بەهاریە بۆ دەرمان بەکاری دێنن .

*– مەرس :گای بنە لەگێرەدا ، عاجزبوون ، سەرسام بوون .

*– مەروونە : ئەو رێکارە جاران زۆر باو بوو ، کارێکت دێتە پێش و پارەت نیە ، هەڵدەستی زەویەکت هەیە دای دەچێنی ، هەندێ پارە لەکەسێك وەردەگری ، لەرانبەردا بۆ ماوەی چەند ساڵێك کە رێك کەوتوون ، بەرهەمی ئەو زەویە ، واتا ئەو گەنم و جۆیەی کە بەرهەمیتی ، دەبێ بدرێتە خاوەنی ئەو پارەیەی کەلێت وەرگرتووە ، ئەوە (مەروونە) ی پێدەڵێن .ئەو وشەیەش لە وشەی (مرهونە) عەرەبیەوە وەرگیراوە .

*– مەمرەو مەژی : ژیانێکی کوولەمەرگی ،ژیانی هەژاران ، ژیانێکی ناخۆش.

*– مەعبەین : نێوان ، مابەین .

*– مەلەکان : یەکەم گوندی خۆشناوانە لەباکوورەوە ، ئێستا هاوینەهەوارێکی بەناو بانگە .

*– مەلۆك :گوندێکە سەربە ناحیەی بێتواتە .

*– مەشۆکە : پیرە کەر ، بەو گوێ درێژانە دەوترێ کە پیرو کەنەفت بوونەو ناتوانن وەکوو جاران باربەرن.

*–مەغۆ : سووك کردنی ناوی مەغدیدە .

*– مکارە : ئامێری دار کۆڵین .

*–مگێز : حەزو ئارەزوو .

*– مجێور : ئەو کەسەی کە خزمەتی مزگەوت دەکات .

*– مس : بزن و گیسکی بناگوێ دوو رەنگ .

*– مسێ : بۆ بانگ کردنی مسری .

*– مسکی : واتا شەدە .

*– مستۆ : سووك کردنی ناوی مستەفایە .

*– مچە : سووك کردنی ناوی مستەفایە .

*– مشایێخی : کاتێك هەرمێ نەرم بووە،.

*– مشایەخ : لەگەڵ شێخ دا بەکار دێ ، ئەڵێن شێخ و مشایەخ ، مشەقەتی : ماندووبوون و ئەزیەت کێشان .

*– مشەڕەت : ناردن بۆ دۆزەخە.

*– مشەمما : وەکوو خێمە وایەو ئاو نادات ،جاران کاروان چیەکان لەسەر باری ولاّ غیان دادەنا ، بۆ ئەوەی باریان تەڕ نەبن .

*– مشتاغ : راستکردن و ڕێك خشتن و پاك کردنەوەی پارچەیەك لە زەوی ،بۆ دانانی تریێ لەسەری ، بۆ ئەوەی وشك ببێ و ببێتە مێوژ، هەروەها بۆ وشك کردنی تووتنیش بەکاریان دەهێنا .

*– مغەیری : لەوشەی غاری عەرەبیەوە هاتووە ، بەواتای ئەشکەوت دێ ، لە حەکایەت و ئەفسانەی کوردی ناوی هاتووە .

*– مۆنە : ڕوو گرژو تووڕە .

*–مۆتە : بەرزاییەکە لەدۆڵی بالیسان ، کەوتۆتە نێوان گوندەکانی (شێرە و هەرمك).

*– مۆدنە : بڕینی قەدەکانی دار بەڕوو ، بۆ ئەوەی دارەکە زۆر گەورە نەبێ .

*– میراوە : گوندێکە لەنزیك شەقلاّوە .

*– مێدڕەوە : مەحەججەرەی لێواری سەریان .

*– میل : ڕاوچیەکان هەندێ بەرد لەسەر یەك دادەنێن ،یان هەندێ چڕۆی لەسەر دادەنێن ، بۆ خۆ شاردنەوە ، بەمەبەستی ڕاوکردن.

*– میرووسی : میر یوسف ، یەکێك لەکوڕەکانی (میر ئەمبێز) بووە ، حوکمی بەشێکی خۆشناوەتی کردووە .

*– میرووسی : گەڕەکێکی ناحیەی بالیسانە ، هەربەناوی میر یوسفی کوڕی ئەمبێز کراوە .

*– مێنـەك : کـاروان چـیەکان کـاتی خـۆی ، کـەرێکیان لەگـەڵ خـۆ دەبـردە کـاروانی ، کەلوپـەلی پێویسـتیان لی بـار دەکـرد ، بەخۆشیان لێی سوار دەبوون .

*–مێرگەسەر : گوندێکە لەسەر ڕێگای بالیسان و بێتواتە .

*– مرداو :ئاوێکی کەم کانیەك ئاوی زۆر کەمی لەبەر بڕوا.

*– مردۆخە : لەڕولاواز ،سیس و بێ توانا ،پیاوی نابووت .

*– مریشکاویلکە :باڵندەیەکی مـل درێـژەو لـەنزیك گۆماوەکـان وردە ماسی ڕاو دەکات .

*– مریشکە ڕەشە : گەیشـتن بەمەبەسـت ،تێگەیشـتن و گەیشـتن بـە بنج و بناوانی مەبەستێك .

*– مریّ : بۆ بانگ کردنی مریەم .

*– مریلە :مەریەمی گچکەی ژیکەلە .

*– مرۆکە :مەریەمی یەستەزمامی ماڵ وێران .

*– مرخە لێخۆشکردن : حەزلێکردن و تەماعی تێوە کردن .

*– مرخیش مرخێش : هەناسە تـەنگی و هەناسـواری یـەکێك بـارێکی قورسی هەڵگرتبیّ .

*– مرقاندن : دەنگ لێوەهاتنی نێری ، لەکاتی پەلاماری بزن دەدات، پێش جووت بوونی .

*– مروەت : خولق ، بیّ توانا ، ناپیاو .

*– مرۆ : مرۆڤ ،بنیادەم ، ئادەمی ، پیاو .

*– مزاش : لەجیاتی پارە بڕێك گەنم دەدریّ بە ئاشەوان .

*-- من : کەلا ، یان ئەو پارەیەی لە ماتـانیٚ و کـەلایانیٚ دادەنـریٚ ، خاوەنی کەلا.

*- مناوەرە : تەقەکردنێکی زۆر ، راهێنانی سەربازی .

*- منەمن : قسەی بن لێوان ، کەس تێی نەگات .

*-منیٚ : منەت ،حەزکردن ،یەکێك کارێکی بەدڵ بیٚ .

*- میٚ پێش : نەیەیتە پێشەوە .

*-مەدریس : کۆڕ، مەجلیس .

*- مەکس : کپ کردن ، بێدەنگ کردن .

*- مۆر بوون : مۆڵ بوون ، نووستنی مێگەل .

*- مۆرگە گاڕان : شوێنی نووستن و پشوودانی گاڕان .

*- مەشقەڕی : گڕی ئاگر ،گەو ەیی و هەڵسانی گڕی ئاگر.

*-مەلەوچە : زۆر مەڵیٚ ، گۆتە گۆتیٚ مەکە ، قسان زۆر مەکە .

*-مردار : ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان دەخوریٚ ، کاتیٚ کـە دەمـرن ، ئەڵێن مردار بوون .

*- مرووده : بەبێی یەك نەحاوانەوە ، ئاڵوەدای یەك بوون..

*- مەستە دان : یاپراغی پڕ لەدان ، زێدەدان .

ن

*– نابووتی :یەکێك دەوڵەمەندبێ و دواتر نەبوونی رووی تێ بکات ،یان یەکێك باری دارایی باش نەبێ.

*– ناجسن : نارەسەن ،

*– نازەنین : گوندێکە لە نزیك هیران ، بەهەنار بەناوبانگە.

*– ناوبۆك : ئەو دوو دارەی کەلەسەر مەشکەوە بەستراون .

*– ناورانەوە :یەکێك زۆر بە ئازاربێ ، یان باسی نەبوونی خۆی بکات.

*– ناوکردن :ناوبانگ دەرکردن ،بەناو بانگ بوون .

*– ناو گڕك :ئاگردانی دیوەخان و مزگەوت .

*– ناو دارۆکان : گوندێکە لەبناری سەفین ،لەسەرەتای دۆڵی سماقولی .

*–نان دین : ئەو شوێنەی نانی لێ ئامادە دەکرێ، یان شوێنی نان کردن .

*– نان و زگ : کارکردن بەبێ کرێ ، تەنها ئیشکردن لە پێناو نان خواردن .

*– ناشکور : سپڵەو پێنەزان ،بێنمەك.

*–ناسکەنان :ئەو کولێرەیەی کەبەرۆنی ئاژەڵ دەکرێ ،لەسەر ساج دەی برژێنن ،.

*– ناقایل : ناڕازی ،.

*– ناقۆرا : یەکێك زۆر خۆی بەگەورە بزانێ.

*– ناگوزووری : هەژاری ، نەبوونی ، ماڵ وێرانی ،.

*– نارەنار : ناڵەناڵ ، یەکێك نەخۆش بێ و هاوارهاوار بکات .

*–ناوپیستێر : ئەو بەشەی شلوار یان پانتۆر،کەدەکەوێتە نێوان هەردوو رانی مرۆڤ.

*–ناو و ناتۆر : ناوی ناڕەوا لەخەڵك نان ،یەکێك نازاناوی خراپی بۆ دابنێن .

*– ناوبرێشك : ئەو دارە پانەی کەنانی لەسەر ساج پێوەردەگێڕن .

*– نابێرم : ناهێڵم ، نایەڵم ،لێناگەڕێم .

*– ناسك : جۆرێکی باشی گوێزە .

*– نووردیەنان : نان دوای کردن ،پارچان دنەوەو لەسەر یەك دانان ، چەند نانێك پێچانەوە و لەناو پەرۆیەك نان ،ئنجا بردنی بۆ شوان و جوتیارو ئیش کەر .

*– نۆین : ئاوەرشۆ.

*– نسێ : سێبەر سایە .

*– نسیبەت : کارەسات ، موسیبەت .

*– نشێو : لێژ، سەربەرە ژێر.

*– نقەنق : کەسێك بارێکی گرانی لەسەر پشت یان ملی بێ ،دەنگێکی لێوەدێت .

*– نەقوستان : کەمو کوڕی ، کەم ئەندام .

*– نمەك : بریتیە لەخواردنی شتێك لەماڵی کەسێك .

*– نمەك کردن : خواردنی نانی کەسێك ..

*– نمەك گیر : تووشی بەلاّ هاتن لەسزای بێ ئەمەکی و سپڵەییدا .

*– نمەك حەرام : سپڵەو بێ نمەك .

*– نیمدەر : رایەخێكی بچووك .

*– نیرگە : ئەو دارە گەورەیەی لەسەر دیواری دادەنێن و دارەكانی تری دەچنە سەر .

*– نێوە : گوندێكە لە سنووری بێتواتە .

*– نووسەك : جۆرە درکێكە بەجلوبەرگەوە دەنووسێ ، ناوەكەی بەخۆ وەیە .

*– نووسەك چیایەكە لەرۆژهەلاتی گوندەكانی چیوەی سەروو و خواروو.

*– نواوە : گوندێكە سەربە ناحیەی بێتواتە .

*– نوانەوە : تاوانەوە ، خوسانەوە .

*– نووزەنووز : گریانی منداڵ ، كەزۆر بخایەنێ .

*– نۆبەرە : یەكەم منداڵی دایك و باوك.

*–نۆشی گیانت بی : عاقیێتت بێ.

*– نۆشی كە : بیخۆرەوە .

*–نووساندن : لكاندن .

*– نووكە نووك : گریانی بەناڵاندنەوە ، گریانی بەدەنگ .

*– نەبادا : نەوەكوو .

*– نەقۆرا ، زۆرزان ، فێڵباز ،.

*– نەبان : ئەو ئاژەڵانەی كەلەسەر بێچوەكانیان ناوەستن و نایەڵن شیریان بخۆن .

*– نەدیتە : كڕین و فرۆشتن بەبێ ئەوەی كاڵاكە ببینرێ.

*– نەدیت کژکە : دنیا نەدیتە ، هیچ نەدیتە ،نەشارەزا ،نەدی و بدی .

*– نەرپنایش : دێلەدێو ، ژنی بالآبەرزی نەقۆلا.

*– نەزۆك : ئەو مێیانەی کە بێچوویان نابێ.

*– نەمرونەژی : ژیانێکی ناخۆش ، لەنێوان مردن و ژیان دا.

*– نەوێرۆك : ترسەنۆك ،.

*– نەوەکینێ : نەوەکوو ،مەبادا.

*– نەوەکوونێ : نەوەکوو ، مەبادا.

*– نیقاش : جل و بەرگ .

*– نیقاب : پەردە .

*– نیشاو : دۆڵێکی دوورو درێژە لەبناری کلاّو قاسم .

*– نووسکە نووسك : دەنگی گوجیلەی سەگ .

*– نیوشك :رۆنی مەشکە، رۆنی ئاژەڵ.

*– نزار : نسار ، ئەو شوێنەی کە ئێواران هەتاوی پێناکەوێ .

*– نزار : شوێنی لێژو سەربەرەو ژێر .

*–نۆرینگە : شوێنی چاودێری کردنی گورگ لەسەر شوێنێکی بەرز ، بۆ دەست نیشان کردنی ئاژەڵ، بۆ ئەوەی شەو هێرشی بۆ بیات.

*– نیفۆ : نیفۆی شەرواڵ ، ئەو شوێنەی کە دۆخینی تێهەڵ دەکێشرێ .

هـ

*– هارێکە : بۆ دەست خۆشیکردن بەکار دێ . ئەگەر یەکێك کارێکی کەسی بەرامبەری بەدڵ بوو ، ئەوا دەڵێ هارێکە ، واتا دەست خۆش .

*– هاممەتێ : هەمان مانای هەیە ، واتای دەستخۆشی دەگەیەنێ ، ئافەرین .

*– ها ئاهاتم : هەر ئێستا وا دێم .

*– هانێکە : ها بیگرە ، ها ئەوەتا .

*– هاوار : جاران زستانان کەبەفر زۆر دەکەوت ،ئەوانەی لەرێگابوون و رێیان لێدەگیرا ، هاواریان دەکردو خەڵکی گوندەکان بەهانایانەوە دەچوون .یان تەقەیان دەکرد ، بۆ بەهاناوە چوون.

*– ها ئی کووی ؟: پرسیار کردنە لە پیاوێك ، هاچۆنی .

*– ها ئەکووی ؟: پرسیار کردنە کە ژنێك ، هاچۆنی ؟.

*– ها دەرێی ئی نەخۆشی ؟: ها ئەڵێی نەخۆشی ؟،بۆ نێر .

*– ها دەرێی ئەنەخۆشی ؟: بەهەمان شێوە ، بۆ مێ.

*–هاڕژن : قوڵپی گریان ، گریانی بەدەنگ .

*– هاتمۆ کنت : هاتمەوە لات ، گەڕامەوە لات .

*– هاڕاند : هاواری کرد ، بانگی کردن .

*– هاڕاند : وردی کرد، هاڕی ، کردیە ئارد.

*– هەرزارە : کەپرێك بۆ ئەوە دروست دەکرێ تاکوو تووتنی لەسەردا بنێن ، بۆ وشك بوون .

*– نەدیت کۆکە : دنیا نەدیتە ، هیچ نەدیتە ،نەشارەزا ،نەدی و بدی .

*– نەڕنایش : دێڵەدێو ، ژنی بالآبەرزی نەقۆلاً.

*– نەزۆك : ئەو مێیانەی کە بێچوویان نابێ.

*– نەمرونەژی : ژیانێکی ناخۆش ، لەنێوان مردن و ژیان دا.

*– نەوێرۆك : ترسەنۆك ،.

*– نەوەکینێ : نەوەکوو ،مەبادا.

*– نەوەکوونێ : نەوەکوو ، مەبادا.

*– نیقاش : جل و بەرگ .

*– نیقاب : پەردە .

*– نیشاو : دۆڵێکی دوورو درێژە لەبناری کلآو قاسم .

*– نووسکە نووسك : دەنگی گوجیلەی سەگ .

*– نیوشك :ڕۆنی مەشکە، ڕۆنی ئاژەڵ.

*– نزار : نسار ، ئەو شوێنەی کە ئێواران هەتاوی پێناکەوێ .

*– نزار : شوێنی لێژو سەربەرەو ژێر .

*–نۆڕینگە : شوێنی چاودێری کردنی گورگ لەسەر شوێنێکی بەرز ، بۆ دەست نیشان کردنی ئاژەڵ، بۆ ئەوەی شەو هێرشی بۆ ببات.

*– نیفۆ : نیفۆی شەرواڵ ، ئەو شوێنەی کە دۆخینی تێهەڵ دەکێشرێ .

هـ

*– هارێکە : بۆ دەست خۆشیکردن بەکار دێ . ئەگەر یەکێك کارێکی کەسی بەرامبەری بەدڵ بوو ، ئەوا دەڵێ هارێکە ، واتا دەست خۆش .

*– هاممەتێ : هەمان مانای هەیە ، واتای دەستخۆشی دەگەیەنێ ، ئافەرین .

*– ها ئاهاتم : هەر ئێستا وا دێم .

*– هانێکە : ها بیگرە ، ها ئەوەتا .

*– هاوار : جاران زستانان کەبەفر زۆر دەکەوت ،ئەوانەی لەرێگابوون و رێیان لێدەگیرا ، هاواریان دەکردو خەڵکی گوندەکان بەهانایانەوە دەچوون .یان تەقەیان دەکرد ، بۆ بەهاناوە چوون.

*– ها ئی کووی ؟: پرسیار کردنە لە پیاوێك ، هاچۆنی .

*– ها ئەکووی ؟: پرسیار کردنە کە ژنێك ، هاچۆنی ؟.

*– ها دەرێی ئی نەخۆشی ؟: ها ئەڵێی نەخۆشی ؟،بۆ نێر .

*– ها دەرێی ئەنەخۆشی ؟: بەهەمان شێوە ، بۆ مێ.

*–هاڕژن : قوڵپی گریان ، گریانی بەدەنگ .

*– هاتمۆ کنت : هاتمەوە لات ، گەڕامەوە لات .

*– هاڕاند : هاواری کرد ، بانگی کردن .

*– هاڕاند : وردی کرد، هاڕی ، کردیە ئارد.

*– هەرزارە : کەپرێك بۆ ئەوە دروست دەکرێ تاکوو تووتنی لەسەردا بنێن ، بۆ وشك بوون .

*– هەر نەزەلی : هەڵ نەخلیسکێی ، بەرنەبیەوە .

*– هەرمیشك : تێکەڵ کردنی وردکە نان لەگەڵ دۆشاو .

*– هەرتەل : گوندێکی گەورەو مێژوویی یە لە سنووری بێتواتە .

*– هـەراخنین : پڕکردنـی گوشـێك لـەکا یـان هـەر شـتێك بـێ ، تێپەستین،.

*– هەرمك : گوندێکی کۆنی سنووری بێتواتەیە .

*–هەر پەچوین : خواردنی قوڕس لە گەدە دەمێنێتەوە ،

*– هەترەقان : نزایەکە دایك بۆ منداڵەکـەی دەکـات ،وەکـوو (وەی هەترەقێم لۆتوو) .واتا لەپاڵ یەك هەڵوەشێم ، پارچە پارچەبوون .

*– هەرووتی : عەشیرەتێکن لە سنووری ناحیەی خەلیفان .

*– هەزوا : دەرمانی تایبەتی منداڵانە ،بەتایبـەتی منـداڵی سـاوا ،کـە زۆر بگریـێ ،بـەو دەرمانـە ژێـر دەبێتـەوەو لەچـەند رووەکێـك دروستی دەکەن .

*– هەنیە : نێوچەوان .

*– هەندرێشە : سەوزەیەکی بەهارەی خۆڕسکە ، لەچیاکاندا دەڕوێ ،رەغبەتی زۆری لەسەرە .

*–هەنگینێ : ئەو کاتی ،ئەو وەختی ، .

*– هەوك :گەروو ، قوڕگ .

*– هەورێ : چیایەکی گـەورەو دوورو درێـژە ، دۆڵـی هـیران و دۆڵـی بالیسان لەیەك جیا دەکاتەوە ،لە بیتوێنەوە دەسـت پێـدەکات و

درێژ دەبێتەوە تاکوو نزیکی سپیلك ، لەهەر شوێنەی ناوێکی هەیە .

*–هەوگیان : خێزانی برای مێرد .دوو ژن کە مێردیان براین ،ژنەکان دەبنە هاوگیان .

*– هەمیێ : کورت کراوەی ناوی هەمین .

*– هەوی : مانگ .

*– هەنارە : گوندێکە لەدەو بەستۆرە .

*– هەندیگاییێ : هەنووکە ،هەر ئێستا .

*– هەنووکە : هەر ئێستا ، هەر ئەلعان .

*–هەپەی لێنا : ئەم زاراوەیە زۆر رەسەنەو ئێستاش لەلای هەندێ کەسی بەتەمەن بەکار دێ ،ئەگەر یەکێك بیەوێ شتێك بفرۆشێ ،کڕیاریش مەبەستی بێ بە هەرزان شتەکەی لەبن دەستان بێنێتە دەرێ ، ئەوا ئەڵێن هەپەی لێنا ، واتا بەهەرزان لەبن دەستانی هێنا دەرێ .واتا قۆڵی بڕی و فێڵی لێکرد.

*– هەڕمان : خەو لێنەکەوتن ، خەو زڕان .

*– هەر زووران : سووتان ، هەڵکڕووزا .

*– هەرگەڕێ : بڕۆ سەرکەوە ،بڕۆ لای سەرەوە .

*– هەینۆك : نەینۆك ، ئاوێنە .

*– هووردەمار : بریتیە لەچەند سەرە بزنێك ، لەگەڵ مێگەل دەکرێ.

*– هوولە : منداڵی زۆر .

*– هوورگ : زگ ، ورگ .

*– هۆدە : ژوور .

*– هۆر : هۆڵ ، شوێنی مەڕو ماڵات .

*– هوورگن : یەکێك ورگی گەورە بێ ،

*– هوورِی : بۆ دەرکردنی ئێسترو ولاَغ بەکار دێ.

*– هێدمە : سەیرکردنی شتێك بەسەرنجی زۆرەوە تێڕامان .

*– هێلە : کاتێك دوو گرووپی دژ بەیەك لەیاری کردن دا ،لایەکیان خۆیان دەشارنەوە ،بۆ ئەوەی پێیان بڵێن وەرن بەدوامانـدا بـۆ دۆزینەوەمان ، ئەڵێن هێلە ، واتا وەرن بەدواماندا.

*– هێرتە : هێرەنگ.

*– هەرکەو : ئەم بنـزارە ئێستاش لەخۆشناوەتی بەکاردێ ،ئەو تاشەبەردانەی ئاویان لەسەر رادەوەستێ ،بەهاران ئاویان لەسەر کۆ دەبێتەوە ،.

*– هەروبوون : تووڕەبوون ، تۆران .

*– هەلاش : ئەو قورەی کەلەنێوان دارەکانی سەر دیوار دادەنێن .

*–هەراش : گەورەبوون ، پێڕاگەیشتن ،

*– هەرامە : هێن ،وانەك .

*– هەربرێنگاندن : دوای باران و بەفرێکی زۆر ، هەور بەرز دەبێتەوە و خۆش دەکات و بارانی لێنایێ.

*– هەرپەساردن : هەڵپەساردن ، هەڵواسین .

*– هەش وەسەر : کابرای ماڵ وێران ،غەریب و بەستەزمان .

*– هەرێز : جۆرە دارێکی کێوی دڕکاویە ،زۆر دەگمەنە .

*–هەرمێن : کالاَیەك باش بفرۆشێ و بازاڕی هەبێ .

*– هەلادی : جارەکەی تر ،ئەوێ جارێ .

*– هەربەخۆینە : کەسی بێگانەمان لانیە ، هەموومان خۆیی نە .

*– هششە وۆش : بۆ راگرتنی ئێسترو گوێ درێژ و ماین و ئەسپ .

*– هێششە : بۆ گێڕانەوەی بزن و مەڕ بەکاردێ .

*– هێران : سەنتەری ناحیەی خۆشناوە لە رۆژهەلاتی شەقلاوە .

*–هیزۆپ : گوندێکە لەکۆتایی ناحیەی سکتان ، سەر رێگای کۆیە و سلێمانی .

*–هەناو کوتکانە : دڵ بەخێرایی لێدان ، ئەوانەی خێرا رادەکەن و ماندوو دەبن .

*– هەنوان : شوێنێك کەمایەی لێ ژیان بێ ، خانوو و بەرە ، ماڵ ،.

*– هەنگڕان : جاران ئەگەر کەسێك زۆر دەوڵەمەند بایە ، ئەیان گۆت :هەندی هەیە (هەنگڕایە) ، واتا هەموو شوێنێکی پارەیە.

*–هەرست : بەشێك لەدەشت کەبەرزاییەکی کەمێك سەخت و دووروو درێژ بێ.

*–هەتا هەرمسسا خواردی : تاکوو پەکی کەوت خواردی ، کەسانی زۆر خۆر.

*– هیچت نێشتۆ : هیچ نەما هەمووت خوارد.

*–هەمووت قلووف کرد : هەموو خواردنت قووت دا .

*–هەی هەرەکەتت لێبڕێ : هەی یاخوا هێزت لە لەشدا نەمێنێ.

*– هەیت و هووت : لەگەڵ پەیدا بوونی شادی و خۆشی باس دەکرێ ،واتا شتی باش و تێرو تەسەڵ .

*–هەرچی بخوا دینێتۆ : واتا نەخۆشەو هەرچی بیخوا یەکسەر دەڕشێتۆ.

*– هەرات : هەلآت .

*– هەڕەت : سەردەم ، وەختیتی .

*– هەلاکۆ : لاچۆ ،ڕێگام بەردە .

*–هەرێن : بەڵێن ، پەیمان .

*– هەرەکەت : لە حەڕەکەتی عەرەبیەوە هاتووە ،توانا ،هێز .

*– هەرەکەتت لێبڕیێ : هێزو توانات تێدا نەمینیێ .

*– هەراوسکان : خۆ پێدا هەڵواسین ، خۆ شۆڕکردنەوە .

*– هەوێز : شوێنی هەڵدانی رەشماڵ ،هەواری رەوەندو کۆچەریان کاتیێ کە دەچنە کوێستانان .

*– هەتك : سووکایەتی پێکردن ، حەیابردن .

*– هەرەتان : بەلآ و نسیبەت .مەترسی

*– هەر بێنیێ : هەر ڕۆژەی ، هەر جارەی .

*– هۆقە هۆق : دەنگی ڕشانەوە .

*– هۆقە : چوار کیلۆ ، کێشێکە .

*–هیربار : قاپ و ملآك .

*–هەرسلاند : گوو پێکردن ، یەکێك خراپ دۆڕابیێ .

*– هەرکەسەکە : لەکاتی کەلایانە هەندیێ جار ڕێك ناکەون ، بۆیە یاریەکە تێك ئەدەن و هەرکەسی پارە یان کەلایەکەی هەڵدەگرێتەوە .

*–هەرمسان : یەکێك زۆری خواردبیێ و لەسەر پشتا لێی کەوتبیێ ، نەتوانیێ هەڵسێتەوە .

*– هەشتا وشت : زشیار ، بەئاگا ، ئاگای لەهەموو شتێکە ، گوێ قوراغ .

و

*– واك : هەرامە ، هین .

*– وانەك : هەرامە ، هین .

*– وارێم : دەڵێم .

*– وارێن : وا دەڵێن .

*– وار کۆر : کەسێك هیچ منداڵی لەدوا بەجێ نەمینێ .

*– واقەواق : دەنگی رێوی و توورگ .

*– وای لێ : هەی دادو هەی هاوار.

*– وای بابە ئیشت کرد: ئای باوکورۆ ئەوە چیت کرد؟.

*– وارێی چ ؟: چی دەڵێی ؟.

*– واکی وەگۆ : فلان وای گوت .بۆ نێر .

*– واکێ وەگۆ : فلانێ وای گوت ، بۆ مێ.

*– وامی لەسەرە : کەسانی دەروون ناتەواو ، واتا جنی لەسەرە.

*– وامداری : ناتەواو ، نەخشی دەروونی ، لەهۆش خۆ چوون ،

*– وەیەرێمێ : پێی دەڵێم .

*– وەم گۆتێ : پێم گوت .

*– وەیانە رێمێ : پێیان دەڵێم .

*– وەی گۆ : وای وت ، وتی .

*– وێیانەگۆ : ئەیان گوت .

*– وێراگەییە : پێگەیشتووە ، یەکێك چاوەڕێی خواردنە .

*– وێم دۆوە : بمدەوە .

*– وێی دە : بیدەرێ .

*– وێی داوە : دایەوە .

*– وێیان داوە : دایانەوە .

*– وێرە راچوو : بێرەدا رۆیشت .

*– وێراهێ داچوو : بەو شوێنەدا رۆیشت ، بۆ دوور.

*– وەیانەگۆ: ئەیان وت .

*– وەبا هاتن : کاتێ دێڵەسەگ کاتی جووت بوونیەتی .

*– وەبــن دانـــەوە : برینێــک دوای چــاك بوونـــەوە ، ســـەرلەنوێ سەرهەڵداتەوە .

*–وەتر : لەوە زیاتر ،واتر .

*– وەپشتێ گەڕا : کەوتە سەر پشت ، لەناکاو بەربووەوە .

*– وەبیرم دێتۆ : بیرم دێتەوە .بیرم هاتەوە .

*– وەبیرت نایێتۆ ؟: بەبیرت نایێ؟، نایەتەوە بیرت ؟.

*– وەبنیداوە : سەری هەڵداوە ، دەستی پێکردەوە .

*– وەجاغ کوێر : کەسێك نەزۆك بێ و هیچ منداڵی نەبن .

*– ودم : پیرۆزی ، ئیجازەی شێخێك کەبە یەکێکی تری بدات ،کەتف و فووی دەرمان بێ ،هەروەها مار بگرێ ، شووشە بخوا ، شمشێر لەخۆی بدات .

*– وشی : هێشووە ترێ.

*– وشی : گوڵە گەنم کۆکردنەوە .

*– وەغەر :سەفەر کردن ، رۆیشتن ، مردن .

*– وەدەرێتەنێن : لەماڵەوە دەرت دەکەن ، دەرت دەکەنە دەرەوە .

*– وەبەرەخۆ راناگا : یەکێك سك چوونی لێبی.

*– وەبەر دمی راچیتۆ : یەکێك لەبەرامبەر گەورەکاندا راست بێتەوەو قسەیان پێ بڵێ .

*– وەسواس : دوو دڵی رارِا ، دڵنیانەبوون لەکردنی ئیشێك ،.

*– وەسمان : کورتکراوەی ناوی عوسمان .

*– وەتمان : هەمان مانا.

*– وەحە : وەهە، لێخورِینی مانگاو جوانەگا،

*– وەختابوو : زۆری نەمابوو ،نزیك بوو ،ئەوەندەی نەمابوو .

*– وەخۆ کەتن : خۆ ئامادەکردن .

*– وەرسوورِاندن : وەرچەرخاندن ، سوورِاندنەوەی شتێك بۆ بینین .

*– وەرەنگازی : نەخۆش ، تادار،دڵ بریندار .

*– ولفەت : هۆگری بوون ،خوو پێوەگرتن .

*–وەم کەوە :بم کەوە ، ئازادم کە ، رزگارم کە .

*– وەنا : وەنیە ؟ وانیە؟.

*– وەیلان : سەرگەردان ، بێچارەبوون .

*– وەیلێ : وەی رۆ، مخابن .

*– وەی لۆ : وتەیەکە بۆ خۆشەویستی، بەرامبەر بە منداڵ دەوترێ.

*– وەی لۆلۆ : سەرەتای لاوك .

*– وەی لێ لێ : سەرەتای لاوك گوتن .

*– وەشان : باران برِان .

*– وەرێ : گوندێکە سەربە ناحیەی بێتواتە ، ساڵی ١٩٨٨ بەچەکی کیمیایی بۆردوومان کرا ، لە ئەنجام دا ٣٥ کەس شەهید بوون .

*– وەرگێـڕۆك :ئەگـەر ژنـەك لەماڵـەوە ئـیش و كـاری پێدەرنەچـێ ،مێردەكەی پێی دەڵێ وەرگێڕۆكەیەكت بۆ پەیدا بكـەم ، واتـا ژنێكی بەسەردا بهێنی ،هەندێ جاریش كچی گچكە وەرگێڕۆكـەی پێدەڵێن ،لێرەدا بەهاوكاری ماڵ دێ .

*–ونكە : گوندێكە لە دۆڵی عەلیاوا .

*– وسكت : بێدەنگ بە ، قسەنەكەی ،.

*– وسكت بوون : بیدەنگ بوون ، كڕبوون .

*– وێرا وێڕا : لەدوای من وەرە ،

*– وسوو : كورتكراوەی یوسف.

*– وراغ : ولاّغ .

*– ورسات : خاوەن چێڵ و مانگای زۆر .

*–وەركەوە : بۆ سەگ بەكار دێ ، كاتێك پێی بڵێی بڕۆ لـەولا بكـەوە یان بڕۆ بنوو .

*– وەخۆ داگۆتن : یەكێك نـەخۆش بـێ ، قسـەی هەلـەق و مەلـەق ، قسەی بێ سەروبەر .

*–وڕێنە : قسەی ناتەواو كردن ،قسەی هەلەق و مەلەق كردن .

ی

*- یالەیلی :بەو کچانە دەوترا کە هەمیشە بۆنی خۆشیان لەخۆیان دەداو بێدڵی خۆیان نەدەکرد.

*- یامنە : لەهەندێ گوند بەکاردێ ، هی منە .

*- یاغر یاغر : هێواش هێواش ، لەسەرخۆو بەهێمنی ،

*- یائەمن یان ئەو : یاخود من یان ئەو .خۆ هەڵدانەوە بۆ شەڕ، کەسێك زۆر توورەببێ لە کەسێکی تر.

*- یخخە : بۆ دەرکردنی بزن و گیسك بەکاردێ.

*- یەختە : ئەسپێك کەبۆ بارکردن بەکار دێت ،نەك بۆ سواری .

*-یەك تەن : تەنهاو بێکەس .

بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوودم لەو کەسانەو ئەو سەرچاوەو ژێدەرانە وەرگرتووە :

*- فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) مامۆستا هەژار ، چاپی سرووش.

*- فەرهـەنگی (مـەلیخا) ئومێـد شـێرکۆ شـاکر مـەجروم ،بـەرگی یەکەم چاپخانە شەهاب ،هەولێر ٢٠١٠

*- بڵاوکـراوەی مانگانـەی (ئـاوێر) کەلـە بالیسـان دەردەچـوو ،٢٣ ژمارەی لێ دەرچوو.

*- هەگبەی زاراوە رەسەنەکان ،حەمید رەشاش ، هەردوو بەرگەکانی : یەکەم و دووەم.

*- بەڕێز دکتۆر کەریم هەرتەلی ،کەچەند جارێك لە (ئـاوێردا) زاراوەی خۆشناوەتی نووسیوە .

*- بەڕێز دکتۆر سەعید حەمید توتمەیی

*- خوا لێی خۆش بـێ حـاجی قـادری عـەولا بـەگی ، دەریایـەك بـوو لەزانیاری .

*- رەحمـەتی کـاك فـەقێ شێخوەسـانی ، کـەتا مـابوو زاراوەی بـۆ دەهێنام، زۆربەی رۆژان تەلەفۆنی دەکرد، زاراوەی نوێی بۆ دەوتم.

*- هاوسـەری ژیـانم ، کـەزۆر هاوکـارم بـوو ، بـۆ بیرخسـتنەوەی زاراوەکان .

*- کاك فرسەت شێخ وەسانی .

*- دایکم : حەلیمە شێخ کەمال سەرانی

*- جێگری کاك فەقێ شێخوەسانی .

سوپاسێکی تایبەت بۆ برای بەڕێزم

(هاوڕێ کاوە کانی بەردی)

کە ئەرکی چـاپکردنی ئەم کتێـبەی گـرتە ئەسـتۆی خـۆی، ئەو کارە ئەچێـتە پـاڵ ئەو•کارە جوانـانەی کە هەمیشـە لەو دەوەشێتەوە..

FERHENGI
DENGARE

موحەممەد جەمال توتمەیی

نووسین لە بواری فەرهەنگ نووسیندا ، کارێکی هێندە ئاسان نییە ، بەڵکو تا بڵێی قورسە و دەبێت زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت بۆ ئەوەی بە ڕێکی و ئەوەی مەبەستتە بیگەیەنیتە کەناری ئارامی و دڵنیایی کە مەبەستەکەت پێکاوە ، لە چاپی یەکەمی ئەو فەرهەنگەدا توانیمان دارێک لەسەر بەردێکدا دابنێین بەڵام سروشتی فەرهەنگ نووسین وایە دەبێت ماوە ماوە بابەتەکانی بژار بکەی و شەن و بێری بکەی و وشە و بنزار و دەستەواژەی لەیادکراو سەرلەنوێ بۆی زیاد بکەی.